ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (495) دووشەممە 2018/2/26 - 7ی ڕەشەمێ 2717 (750) دینار

## نرخی تابلۆ قەدەغەکراوەکە گەیشتە 3600 دۆلار

**ڕووداو- هەولێر**

تابلۆیەکی ئیرۆتیکی کە لەلایەن کچە شێوەکارێکەوە کێشراوە و لە پێشانگایەکی شێوەکاریدا نمایش کرا، کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بەشێک لە خوێندکارانی زانکۆ ڕێیان لە نمایشکردنی گرت و دواتر لابرا، بەڵام ئەم ڕێگرییە بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی تابلۆکە و بەناوبانگبوونی.

شەریهان یونس، تەمەن 21 ساڵ و خوێندکاری دوا قۆناغی بەشی شێوەکاریی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری، لەبارەی پێشانگەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشانگایەکی هاوبەشی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار لەناو زانکۆی گەرمیان کرایەوە، من جگە لە تابلۆی کچی بەر ئاوێنەکە، چوار تابلۆی دیکەشم نمایش کرد... بەلامەوە سەیر بوو کە بەشێک لە خوێندکارەکان ڕێگریان لە نمایشکردنی تابلۆکانم کرد و لابران، بەبیانووی ئەوەی کێشە بۆ ئەخلاقی کۆمەڵگە دروست دەکەن".

دوای ئەو ڕێگرییە، وەک کاردانەوەیەک تابلۆکەی شەریهان خرایە مەزادەوە، شەریهان گوتی: "دوای ئەوەی کڕیار بۆ تابلۆکە پەیدا بوو، خرایە مەزادەوە، ئەوانەی بەشدارییان کردووە کەسانی عەلمانین، چونکە ئیسلامییەکان ئەم تابلۆیەیان پێ گونجاو نییە".

گوتیشی: "تائێستا تابلۆکە 3600 دۆلاری پێدراوە، بەڵام هێشتا کات ماوە بۆ زیادکردنی دیکە و چاوەڕوان دەکەین بزانین کێ نرخی زیاتر دەدات".

2»

نەجمەددین کەریم (بۆ ڕووداو):
### کورد لە کەرکووک چوار کورسی بێنێ گەورەترین موعجیزەیە
5

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:
### کلیلی ژیانەوەی شنگال لەدەست پارتیدایە
7

### هەرێمی کوردستان یەکلایەنە ڕێگای کەرکووک و مەخموور دەکاتەوە
2

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بۆ (ڕووداو):
# هێرۆخان بەرپرسی یەکەمی ئەو دۆخەی یەکێتییە

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:
### ئەگەر یەکێتی دەنگ نەهێنێ کۆسرەت ڕەسوڵ لێی بەرپرسیارە
4-3



ژنان 12
### تەرمی هەشت ئافرەت لە پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێرن


ڕاپۆرت 14
### 630 مامۆستای خوێندنی کوردی ناوێرن بگەڕێنەوە کەرکووک

ئابووری 8
### ساڵانە 500 هەزار موەلیدە دەهێنرێنە کوردستان


ژنان 12
### ددانسازێک دەستدرێژی دەکاتە سەر قوتابییەکی زانکۆ


ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 495 ) - دووشەممە 2018/2/26

## پێنج پێشمەرگە بریندار دەبن

**ڕووداو - کەرکووک**

بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێک لە ڕێگای (گڵە زەردە)ی سنووری پشدەری ئیدارەی ڕاپەڕین، پێنج پێشمەرگە بریندار بوون و برینی دووانیان سەختە. ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند" دوانیوەڕۆی ڕۆژی 2018/2/25 لە لۆفەکانی ڕێگای (گڵەزەردە) کە ڕێگای پشدەر- ڕانیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئۆتۆمبێلێک وەرگەڕاوە، بەهۆیەوە پێنج پێشمەرگە بریندار بوون. گوتیشی "برینی دوو لە پێشمەرگەکان سەختە و ئێستاش لە نەخۆشخانەی قەڵادزێ چارەسەر دەکرێن". ماوەی چەند مانگێکە ڕێگای سەرەکی نێوان ڕانیە- پشدەر لە ڕێگای دەربەند فراواندەکرێت، بەو هۆیەوە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەو ڕێگایە گواستراوەتەوە بۆ ڕێگای گڵە زەردە.



# هەرێمی کوردستان یەکلایەنە ڕێگای کەرکووک و مەخموور دەکاتەوە

**ڕووداو - هەولێر**

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی ئەم هەفتەیە ڕێگاکانی هەولێر – کەرکووک و هەولێر – مەخموور بکەنەوە، بەڵام نازانێ هەڵوێستی بەغدا چۆن دەبێ.

د.تارق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "بڕیارمانداوە تاوەکو ئەم پێنجشەممەیە ڕێگای نێوان هەولێر- کەرکووک و هەولێر- مەخموور بکەینەوە".

گوتیشی: "ئێستا ئامادەکاری دەکەین بۆ ئەوەی بازگەکانی ئاسایش لەسەر ئەو ڕێگایانە دابنێین، دوای تەواوبوونی ڕێکارەکان تاوەکو پێنجشەممە ڕێگاکان دەکەینەوە". ئەو بڕیارەی هەرێمی کوردستان تاکلایەنەیە و د.تارق نووری نازانێت هەڵوێستی بەغدا چۆن دەبێت.

کردنەوەی ئەو ڕێگایانە دوای ئەوە دێت کە هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر داوای لە هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان کردبوو ڕێگاکان بەڕووی هاتوچۆی هاووڵاتیاندا بکەنەوە. دواتر سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر نووسراوێکی ئاراستەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و داوای کرد چارەسەرێک بۆ گرفتی ڕێگاکانی هەولێر - کەرکووک و هەولێر- مەخموور بدۆزرێتەوە.

عەلی ڕەشید، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، ڕۆژی یەکشەممە 2018/2/25، دوو نووسراوی ئاراستەی هەریەک لە سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد. لە بەشێکی نووسراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە داخستنی ئەو دوو ڕێگایە هاووڵاتیانی تووشی نیگەرانی و بارگرانی زۆر کردووە، زۆرجاریش بووەتە هۆی مەترسی بۆ سەر گیانی خەڵکی بەتایبەت کەسانی نەخۆش.

لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە، داخستنی ئەو ڕێگایانە بووەتە هۆی وەستاندنی کاری بازرگانی، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کراوە چارەسەرێک بۆ ئەو گرفتە بدۆزێتەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر داوای کردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێریشی لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە.

لەدانیشتنی ڕۆژی سێشەممە 2018/2/20 ی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێردا، بە کۆی دەنگ داوای کردنەوەی ڕێگاکانی هەولێر- کەرکووک و هەولێر- مەخموور کرا.

لە 16 ی ئۆکتۆبەری 2017 کاتێک حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێرشیان کردە سەر کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، ڕێگای هەولێر- کەرکووک و هەولێر- مەخموور داخران و تاوەکو ئێستاش نەکراونەتەوە.

هەفتەی ڕابردوو کەمال کەرکووکی، بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک لەبارەی کردنەوەی ڕێگاکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە سەرەتای هەفتەی داهاتوودا ڕێگای نێوان هەولێر- کەرکووک و هەولێر- مەخموور و تەواوی ئەو ڕێگایانە دەکرێنەوە کە پەیوەندییان بە ژیانی هاونیشتمانییانەوە هەیە."

گوتبووشی: "هێزەکانی پێشمەرگە بەمەبەستی پاراستنی شوێنەکان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە".

لەبارەی ئەوەی حکومەتی عێراق تاوەکو چەند بەدەم کردنەوەی ڕێگاکانەوە دێت، کەرکووکی گوتی :"ئێمە لەلای خۆمانەوە ڕێگاکان دەکەینەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان".

تاریق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر دەڵێت: "ئێمە هۆکاری داخستنی ئەو ڕێگایانە نین. ئەو ڕێگایانە بەهۆی شەڕەوە تێکچوون. بەتایبەت ڕێگای هەولێر- کەرکووک لە نزیک شارۆچکەی پردێ تێکچووە و پردەکە تەقێنراوەتەوە. پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا حکومەتی عێراق ئەو ڕێگایە چاکبکاتەوە".

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر باسی لەوەش کرد کە تەنیا چاککردنەوەی پرد و ڕێگاکان نابێتە هۆی کردنەوەی ڕێگاکان و گوتی: "بۆ کردنەوەی ڕێگاکان و ئاساییبوونەوەی هاتوچۆ پێویستە حکومەتی عێراق چەند هەنگاوێک بنێت، لەوانە کردنەوەی فڕۆکەخانەکان و نەمانی ئەو دۆخە سەربازییەی لە مەخموور و پردێ دروستیکردووە. هەر کاتێک حکومەتی عێراق ئەو هەنگاوانەی نا، ئەوکاتە کردنەوەی ڕێگاکان ئاسانە".



# نرخی تابلۆ قەدەغەکراوەکەی گەرمیان گەیشتە 3600 دۆلار




**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

تابلۆیەکی ئیرۆتیکی کە لەلایەن کچە شێوەکارێکەوە کێشراوە و لە پێشانگەیەکی شێوەکاریدا نمایش کرا، کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا و بەشێک لە خوێندکارەکانی زانکۆ ڕێگرییان لە نمایشکردنی تابلۆکە کرد و دواتر لابرا، بەڵام ئەم ڕێگرییە بووە هۆی ئەوەی نرخی تابلۆکانی شێوەکارەکە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیاد بێت و بشخرێتە مەزادەوە.

شەریهان یونس خزر، تەمەن 21 ساڵ، خاوەنی تابلۆ ڕەتکراوەکە و خوێندکاری دوا قۆناغی بەشی شێوەکاریی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری و دانیشتووی کەلارە، شەریهان لەبارەی پیشانگەکە و تابلۆکانی بە (ڕووداو)ی گوت: "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێشانگایەکی هاوبەشی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار لەناو زانکۆی گەرمیان کرایەوە، من لە پێشانگاکەدا جگە لە تابلۆی کچی بەر ئاوێنەکە، چوار تابلۆی دیکەشم نمایشکرد کە دوویان تابلۆی سرووشت و دووانیشیان کچ و کوڕێک بوون، بەڵام بەلامەوە سەیر بوو کە بەشێک لە خوێندکارەکان ڕێگریان لە نمایشکردنی تابلۆکە کرد و لابران، بەبیانووی ئەوەی تابلۆکان کێشە بۆ ئەخلاقی کۆمەڵگە دروست دەکەن".

خاوەنی تابلۆکە

## بە تابلۆیەک ئاستی ڕۆشنفکریی ناوەندێکی مەعریفیم خستە ژێر پرسیارەوە



شەریهان هاندانی خێزان و هاوڕێکانی و پشتگیریی مامۆستاکەی لەبیرناکات و دەڵێت: "دوای ئەو پشتگیرییەی لە خێزانەکەمەوە بەدەستمهێنا، هەروەها کاتێک مامۆستای بەشەکەم پێشنیازی کارەکەی بۆ کردم، ئەم بوێریەم کرد و بەخۆشحاڵی و متمانەبەخۆبوونەوە قبوڵم کرد و تابلۆکەم کێشا".

لەبارەی ئەو پەیام و ئامانجەی ویستوویەتی لەڕێگەی ئەو تابلۆیەوە بیگەیەنێت، شەریهان گوتی: "ڕووتبوونەوەی جەستە لە تابلۆیەکدا پێیدەگوترێت ئیرۆتیک، پەیامیشم لەم کارە جیاکردنەوەی تابلۆ بوو لە وێنەی سێکسی و وروژێنەر، هەروەها دەست خستنە سەر ئەو برینانەی بەهۆی کۆمەڵگاوە ڕووبەڕووت دەبنەوە، ڕاستە شەرم لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا زۆر زاڵە، بەڵام متمانەبەخۆبوون وای لێکردم بەسەریدا زاڵ بم و پەنجەکانم شەرمیان بشکێت، خەونی منیش هەر بەرقەراربوونی جوانی و ئازادییە".

دەشڵێت: "دڵخۆشم و پێموایە بە تابلۆیەک ئاستی ڕۆشنفکریی ناوەندێکی مەعریفیم خستووەتە ژێر پرسیارەوە".

شەریهان خۆی کچێکی تاڕادەیەک باڵاپۆشە و لەچک لەسەر دەکات، بۆیە ڕەخنەی زۆری لێگیرا کە بۆ ئەم جۆرە تابلۆیانەی کێشاوە؟ لە وەڵامدا شەریهان دەڵێت "ئەم ستایلەی خۆم بە حیجاب نازانم، جگە لەوەش لە سەرکردنی لەچک و ستایلی من، پەیوەست نین بە جۆری کارکردنمەوە، چونکە بەدەر لە ئیرۆتیک، چەندین کاری دیکە و جۆراوجۆرم هەبووە، ئەم تابلۆ ئیرۆتیکیەشم مانای ئەوە نییە من هەر کاری ئیرۆتیک دەکەم".

کچە خوێندکارەکە پێشتریش تابلۆی ئیرۆتیکی کێشاوە، ئەو گوتی "ئەگەرچی ڕێگری لە کارەکەم کرا و ڕەخنەشم زۆر لێگیرا، بەڵام تائێستا هیچ هەڕەشەیەکم ڕووبەڕوو نەبووەتەوە، یەکەمجاریشم نییە کاری لەم شێوەیە بکەم، بەڵام یەکەمجار بوو کاردانەوەیەکی وەها بەدوای خۆیدا بهێنێت".

### نرخی تابلۆکانی گەیشتنە 3600 دۆلار

دوای ڕێگری بەشێک لە خوێندکارەکان، وەک کاردانەوەیەک تابلۆکەی شەریهان خرایە مەزادەوە، لەبارەی ئەوەش شەریهان گوتی "دوای ئەوەی کڕیار بۆ تابلۆکە دروستبوو، خرایە مەزادەوە، ئەوانەی بەشدارییان لە مەزادەکە کردووە کەسانی عەلمانین، چونکە ئیسلامییەکان ئەم تابلۆیەیان پێ گونجاو نییە". گوتیشی "تائێستا تابلۆکە 3600 دۆلاری پێدراوە، بەڵام هێشتا کات ماوە بۆ زیادکردنی دیکە و چاوەڕوان دەکەین بزانین کێ نرخی زیاتر دەدات بە تابلۆکە".

ئافرەتێکی کوردی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی داعش:

# لەترسی جینۆسایدێکی دیکە ناگەڕێمەوە عێراق

**ڕووداو- هەولێر**

فەریدە عەباس خەڵەف یەکێک لەو هەزاران ئافرەتە کوردە ئێزدییەیە کە چەکدارانی داعش لە ئابی 2014دا ڕفاندیان و دەستدرێژییان کردووەتە سەری. ئەوکات فەریدە تەمەنی تەنیا 18 ساڵ بووە و زیاتر لە سێ ساڵ دوای هێرشەکان پێیوایە نەمانی داعش بەو مانایە نییە کە عێراق ئیدی وڵاتێکی پارێزراوە و گونجاوە بۆ گەڕانەوەیان.

فەریدە کە خەڵکی گوندی کۆچۆیە، بە ئاژانسی فرانس پرێسی گوت "هیچ شتێک نەگۆڕاوە، هەمان ئەو کەسانەی چووبوونە ناو داعش، ئێستا لەو گەڕەکانەن، چۆن دەکرێت جارێکی دیکە متمانەیان پێبکەین و بگەڕێینەوە؟ کێ دەتوانێ گەرەنتی ئەوەمان بداتێ کە جارێکی دیکە گرووپێک بەناوێکی دیکەوە جینۆسایدمان ناکاتەوە؟".

فەریدە کە کتێبێکی بەناوی "ئەو کچەی شکستی بە داعش هێنا" نووسیوە، لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەکی لوتکەی بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ گوتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە خێزانەکەی هیچکات چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد داعش هێرش بکاتە سەر گوندەکەیان، چونکە "ئێمە زیانمان بۆ کەس نەبوو، ئازاری هیچ کەسمان نەدابوو، تەنیا دەمانویست بە ئارامی بژین".

بەڵام داعش لە ڕۆژی سێی ئابی 2014 هێرشی کردە سەر گوندەکەیان کە دەکەوێتە باکووری ناوچەی شنگال. کاتێک چەکدارانی داعش گەیشتنە ناو گوندەکە، داوایان لە دانیشتووانی گوندەکە کرد ببنە موسڵمان، ئەگینا ئاکامی قورس چاوەڕێیان دەکات. فەریدە بەم جۆرە باس لە ڕووداوەکانی دواتر دەکات: "هەموومانیان لە گوندەکە کۆکردەوە و داوایان کرد ببین بە موسڵمان، بەڵام ئێمە قەبووڵمان نەکرد، ئەوانیش دەستیان بە کوشتنی پیاوەکان کرد".

باوک و برایەکی فەریدە لە نێو ئەو 450 پیاوەدا بوون کە داعش لەو ڕۆژەدا کوشتنی.

### بازاڕی کۆیلەکان

سەبارەت بە ڕووداوەکانی دواتر، فەریدە بە ئاژانسە فەرەنسییەکە دەڵێت: "کاتێک ئێمەیان گرت (واتە کچ و ئافرەتە ئێزدییەکان)، هەموو شتێکیان پێمان کرد، دەستدرێژییان دەکردە سەر کچی هەشت ساڵانیش".

فەریدە بۆ یەکێک لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە گوازرابووەوە، وەکوو خۆی دەگێڕێتەوە "چەکدارەکان هەر کەسێکیان ویستبا دەیانبرد، وەکوو بڵێی لە سوپەرمارکێتێک بن، یان خەریکی کڕینی ئاژەڵ بن".

سەرەڕای هەموو ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونییەکان، فەریدە هەوڵی دابوو ورە و هێزی خۆی لەدەستنەدات، تەنانەت ورەی بە کچ و ئافرەتە بەندکراوەکانی دیکەش دابوو، وەکوو خۆیشی دەڵێت هەموو کات بیری لە ڕاکردن دەکردەوە، ئەو هیوایەی دوای چوار مانگ بە هۆی قفڵنەدانی یەکێک لە دەرگاکان وەدیهات. ئەو ڕۆژە فەریدە و ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی ئێزدی توانیان ڕابکەن و فەریدەش دواجار ڕووی لە ئەڵمانیا کرد. ئەڵمانیا 1000 کوردی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی داعشی وەکوو پەنابەر وەرگرتووە و هاوکاریی دەروونی و کۆمەڵایەتییان پێشکەش دەکات.

### هێنانی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا

ئێستا ئافرەتە ئێزدییەکە هەموو هەوڵەکانی خۆی لەسەر ئەوە چڕکردووەتەوە کە جینۆسایدەکەی داعش لە دژی کوردی ئێزدی دانی پێدا بنرێت و "چەکدارانی داعش بهێنرێنە بەردەم دادگا". فەریدە جەخت لەوە دەکاتەوە شکستی سەربازیی داعش بەس نییە بۆ ئەوەی برینەکانیان سارێژ ببن و دەڵێت "دەمەوێت چەکدارانی داعش و ئەوانەی تاوانەکانیان کردووە بێنە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی".

بەگوێرەی هەندێک لە ئامارەکان نزیکەی 3000 ئافرەتی کوردی ئێزدی هێشتاش دیار نین و بیرکردنەوە لەو ئافرەتانە و هەموو ئەو ئافرەتانەی لە کەمپەکانی ئاوارەکاندا ماون، بیرکردنەوەی فەریدەی ئاڵۆز کردووە و دەڵێت "ئەوان پێویستیان بە یارمەتی و چارەسەرییە، ئەمەش لە کەمپەکانی ئاوارەکان دەستناکەوێ". هۆشداریشی دا کە "ژمارەیەکی زۆری ئەو ئافرەتانە خۆیان دەکوژن" ئەگەر ئەو جۆرە هاوکاری و چارەسەرییەیان پێشکەش نەکرێت.

سەبارەت بە مەرجی گەڕانەوەی بۆ ناوچەکەی خۆی، فەریدە بە فرانس پرێسی گوت: "تەنیا کاتێک بیر لە گەڕانەوە دەکەمەوە کە ببینم دادپەروەری چەسپاوە، دادگایەکی نێودەوڵەتی ڕووداوەکانی وەکوو جینۆساید ناسیوە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەمانپارێزێت، ئەگینا چۆن بزانین جارێکی دیکە ڕووبەڕووی جینۆساید ناکرێینەوە؟".

## ئەمریکا مووچەی 36 هەزار پێشمەرگە دەدات



**رووداو – هەولێر**

جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند، هاوکاریی وڵاتانی هاوپەیمانان بە ئەمریکاشەوە بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوامە و رانەگیراوە. جەبار یاوەر، بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو هاوکارییەی ئەمریکا لە 2018 بۆ پێشمەرگەی دیاریکردووە هیچ کاتێک بەسەریەکەوە نایەتە کوردستان، ئەو پارەیە کە 365 ملیۆن دۆلارە، مانگانە بۆ مووچەی نزیکەی 36 هەزار پێشمەرگە دابیندەکرێت". جەبار یاوەر دەشڵێت، مانگانە پارەکە بە دۆلار دەگاتە وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان، کە بڕەکەی بە پارەی عێراقی مانگانە 26 ملیار دینارە. لە ساڵی 2017ـدا ئەمریکا بەبڕی 415 ملیۆن دۆلار هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە.

# یەکێتی لەجیاتی کۆنگرە رەنگە پلینیۆم ببەستێ

**هاوکار یاسین و نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نامەیەکی پڕ لە هۆشداری بۆ جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی دەنێرێ و داوای لێدەکات کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی بکرێ و رۆژی بەستنی کۆنگرە بە فەرمی دیاری بکرێ "ئەگەرنا رووبەڕووی بەرپرسیارێتی مێژوویی دەبنەوە". دواتر کۆسرەت رەسوڵ وەڵامێکی توندی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەداتەوە و دەڵێ کۆنگرەیەک ناکەن کە یەکێتی بەرەو "حیزبی بنەماڵەیی" ببات. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش دەڵێت ئەگەر نەگەنە رێککەوتن، ئەوە لە جیاتی کۆنگرە، رەنگە پلینیۆم ببەستن.

دووشەممەی داهاتوو، ئەو رۆژە بوو کە لە کۆبوونەوەی رۆژی 2018/1/24ی سەرکردایەتی یەکێتیدا بۆ بەستنی چوارەمین کۆنگرەی ئەو حیزبە دیاری کرا، بەڵام نەک کاتی بەستنی کۆنگرە یەکلایی بووەتەوە، بەڵکو سەرکردەکانی یەکێتی بە نامەی هەڕەشەئامێز و توند کەوتوونەتە تۆمەتبارکردنی یەکتر.

لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیدا، بڕیار بوو سەرکردایەتی جارێکی دیکە کۆببێتەوە بۆ جێگیرکردنی رۆژی پێنجی ئادار وەکو وادەی بەستنی کۆنگرە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو کۆبوونەوەیە نەکراوە کە کلیلەکەی بەدەست کۆسرەت رەسوڵ عەلییە، هەر ئەمەش وایکرد کە رۆژی 2018/2/22 هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد نامەیەکی پڕ لە هۆشداری بۆ کۆسرەت رەسوڵ بنێرێ.

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە بەشێکی نامەکەیدا دەڵێت: "من دواجار وەک خوشکێک داوات لێدەکەم کە بە زووترین کات ئەو کۆبوونەوەیە ساز بکەیت.... هیوادارم بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆت بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکەیت بۆ ئەوەی ناوت وەک هەڵوەرێنەری چەپکە گوڵەکەی مام و یەکێتی نەچێتە لاپەڕەکانی مێژووەوە".

هێرۆ ئیبراهیم کاتی کۆبوونەوەکەش بۆ کۆسرەت رەسوڵ دیاری دەکات و دەڵێ: "پێویستە تاوەکو یەکشەممە 2018/2/25 کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەنجامبدرێت و رۆژی بەستنی کۆنگرە بە فەرمی رابگەیەنرێت، ئەگەرنا رووبەڕووی بەرپرسیارێتی مێژوویی دەبنەوە".

### حەمەی حەمەسەعید:

**داواکاریی بەستنی کۆنگرە تەنیا موزایەدەیە**

### بەرزان ئەحمەد کوردە:

**پێش هەڵبژاردنی عێراق فریای بەستنی کۆنگرە ناکەوین**

### فەرید ئەسەسەرد:

**ئەگەر فریای کۆنگرە نەکەوتین رەنگە پلینیۆم ببەستین**

### پێش هەڵبژاردن کۆنگرە ناکرێ

بەرزان ئەحمەد کوردە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوانییە بتوانن پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بە کۆنگرە رابگەن: "ئێمە ئێستا دەبێ خۆمان بۆ هەڵبژاردن ئامادە بکەین، ئەگەر لە هەڵبژاردن یەکێتی سەرکەوتوو بوو دەنگی پێویستی هێنا، ئەوکات دەتوانین کۆنگرەش ببەستین".

هەڵبژاردن بووەتە مایەی دڵەڕاوکێیەکی قورس بۆ تەواوی حیزبەکانی باشووری کوردستان بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، بەڵام کێشە نێوخۆییەکان باری یەکێتییان زۆرتر لار کردووە.

هێشتا دەنگدانەوەی نامەکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە میدیاکاندا نەڕەوییووەوە کە کۆسرەت رەسوڵ بە نامەیەکی توندتر وەڵامی دایەوە. لە بەشێکی نامەکەدا دەڵێت: "نامەکەت زیاتر بۆ بڵاوکردنەوە نووسراوە، بۆ کەڵەکەکردنی تۆمەت و پڕوپاگەندەی دەستەگەری و ململانێی نابەجێی نێو یەکێتی نووسراوە، نەک بۆ چارەسەرکردنی وەزعی پەرێشانی یەکێتی و جەماوەری گەلەکەمان".

کۆسرەت رەسوڵ هەروەها دەڵێت: "بەداخەوە تۆ خۆت و کەسوکارەکەت بەبێ گوێدانە مێژووی یەکێتی و بێ حیسابکردن بۆ پێگەی مام جەلال و خەباتی هاوڕێکانی، بە رێکەوتنی ژێر بەژێر لەگەڵ ئەمەلا ئەولادا، یەکێتی-تان دووچاری کۆمەڵێک هەڵەی سیاسی حیزبی و نەتەوەییش کردووە".

### "کۆسرەت رەسوڵ بەرپرسیار دەبێ"

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە نزیکە لە باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەرپرسیارێتی نەبەستنی کۆنگرە دەخاتە ئەستۆی کۆسرەت رەسوڵ بەوپێیەی ئەو جێگری سکرتێری گشتییە و دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هەیە "ئەگەر کاک کۆسرەت نەیەوێت کۆنگرە لە پێش هەڵبژاردن ببەستین و دواتر یەکێتی بە ئەنجامێکی خراپ لە هەڵبژاردن بێتە دەرەوە، ئەو کاتە بەرپرسیارێتی دۆخی خراپی یەکێتیشی رووبەڕوو دەبێتەوە"، گوتیشی "نابێ لەوە زۆرتر بەستنی کۆنگرە دوابخرێ".

ئەو کێشانە لە کاتێکدا پەرەیان ستاندووە کە دروستکردنی هاوپەیمانێتییەک لەلایەن بەرهەم ساڵحەوە بۆ هەڵبژاردن و کاری سیاسی، گۆڕەپانی کێبڕکێیەکانی لەبەردەم ئەو حیزبە بەرتەسکتر کردووەتەوە و چاوەڕوان دەکرێ لە هەڵبژاردندا دەسکەنەی بەشێک لە دەنگەکانی ئەو حیزبە بکات، هەربۆیە ئەو سەرکردانەی داوای کۆنگرە دەکەن، وای دەبینن بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ، هیوایەک بۆ یەکێتییەکان دەگێڕنەوە.

کۆسرەت رەسوڵ هەر لەو نامەیەدا، تۆمەتی دەرچوونی نەوشیروان مستەفا و بەرهەم ساڵح لە یەکێتی دەخاتە پاڵ باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی و دەڵێت: "ئێمە نەبووین کە کاک نەوشیروان و هەڤاڵەکانیمان لە یەکێتی بێئومێد کرد.... ئێستاش لە ئەنجامی درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی چەوتانەدا کارێکتان کرد کە هەڤاڵ جێگری دووەمی سکرتێری گشتی حیزبەکەمان ناچار بە جیاکردنەوەی لیستی هەڵبژاردن بووە".

### پلینیۆم لە جیاتی کۆنگرە

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە بەرپرسانی ئەو حیزبە دەستیکەوتوون، نیگەرانیی بەشێک لە سەرکردەکانی باڵی کۆسرەت رەسوڵ، دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرەیە و دەیانەوێ ئەندامانی کۆنگرە بە رێککەوتن دیاری بکرێن.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە بە گرفت نازانێ و دەڵێت دەتوانرێ بە هەفتەیەک دیاری بکرێن.

ئەسەسەرد بەدووری نازانێ لە ئەگەری رێکنەکەوتن و کەمبوونەوەی کاتی بەردەمیان، پەنا بۆ پلینیۆم ببردرێ "ئەنجامدانی پلینیۆم ئاسانترە، چونکە لە پلینیۆمدا هەموو سەرکردایەتی ناگۆڕدرێ، بەڵکو یەک لەسەر سێی سەرکردایەتی دەگۆڕدرێ، بۆیە ئەگەر یەکێتی کۆنگرەش نەکات، رەنگە پلینیۆم ببەستێ، پلینیۆمیش یەکێک بوو لەو داواکارییانەی لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجوومەنی ناوەند و سەرکردایەتی یەکێتیدا قسەی لەبارەوە کرا".

### مەرجەکانی کۆسرەت رەسوڵ

سەرباری ئەو ناکۆکییانە، ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرە بەردەوامن و لیژنەی چاودێری و سکاڵای ئامادەکاری چوارەمین کۆنگرەی یەکێتی سەرجەم ئۆرگانە جیاجیاکان و ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی لە دەستبەکاربوونی لیژنەکەیان ئاگادار دەکاتەوە و داوایان لێدەکات هەر سەرنج و پێشنیاز و سکاڵایەکیان هەیە بۆ کۆنگرەی چواری یەکێتی، سەردانی لیژنەکەیان بکەن یاخود لەڕێگەی ئەدرێسی ئەلکترۆنییەوە بۆیان بنێرن. بەڵام کۆسرەت رەسوڵ عەلی لە نامەکەیدا بۆ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، پێنج مەرجی بۆ بەستنی کۆنگرە دەستنیشان کردوون کە وا دەردەخەن بەستنی کۆنگرە لەم کاتەدا کارێکی زۆر زەحمەت بێت. مەرجەکان بریتین لە:

1– کۆنگرەیەک زامنی پارێزەری ریزەکانی یەکێتی بێت نەک پێچەوانەکەی.

2– کۆنگرەیەک یەکێتییەکەمان بەرەو حیزبی بنەماڵەیی نەبات بە نزیکەکانی خۆشمەوە، بەڕاستی یەکێتی بکاتەوە بە حیزبی شەهیدان.

3 – کۆنگرەیەک یەکێتی بکاتەوە بە یەکێتییەکەی هەمووان، نەک یەکێتییەکی قۆرخکراو لەلایەن دەستە و تاقمێکی دیاریکراوەوە.


4– کۆنگرەیەک کە ئاشتکەرەوەی کادیر و جەماوەرە زیز و تووڕەکەی بێت و ببێتە هۆکاری سەرلەنوێ کۆکردنەوەی هەموو تواناکان.

5– کۆنگرەیەک کە داڕێژەری سیاسەتێکی نیشتمانییانەی شەفاف و روون و یەکێتییانە بێت بۆ ئایندەی گەلەکەمان.

### "بۆ موزایەدەیە"

حەمەی حەمەسەعید، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە دۆخی ئێستای حیزبەکەی بۆ ئەوە ناشێ کۆنگرە ببەستن و ترسی ئەوەی هەیە قەبارەی ناکۆکییەکان گەورەتر و ئاڵۆزتر ببن "یەکێتی کێشەی ناوخۆیی هێندە زۆرە، ئەگەر ئاوا بچینە کۆنگرەوە ئەم حیزبە پارچە پارچە دەبێ و لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە، بۆیە دەبێت کێشەکان چارەسەر بکەین ئەوکات بچینە نێو کۆنگرەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، داواکاریی بۆ بەستنی کۆنگرە و جەختکردنەوەی بەردەوام لەو جۆرە داواکارییانە بە "موزایەدە" نێودەبات و دەڵێ: "هیچ لایەک تاوەکو ئێستا هەوڵی جددی بۆ کۆنگرە نەداوە و لایەنە ناکۆکەکان باسی کۆنگرەیان وەک موزایەدە بەکارهێناوە، چونکە ئەگەر راست بووایە و هەوڵی جددی هەبووایە، دەبەسترا".



هێرۆخان نامەیەکی پڕ لە هۆشداری بۆ کۆسرەت رەسوڵ نارد و ئەویش بەتوندی وەڵامی دایەوە (فۆتۆ: رووداو)

# بودجەی عێراق تاوەکو دوای هەڵبژاردن پەسەند ناکرێت

**سیروان عەباس**
**رووداو– هەولێر**

دوای چەند جارێک دەستکاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی بودجەی گشتیی عێراق، تاوەکو ئێستاش مشتومڕەکان لەسەر پرۆژە یاساکە بەردەوامن. فراکسیۆنە کوردستانییەکان و سوننەکان تێبینییان لەسەری هەیە و نایانەوێ بەوشێوەیەی کە نووسراوەتەوە تێپەڕێندرێ.

بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2018 بریتییە لە 104 ترلیۆن و 158 ملیار دینار، حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی بەشێکی زۆری شیعەکان کە زۆرینەن لە پەرلەمان، دەیانەوێ پرۆژە یاسای بودجە تێپەڕێنن و پشکی هەرێمی کوردستان کەمبکەنەوە. ئەگەریش نەتوانرێت تێپەڕێنرێت، حەیدەر عەبادی دەیەوێ ئەگەر بەو جۆرەش نەبوو کە خۆی دەیەوێ، دوابخرێت بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە مانگی ئایاری داهاتوو.

ئێستا کورد و سوننە کەوتوونەتە یەک بەرە و نارازین لە پرۆژە یاسای بودجە، بەڵام لە 24ی شوبات، سوننەکان داواکارییەکانی خۆیان بە پاکێجێک دایە عەبادی و لە ئەگەری جێبەجێکردنیدا کورد بەتەنیا دەمێنێتەوە و رەنگە پرۆژە یاساکە تێپەڕێنرێت.

### عەبادی دەیەوێ کار بە سیستمی 1/12 بکات

رێناس جانۆ، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند: "حەیدەری عەبادی جددی نییە لە پەسەندکردنی بودجە، ئەو دەیەوێ کار بە سیستمی یەک لەسەر 12 بکات، واتە تاوەکو بودجە پەسەند دەکرێ، حکومەت یەک لەسەر 12ی بودجە بەکاربهێنێت، ئەو سیستەمە بودجەی گشتی دابەشی 12 دەکات و لە مانگێکدا چەند بکات، حکومەت دەتوانێت بۆ مانگێک ئەو بڕە خەرج بکات".

جانۆ دەشڵێت: "حەیدەر عەبادی دەیەوێ بەم سیستەمە، دەنگی شەقامی عێراقی، بە تایبەتی شیعە بەدەستبهێنێ و پێیان بڵێ کە ناچێتە ژێر باری داواکارییەکانی کورد و سوننە".

سوننەکان داواکارییەکانی خۆیان کردووەتە پاکێجێک و رادەستی حەیدەر عەبادییان کردووە، سەرەڕای داواکارییان بۆ تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە شەڕی داعشدا وێران بوون، داوای ئەوەشیان کردووە کە بودجەی 2018 وەک ساڵانی رابردوو پەسەند بکرێت.

عەبدولقەهار سامەڕایی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان (سوننە) بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە خوازیارین بودجە بەپێی رێکارە یاساییەکان وەک ساڵانی رابردوو پەسەند بکرێت".

هەر لەوبارەوە مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق گوتی: تاوەکو ئێستا عەبادی وەڵامی داواکارییەکانی کورد، سوننە و بەشێک لە شیعەکانی لەسەر هەمواری پرۆژەیاسای بودجەی 2018 نەداوەتەوە، ئەمەش کێشە لەبەردەم پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە دروست دەکات، ئامانجیش لەم کێشە دروستکردنە هەیە و بەگوێرەی شرۆڤەکان، دواخستنیەتی بۆ دوای هەڵبژاردن".

بە گوتەی مەسعود حەیدەر، ئەگەر بودجە بە رەزامەندیی کورد پەسەند بکرێت، شەقامی عێراقی لە عەبادی تووڕە دەبن، عەبادیش نایەوێ لە سەروبەندی هەڵبژاردندا ئەمە رووبدات. رێناس جانۆش پێیوایە یارییەکانی عەبادی وا نیشاندەدەن کە بیەوێ پەسەندکردنی بودجە بۆ دوای هەڵبژاردن دوابخات.

پسپۆڕێکی ئابووری دەڵێت سیاسەتوانانی عێراق پرسی بودجەیان کردووەتە کەرەستەی هەڵبژاردن.

د.سەلام سمێسم، پسپۆڕ لە ئابووری و بودجە باسی لایەنە نەرێنییەکانی دواخستنی پەسەندکردنی پرۆژەی بودجە دەکات و دەڵێت: "دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە کاریگەریی زۆری لەسەر جومگەکانی ژیانی ئابووری دەبێت، بە تایبەت بۆ فەرمانبەران، جێگیرکردنی گرێبەستەکان دوادەکەوێت، پلەی وەزیفی دوادەکەوێت، هاوکات ئەو هاوکارییانەش دوادەکەون کە لە رێگەی چاودێریی کۆمەڵایەتی و دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە خەرج دەکرێن".

سمێسم کە ئابووریناسێکی عێراقییە و لە بەغدا نیشتەجێیە، دەشڵێت "حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات دارەکە لە ناوەڕاستەوە بگرێت، هەوڵ دەدات هاوسەنگییەک لەنێوان داواکارییەکانی کورد، عەرەبی سوننە و داواکاریی پارێزگاکانی باشوور رابگرێ. هەموو ئەمانە ئێستا گوشار لەسەر حکومەت دەکەن".

### حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان

**هەرچییەکتان کردووە دەبێ بودجەی کوردستان لە 10 تریلیۆن دینار کەمتر نەبێ**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فراکسیۆنە کوردستانییەکانی گوتووە، هەرچییەکتان کردووە دەبێ بودجەی کوردستان لە 10 تریلیۆن دینار کەمتر نەبێ.

پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێی راگەیاندوون، بە هەر رێگایەک بێ، دەبێ کارێک بکەن بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بگەیێننە 10 تریلیۆن دینار، چونکە پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان بەو بڕە پڕ دەبێتەوە.

بەڵام ئەحمەد حاجی رەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت حکومەت لە هەوڵی ئەوەدایە پشکی هەرێمی کوردستان بکاتە 14%. ئەم پشکەش بۆ کوردستان زیاتر دەکات لەو بڕەی کە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان داوای دەکات، چونکە بودجەی گشتیی عێراق بریتییە لە 104 تریلیۆن دینار، ئەگەر 14%یش پشکی هەرێمی کوردستان بێت، دەکاتە 14.56 تریلیۆن دینار.

هەر لەوبارەوە مەسعود حەیدەر گوتی "ئەگەر موستەحەقاتی سیادی لە 39% بۆ 26% کەم بکرێتەوە، ئەوکاتە رەنگە رازی بین بە 14% بۆ هەرێمی کوردستان".

ڕووداو
راپۆرت
ژمارە ( 495 ) - دووشەممە 2018/2/26




## هەرێـمی کوردستان دەبێتە بەشێک لە ڕێککەوتننامەی پاریس

**ڕووداو- هەولێر**

هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پارێزگارەکانییەوە دەبێتە بەشێک لە ڕێککەوتننامەی پاریس کە تایبەتە بە پرسی گۆڕینی کەشوهەوا. لە کۆبوونەوەی پەیمانی شارەوانی و پارێزگاکانی جیهان لە برۆکسل هەریەک لە نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، هەڤاڵ ئەبووبەکر، پارێزگاری سلێمانی و فەرهاد ئەترۆشی، پارێزگاری دهۆک بوونە ئەندامی ڕێکخراوەکە، بەمەبەش هەرێمی کوردستان دەچێتە چوارچێوەی پلانی کارکردن بۆ ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ گۆڕینی کەشوهەوا. ڕێکەوتننامەی پاریس کە ڕێککەوتننامەیەکی جیهانییە، تایبەتە بە وزە و کەشوهەوا. جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هیچ پارێزگایەکی عێراق تێیدا بەشدار نییە.

### مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی:

# هێرۆخان بەرپرسی یەکەمی ئەو دۆخەی یەکێتییە

**مەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**



مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، پێیوایە کورد بەباشی نەیتوانی سیاسەتی دونیا و زلهێزان و وڵاتانی چواردەوری خۆی تێبگات و گشتپرسی کرد، بۆیە تووشی ئەو قەیرانە بوو. هێرشی سەر عەفرینیش بە بەشێک لە گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی بۆ سەر کەرکووک دەزانێ و دەڵێت: "ئێستا ئەگەر لە جیاتی گفتوگۆ، شەڕ لەگەڵ عێراق بکەین زەرەر دەکەین. ڕەنگە بتوانین بە 10 کاژێر کەرکووک بگرینەوە، بەڵام ئایا بۆمان دەپارێزرێ؟". پێشبینیش دەکات لە داهاتووی نزیکدا شەڕێکی گەورە لەم ناوچەیە بقەومێ "ئەوکات ئێمە بە کەمترین زیان دەچینەوە کەرکووک".

> **کاک کۆسرەت بەهەق دەزانم نەک هێرۆخان**

ئەو گۆڕانکارییەی ئەو پێشبینی دەکات، بەهێزبوونەوەی داعش و کوڵانی ناوچەکەیە لەنێو ئەو مەنجەڵەی ململانێیەکانی ئیسرائیل و ئێران و ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو ئاگرەکەی ژێری خۆشدەکەن. هەر بۆیە دەرهاویشتەکانی ئەو ڕووداوانە ناودەنێ "زەمان و زەمینی گونجاو بۆ گەڕانەوەی کورد بۆ کەرکووک". هەروەها دەڵێ، کورد دەبێت سەرەتا خۆی ڕێکبخاتەوە و نابێ هەر سەیر بکات، ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکانی ناوچەکە بڕیار دەدات ئێمە کەی دەچینەوە.

هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی پەرلەمانی عێراق، کوردی لەبەردەم ڕەشبینییەکی گەورەدا هێشتووەتەوە. چونکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، تەنیا دەتوانێ بەبێدەسەڵاتی بمێنێتەوە. ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە ئەو ناوچانە بە "ناوچەی داگیرکراو" ناو دەبات، دەڵێ: "ئێستا خەڵکی کورد هەڕەشەمان لێدەکەن و دەڵێن ناچین بۆ دەنگدان، ئەوە زۆر خراپە، باشە ئەو حیزبەی خۆشت ناوێ دەنگی پێمەدە، بەڵام دەنگ بە حیزبێکی دیکە بدە و بڕۆ بۆ دەنگدان با دەنگی کورد نەفەوتێ".

> **دەسەڵاتی ماڵی هێرۆخان، هێندەی هەموو مەکتەبی سیاسییە**

بایکۆتکردنی هەڵبژاردن کە بووەتە بڕیاری پارتی بۆ کەرکووک، بەلای ئەو بەرپرسەی یەکێتییەوە خراپە و پێیوایە نابێ کورد بکەوێتە ئەو هەڵەیەی سوننەکان تێیکەوتن، کاتێک بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد و دواتر لە دەسەڵات دوورکەوتنەوە "دەبێ ئەگەر کەمیش بێ، کورد ژمارەیەک نوێنەری لە پەرلەمان هەبێ. عەرەب و تورکمانیش پێیانخۆشە ئێمە بایکۆت بکەین".

کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی، درێژەیان هەیە. لەماوەی ڕابردوودا ماڵباتی تاڵەبانی چەند هەوڵێکیان لەگەڵ بەرهەم ساڵح دا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە نێو یەکێتی، بەڵام هەوڵەکان بێئاکام مانەوە. ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەداخە بۆ ڕۆیشتنی بەرهەم ساڵح و دەڵێ ئێمە زۆر هەوڵمان دا بەرهەم ساڵح لە ڕیزەکانی یەکێتی بمێنێتەوە "بەڵام کۆمەڵێک لەناو ماڵی مام جەلال زۆر گوشاریان لێکرد بۆ ئەوەی بڕوات. دەیانویست بڕواتە دەرەوە و دوایی بە بچووکی مامەڵەی لەگەڵ بکەن".

گوتیشی ئێستا چووەتە دەرەوە و لیستی خۆی ڕاگەیاندووە "10 کورسی بێنێ یان دوو کورسی، سبەی هەموو حیزبەکانی دیکە مەمنوونن لەگەڵیدا ڕێکبکەون، بەڵام ئێمە نەمانتوانی دڵی ڕابگرین بۆ ئەوەی لەناو یەکێتی بمێنێتەوە. بەرهەم ساڵح پیاوێکی دیارە و سەردەمی حکومەتی ئەویش سەردەمێکی زێڕینە".

مەحموود سەنگاوی، یەکێک لەو سەرکردانەی یەکێتییە کە بەردەوام وەک پشتیوانی بەرهەم

> **ئێستا ئێمە وەک شوانی نانەسکی واین و نانیشمان نادەنێ**

ساڵح ناوی دەهێنرێ. ئەو ڕەتیدەکاتەوە لە یەکێتی چووبێتە دەرەوە و لەهەمانکاتیشدا سۆزی خۆی بۆ بەرهەم ساڵح ناشارێتەوە و دەڵێ: "لە هەندێک سیاسەتی پێشووی خۆم پەشیمانم و بەهەڵەی دەزانم. کاتی خۆی دژی بزووتنەوەی گۆڕان بووم و توندوتیژیمان کرد بەرامبەریان. لەو ڕۆژەوەی بەرهەم ساڵح لە یەکێتی چووەتە دەرەوە، باسم نەکردووە و باسی ناکەم. ڕۆیشتووە خوا حافیزی بێت و دژیشی نابم و خۆشمدەوێ".

مەحموود سەنگاوی پێیوایە ململانێکانی نێوخۆی یەکێتی لە دوای بڵاوبوونەوەی نامەکانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و کۆسرەت ڕەسوڵەوە پێیان ناوەتە دۆخێکی مەترسیدارەوە "من لایەنگری کاک کۆسرەت دەکەم، چونکە کاک کۆسرەت بەهەق دەزانم نەک هێرۆخان. ڕاستە هێرۆخان هاوژینی مام جەلالە و زۆر ڕێزم بۆی هەیە و وەک دایکم مامەڵەی لەگەڵ دەکەم، بەڵام سیاسەتێکی هەڵەی کرد و لەسەر دەستی ئەو یەکێتی گەیشتە ئەم ئاستە. بەرهەم ساڵحی لێدەرچوو، بزووتنەوەی گۆڕان و کاک نەوشیروان مستەفای لێدەرچوو. هەموویان لە ئەنجامی ئەو هەموو ئەزیەتدان و ناعەدالەتییە ڕۆیشتن. دواتر کەوتنە گیانی بەرهەم ساڵح و سبەی دەکەونە گیانی یەکێکی دیکە. من هێرۆخان بە بەرپرسی یەکەم دەزانم لەو دۆخە".

بەبڕوای ئەو، نامەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ دەریدەخات کە کۆسرەت چەند ساڵە لەبەر موراعاتکردنی ماڵی مام جەلال دەسەڵاتەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە "بەڵام نامەکەی هێرۆخان ئەمر بوو بۆ کاک کۆسرەت. ڕوونە کاک کۆسرەت چ کۆنگرەیەکی دەوێ، کۆنگرەیەک کە نە کوڕی خۆی و نە ماڵی مام جەلال دەستی بەسەردا نەگرتبێ".

هەریەک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و کۆسرەت ڕەسوڵ یەکدی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە ڕێبازی تاڵەبانی لایانداوە، مەحموود سەنگاوی ڕێبازە ڕاستەقینەی مام جەلال بە "یەکێتی حیزبی ڕەنجدەرانی بیر و بازوو" ناو دەبات و پێیوایە نابێ ببێتە حیزبی بنەماڵەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و کۆسرەت ڕەسوڵ "ئێستا لەناو یەکێتیدا، ماڵی هێرۆخان بە تەنیا هێندەی هەموو مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتیان هەیە. دەسەڵاتی ماددی یەکێتی لای ئەوانە، حکومەتیان کۆنترۆڵ کردووە و هەموو شتێکیان کۆنترۆڵ کردووە. ئێستا ئێمە وەک شوانی نانەسکی واین و نانیشمان نادەنێ. من لە جەبهەی خۆمدا 180 شەهیدم داوە، باشە هێرۆخان کە دەسەڵاتی ماڵی یەکێتی هەیە نەیدەتوانی بڕێک نان بدات بەو پێشمەرگانە".

بۆچی نامە تایبەتییەکان وا بەخێرایی بڵاودەبنەوە؟ ئایا ناکۆکییەکان هێندە ئاڵۆزن و لە گرێژنە دەرچوون؟ مەحموود سەنگاوی دەڵێ ئەو ئێوارەیەی نامەکەی هێرۆخان بڵاوبووەتەوە ئەو لە ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ بووە و کۆسرەت ڕەسوڵ دەستیکردووە بە گیرفانیدا و کاخەزێکی پیشانداوە "کە بینیم نامەکەی هێرۆخان بوو. بێگومان نامەیەکی باش نەبوو. ویستم وێنەی بگرم، بەڵام پەشیمان بوومەوە، چونکە بیرم کردەوە ئەگەر بڵاوببێتەوە دەڵێن مەحموود سەنگاوی بڵاوی کردووەتەوە. ئەو نامەیە لای هێرۆخانەوە بڵاوبووەتەوە و کاک کۆسرەت نەیهێشتووە یەک کەس کۆپی بکات، بەڵام کە لای هێرۆخانەوە بڵاوکرایەوە، کاک کۆسرەتیش بڕیاریدا وەڵامەکەی بڵاوبکاتەوە".

مەحموود سەنگاوی دەڵێت وەک دایکی خۆی مامەڵە لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەکات، بەڵام سیاسەتەکانی بەدروست نازانێ و دەڵێ "ئەو سیاسەتەی ئێستا هەیە، ئەگەر بەردەوام بێ یەکێتی زۆر لاواز دەبێ. ئومێد دەکەم ئێمە واز لەم موهاتەرات و نامە و نامەکارییە بێنین".

> **خەڵکی کەرکووک هەڕەشەمان لێدەکەن و دەڵێن ناچین بۆ دەنگدان**

> **کۆمەڵێک لەناو ماڵی مام جەلال گوشاریان لە بەرهەم ساڵح کرد بڕوات**

> **ڕەنگە بتوانین بە 10 کاژێر کەرکووک بگرینەوە بەڵام ئایا پێمان دەپارێزرێ**

### سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:

# ئەو هێزانەی لە کەرکووکن لە ڕووی ئەمنییەوە کۆڵەوارن


(فۆتۆ: AFP)

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک نیگەرانە لەو دۆخەی ئێستا دانیشتووانی کەرکووک بە گشتی و دانیشتووانە کوردەکەی بە تایبەتی تێکەوتووە. ئەو شڵەژانی ئەمنی و زۆربوونی تاوان دەگێڕێتەوە بۆ نەشارەزایی ئەو هێزە جۆراوجۆرانەی بەغدا هێناونی بۆ شارەکە و دەڵێ: "ئەوانەی ئێستا هاتوون بەشێکیان سەربازین و بەشەکەی دیکەش حەشدی شەعبین. لەڕووی پاراستنی ئاسایشەوە کۆڵەوارن و هیچ نازانن."

ئازاد جەباری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕووداوانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ڕوویاندا و مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان کە بوونەتە هەواڵی گەرمی نێو شاری کەرکووک، پێیوایە هێزی ئاسایشپارێزی وریا و بە ئەزموون ئەوەیە پێش ڕووداوەکان ئامادەکاریی خۆی کردبێ "نەک دوای ڕووداوەکان بڵێ بەدواداچوون دەکەین"، بۆیە نەمانی هێزەکانی ئاسایشی کوردستان لەو شارە بە هۆکاری دروستبوونی کێشەی زۆر دەزانێ و پێیوایە ئاسایش هێزێکی خاوەن 25 ساڵ ئەزموون بوون و دەیانزانی چۆن ڕووبەڕووی ڕووداوەکان ببنەوە پێش ڕوودانیان.

ئازاد جەباری، وەک خۆی باسی دەکات، تاوەکو پێش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر ئەوان پەیوەندی و هەماهەنگی باشیان لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس هەبووە و ئاڵوگۆڕی زانیارییان کردووە و دەڵێ "ئەگەر پلانێک هەبووایە بۆ هێرشی تێکدەرانە یان دەستوەشاندن لە جێگایەک، زانیاریی پێویستمان دەستدەخست و ڕێگەمان نەدەدا زیان بە کەرکووک و خەڵکەکەی بگەیەنن "ئێستا یەک کەس زانیاری بە من نادات و ڕەنگە گومانیشم لێبکەن".

کورد هیچ دەسەڵاتێکی لە شاری کەرکووک نەماوە. بەشێک لە بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانی لە پۆست و بەرپرسیارێتییەکانیان داماڵراون. تەنانەت ئەو حیزبانەش کە ڕێگەیان پێدراوە بگەڕێنەوە شارەکە، ناتوانن ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای حیزبەکانیانەوە بەرز بکەنەوە. ئەوە دۆخی کەرکووکی زۆرینەی کورد و ئەو شارەیە کە ڕۆژی 25ی ئەیلوولی ساڵی ڕابردوو بەشێکی زۆر لە دانیشتووانەکەی بە زەماوەند و ئاهەنگی خۆشی دەربڕینەوە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بە "بەڵێ" دەنگیان بە گشتپرسی سەربەخۆیی دا. کە دەنگدانەکە بۆ ئەوان واتایەکی دیکەشی هەبوو، چونکە بەمانای گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەهات.

سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، گومانیشی لە زۆربوونی ڕووداوەکانی ڕفاندن و تەقەکردن و دزیی و هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵک هەیە و دەڵێ "لەوانەشە خۆیان گرووپ دروستبکەن و کاری ئاژاوەگێڕیی بنێنەوە، تەنیا بۆ ئەوەی کورد بترسێ و کۆچ بکات و ڕێژەی کورد لە کەرکووک کەم ببێتەوە".

حاڵەتەکانی دزینی ئۆتۆمبیلی خەڵک، زۆر دووبارە دەبنەوە. ئەوەش وەک لاوازی هێزە ئارامی پارێزەکانی کەرکووک سەیردەکرێ. ئازاد جەباری ئەو زانیارییانە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ ئەمڕۆ کورد لە کەرکووک چەکی بەدەستەوە نییە "ئەوان وەک بەعس ناکەن و بەزۆر خەڵک دەرناکەن، بەڵکو لە ڕێگای ئەو جۆرە کارانەوە خەڵک ناچار دەکەن بڕۆن و کەرکووک جێبهێڵن".

وەک ئەو باسی دەکات، ئەگەر هەموو کورد پێکەوە یەک لیستیان بۆ هەڵبژاردن هەبووایە، یان پێکەوە بڕیاریان بدایە بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن، ئەوکات هاوکێشەکان دەگۆڕان، بەڵام کارێک دەکەن کورد دەنگی کەم بهێنێ "ئەوکات دەڵێن ئێوە بە ساختەکاریی بوونەتە زۆرینە و ئێمە کەرکووک لە ناوچەی ناکۆکی لەسەر دەسڕینەوە".

> **هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک گومانیان لە ئێمە هەیە و زانیاریمان نادەنێ**

پێشیوایە هەوڵەکانی کورد و سەرکردایەتییەکەی بۆ ئەوەی بەغدا بێتە سەرمێزی دانوستاندن و کێشەکان لەو ڕێگایەوە چارەسەر بکرێن هەڵەیە، چونکە ڕێگای ڕاست و کاریگەر بەلای ئەوەوە گوشار دروستکردنە لە ڕێگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە "ئێستا سیاسەتی نێودەوڵەتی دژی کوردە بە تایبەتی بەریتانیا، ئەو دەوڵەتە دەیەوێ ناوچە کۆنەکان وەک خۆیان بمێننەوە و سەقامگیر بن، بەریتانیا لەم دۆخە دژی کوردە".

نە کێشە نێوخۆییەکان دەرفەتیان دا لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگا فریای ئەوە بکەوێ کە لەدەستنەچووە و نە یەکێتیش توانی پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرێتەوە. کورد لە بەردەم کەرکووک و ڕووداوەکانیدا چەقیوە و هەڵبژاردنیش بۆ زۆربەی هێزە کوردستانییەکان، گورزێکی کوشندەی دیکەیە بەر ناسنامەی شارەکە دەکەوێ.

بەبڕوای سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ئەو هێزە عێراقییانەی لەکەرکووکن، بێباک و بێدەربەستن لە بەردەم ڕووداوەکانی نێو شارەکەدا "هێزە ئەمنییەکان سەرقاڵن بە داهاتی بازگەکانەوە و ئەو پارەیەی لەوێ دەستیان دەکەوێ زۆر سەرقاڵی کردوون".

لەبارەی ڕووداوەکانی تەقەکردنی ئەو دواییەشەوە دەڵێ تەقەکراوە و بەردەوام تەقە دەکرێ "ئەوانەی دێنەوە هێزەکانی ئاسایشن و بۆ پشوو دێنەوە کە دێنەوە تەقەیان لێدەکرێ، ئاسایشی هەر لایەنێک بێت دژایەتیان دەکرێ و دەڵێن ئەوانە زێدەڕۆییان کردووە".

ئێستا داعش دەستی بە جموجوڵ کردووەتەوە لەو ناوچەیە. زۆرتر وەک هێزی دەستوەشێنێ پارتیزانی لە هێزە عێراقییەکان دەدەن و دەگەڕێنەوە. ئازاد جەباری، دەڵێ داعش دوو شەڕیان بە بەهێزی کردووە و لە کەرکووکیش چوونەتە نەخۆشخانەی کۆماریی بۆ ئەوەی بریندارێکیان دەربکەن و نیوکاژێر شەڕیان کردووە "هێزە عێراقییەکان لەڕووی سەربازی و ئەمنیش کەم ئەزموونن، هەموو چەک و کەرەستەیەکیان جێهێشتووە و هەڵاتوون"، هەروەها دەڵێ "داعش لەو سنوورە خەڵکی هەیە و خەڵک ڕێپیشاندەریان بووە لە شەڕەکانیان و هەوڵدەدەن خۆیان بەهێز بکەنەوە، خۆیان ئامادە دەکەنەوە بۆ شەڕ و ئەوکات عێراق ناتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا دووجار بەرەی شەڕ بکاتەوە".

## نەجمەددین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ (رووداو):

# یەکێتی زەرەرمەندی یەکەمی ئەم هەڵبژاردنە دەبێ

لە هەڵبژاردنی خولی ئێستای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا 150 هەزار دەنگی هێنا و پێنج کورسی بۆ حیزبەکەی لە کەرکووک مسۆگەر کرد. بەڵام ئێستا ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ شارەی کە خەڵکەکەی بەو هەموو دەنگە متمانەیان پێدا. د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکووک و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، باسی پێشبینییەکانی خۆی بۆ دەنگەکانی کورد لە کەرکووک دەکات و دەڵێت: "ئەگەر کورد چوار کورسی بهێنێ گەورەترین موعجیزەیە". ئەو پێشبینی دەکات کورد لە کەرکووک دوو تا سێ کورسی بهێنێ. سەبارەت بە کۆنگرەی یەکێتی، د.نەجمەددین کەریم دەڵێت نازانێ کۆنگرە دەکرێ یان نا، بەڵام ئەگەر بکرێ، بە مەرج بەشداریی تێدا دەکات. نەجمەددین کەریم لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) نهێنییەک لەبارەی رێککەوتنی ئێران و عێراق لەسەر نەوتی کەرکووک ئاشکرا دەکات و دەڵێت ئەو کاتەی لە کەرکووک بووە، ئاراسی شێخ جەنگی لەگەڵ کۆمپانیایەک هاتووەتە لای بۆ راکێشانی بۆڕیی نەوتی کەرکووک – کرماشان، ئەویش بیرۆکەکەی پێ پەسەند بووە، بەڵام پێیگوتوون دەبێ ئەو کارە لە رێگەی وەزارەتی نەوتەوە بکرێ.

هەڤپەیڤین: هیوا حوسامەددین
رووداو- هەولێر



**بۆ ناردنی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران، ئاراسی شێخ جەنگی لەگەڵ کۆمپانیایەک هاتنە لام**

**رووداو: ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا گوتی 60 ملیۆن دۆلاری پارەی پترۆدۆلار خراوەتە سەر حیساب بانکی تۆ، ئەم مەسەلەیە چۆنە؟**

**نەجمەددین کەریم:** پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە 10 ملیۆن دۆلاری وەکو پارەی پترۆدۆلار دەنارد بۆ کەرکووک، پارەکەش بەناوی ئیدارەی کەرکووکەوە دەنێردرا، نەک بە ناوی من، ئەو پارەیە بۆ ماوەی شەش مانگ بەناوی ئیدارەی کەرکووک دەنێردرا، خەرجکردنەکەشی تەنیا بە دەستی من نەبوو، بەڵکو وەکو رێکارێکی یاسایی، هەر دۆلارێک لەو پارەیە خەرج کرابا، دەبوو سێ واژووی لەسەر بێ، پارەکەش تەنیا بۆ تەواوکردنی پرۆژە کۆنەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەی تازە خەرج دەکرا، هەندێکیشی دەدرایەوە قەرز، لەبەر ئەوەی کەرکووک سێ ساڵ بێ بودجە بوو قەرزێکی زۆر لەسەرمان کەڵەکە ببوو. ئەوە عەلی حەمەساڵح ئەو تۆمەتەی خستووەتە پاڵ من، هیچ بەڵگەیەکیشی نەبوو، ئەو تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە کارێک بۆ خەڵک بکات، تەنیا بەدوای پڕوپاگەندەوەیە، بەر لەوەی ئەو کارە بکات دەبوو لە من بپرسێ یان لە بانکی کوردستان بپرسێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تەشهیری بە من کردووە و هیچ بەڵگەیەکی نییە، سکاڵام لەسەر تۆمار کردووە و لە ماوەیەکی کورتدا لە دادگا رووبەڕووی یەکدی دەبینەوە.

**رووداو: بەڵام دەگوترێت بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە پەرلەمانتارەکە بەڵگەی هەیە؟**

**نەجمەددین کەریم:** نەخێر هیچ بەڵگەیەکی نییە، من لە رۆژی دادگایی دەیسەلمێنم بۆ هەموو خەڵکی کوردستان کە ئەو پڕوپاگەندانە ئامانج لێی لەکەدارکردنی من و کارەکانی منە. ئەوان دەیانەوێ بەو کارانە دەنگ کۆبکەنەوە، بەتایبەتی لە کەرکووک دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە پێگەی نەجمەددین کەریم چۆن بووە، دەزانن هێشتا هەزاران هەزار لایەنگری

**پترۆدۆلارم وەرنەگرتووە و لەسەر ئەوە عەلی حەمەساڵحم داوەتەوە دادگا**

من لە کەرکووکە. لەم چەند رۆژەی رابردوودا وێنەیان بە ماڵەکاندا دابەش کردووە و داوایان کردووە ئێمە بگەڕێینەوە و شکۆی کورد بگەڕێتەوە، ئەم کارانە شێتی کردوون. هەر بۆیە لەم چەند رۆژەدا هەواڵێکیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردووەتەوە گوایە من لە نەخۆشخانە بووم و گیانم لە دەستداوە، بەڵام من لە رێگای دادگاوە ناهێڵم بەو ئامانجە بگەن.

**کورد لە کەرکووک چوار کورسی بهێنێ گەورەترین موعجیزەیە**

**رووداو: تاچەند ئاگاداری رەوشی کەرکووکی؟**

**نەجمەددین کەریم:** مامەڵەی هێزە عێراقییەکان لە 16ی ئۆکتۆبەر لەو شارە بە چ جۆرێک بوو، هەر وەکو خۆی ماوە، بەردەوامن لە سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی کورد، لەسەر پەیکەری پێشمەرگە ئاڵای عێراقیان هەڵکردووە. ئەو کەسانەی دەرفەتیان بە حکومەتی عێراق دا و بەو خیانەتە ئەم رۆژەیان دروستکرد، پێیانوابوو خۆیان دەتوانن ئازاد بن، کەچی ئێستا نەک ناتوانن ئاڵای کوردستان هەڵبکەن، بەڵکو ناتوانن ئاڵای حیزبەکەشیان هەڵبکەن. لە کەرکووک هەموو شەوێک موداهەمەی گەڕەکێکی کوردنشین دەکرێت، کوشتن و رفاندن زۆر بووە و ئازادیی تێدا نەماوە، خەڵک ناوێرێت بە ئۆتۆمبێلی مودێل بەرزەوە بسووڕێتەوە. خەڵکی شارەکە بێزارن و بەزۆر ئەم دۆخەیان بەسەردا سەپێنراوە.

**بەرهەم ساڵح و نەوەی نوێ دەنگی یەکێتی و گۆڕان دەبەن**

**رووداو: باشە ئەگەر ئەمە دۆخی ئێستای کەرکووک بێ، بۆ هەڵبژاردنەکەی مانگی ئایار پێشبینی چی دەکەیت؟**

**نەجمەددین کەریم:** من پێشتر داوام کردبوو لایەنە سیاسییەکان لەو شوێنە داگیرکراوانە بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، لەبەر ئەوەی زیاتر لە 200 هەزار کەس کەرکووکیان جێهێشتووە، نزیکەی 60 هەزار کەسیان دەنگدەرن و ناتوانن لە رۆژی دەنگداندا بگەڕێنەوە، ئەو خەڵکەی لە پێش 2003 ئاوارەبوون و لە شارەکانی کوردستان بوون و بۆ دەنگدان دەگەڕانەوە کەرکووک ئەوانیش نایەنەوە، کەواتە تۆ 50%ی دەنگەکانت رۆیشتووە، تۆ چۆن لە هەڵبژاردنێک بەشدار دەبیت کە رەنگە ئەو کوردەی لە کەرکووکیش ماوە دەنگ نەدەن لەبەر ئەوەی بڕوایان بەهیچ شتێک نەماوە، کەوایە بێگومان دەیدۆڕێنی.

**رووداو: پێشبینیت بۆ کورسییەکانی کورد چییە؟**

**نەجمەددین کەریم:** لەم هەڵبژاردنەدا یەکێتی زەرەرمەندی یەکەم دەبێت، ناتوانم ژمارەکە بەدروستی دیاری بکەم، بەڵام ئەگەر چوار کورسی بهێنین ئەوە گەورەترین موعجیزەیە. پێموایە کورد دوو بۆ سێ کورسی دەبات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە شەرعییەت بە پرۆسەکە دەدات، دواتر ناتوانی تانەی لێبدەی، هەر چەندێکیش بهێنی لە بەغدا کاری پێناکرێ، ئەگەر کورد دوو بۆ سێ کورسی بهێنێت ئەوەی دیکە بۆ عەرەب و تورکمان دەڕوات.

**رووداو: بۆچی خۆت کاندید نەکرد لەکاتێکدا خۆت دەڵێی دەنگ و لایەنگرت لەو شارە زۆرە؟**

**نەجمەددین کەریم:** من لە هەڵبژاردنێک بەشداری ناکەم کە لە شارێکی داگیرکراو بەڕێوەبچێت، لە شارێک کە ئازادیی تێدا نەبێ، من دەزانم لەم دۆخە هەشت کورسی بۆ کورد نایەتەوە و پێموایە دۆزی کورد ئێستا لە دەرچوون و دەرنەچوونی من زۆر گەورەترە.

**رووداو: دەڵێن نەجمەددین کەریم چووەتەوە بۆ کەرکووک و لە کەیوان بووە، ئەمە راستە؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی کوردستان هەیە. بەدواداچوون بۆ دۆخی کەرکووک دەکەین و دەمانەوێ بەردەوام ورەیان بەرز بێ. لەسەر ئەم پرسیارە تەنیا دەمەوێ بڵێم دۆخەکە بەو شێوەیە نامێنێ و بۆ ئەو بابەتەش کارم کردووە.

**50%ی دەنگدەرانی کورد لە کەرکووک ناتوانن دەنگ بدەن**

**پێشبینی دەکەم داعش لەنێو کەرکووک چالاکی بکات**

**60 هەزار دەنگدەری کورد ئاوارەن**

**رووداو: پێشبینی تۆ بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکێتی چییە؟ کۆنگرە دەکرێت؟ تۆ بەشدار دەبیت؟**

**نەجمەددین کەریم:** هەر کەسێک کە دەچێتە نێو حیزبێکەوە لەوە دەڕوانێت ئاخۆ ئەو حیزبە ئامانجەکانی میللەتەکەی دەهێنێتەدی، ئەوەی بووەتە یەکێتی بۆ ئەو ئامانجە بووە، دەمێکە هەوڵ بۆ بەستنی کۆنگرە دەدرێت، بەڵام بە بۆچوونی من پێش ئەوەی ئەو هەنگاوە بنێی، لە پێناوی ئەوەی مسداقیەتی هەبێت لەناو خەڵک و بەتایبەتی لە کەرکووک، یەکێتی دەبێ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بکات، بزانێت کێ بەرپرسە لەم دۆخە و بەبڕیار و راسپاردەی کێ کراوە، ئیجرائات لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە بوونە هۆکاری لەدەستدانی 50%ی خاکی کوردستان. دووەم دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانیش لێکۆڵینەوە بکەن لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی پێشمەرگە کە سەنگەریان بەجێهێشت، ئەمانە لە بەستنی کۆنگرەش گرنگترن، تاوەکو باوەڕ و متمانەی خەڵک بۆ یەکێتی نەگەڕێتەوە 10 کۆنگرەش بکرێ سوودی نییە. ناشزانم کۆنگرە دەکرێت یان نا. من بەشداری لە کۆنگرە دەکەم، خۆم بۆ سەرکردایەتی هەڵنابژێرم، بەڵام بۆ بەشداریکردنم مەرجە سەرەتا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێ کە هۆکاری 16ی ئۆکتۆبەر بوون.

**لێکۆڵینەوە لە رووداوی 16ی ئۆکتۆبەر لە بەستنی کۆنگرە گرنگترە**

**رووداو: باڵێکی نێو یەکێتی زۆر پێداگیری لەسەر بەستنی کۆنگرە دەکەن، ئەوان دەتوانن یەکێتی بەرەو کۆنگرە ببەن؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئەوانە ئەو کەسانەن کە هەوڵدەدەن بزانن میراتی مام جەلال دەکەوێتە دەستی کێ. مام جەلال هەرگیز نەیویستووە کۆنگرە بەو شێوەیە بکرێت، ئەمڕۆ بڕیاری لەسەر بدرێت و پاش هەفتەیەک بکرێ. ئەمڕۆ نیوەی خاکی کوردستان کەوتووەتە دەستی دوژمن، چۆن دەبێ کۆنگرە بەو شێوەیە بکرێت؟

**بە مەرج بەشداری کۆنگرەی یەکێتی دەکەم**

**رووداو: لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە پەیوەندیت لەگەڵ ماڵی مام جەلال چۆن بووە، قسەت لەگەڵ کردوون؟**

**نەجمەددین کەریم:** دوای نەمانی مام جەلال ئەو پەیوەندییە نەک هەر بۆ من بۆ کەس دروست نابێتەوە. لەو ماڵە جگە لە کاک قوباد تاڵەبانی، کەسی دیکەیانم نەبینیوە و قسەشم لەگەڵ نەکردوون.

**رووداو: لەگەڵ حیزبەکانی دیکە یەکتربینین و قسەکردن هەیە؟**

**نەجمەددین کەریم:** لەگەڵ کاک مەسعود زوو زوو یەکتر دەبینین و مۆراڵێکی بەرزی هەیە، زۆریش بەپەرۆشە بۆ خەڵکی کەرکووک، جگە لەوە لەگەڵ کاک کۆسرەت یەکدیمان بینیوە و قسەم لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووە، رۆژانە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و ئەندامانی پەرلەمان یەکدی دەبینین و گفتوگۆ لە نێوانماندا هەیە.

**رووداو: هیچ لیست و قەوارەیەک بۆ هەڵبژاردن پەیوەندی پێوە نەکردووی، بۆ نموونە قەوارەکەی بەرهەم ساڵح؟**

**نەجمەددین کەریم:** نەخێر من بەرلەوەی قەوارە و لیستەکان ئامادە بکرێ، بۆچوونی خۆم خستبووەڕوو کە باشترین رێگا بۆ پێنەدانی شەرعیەت بە داگیرکردنی کەرکووک، بەشدارینەکردنە لە هەڵبژاردن.

**رووداو: پێتوایە بەرهەم ساڵح موفاجەئەی ئەم هەڵبژاردنە بێت؟**

**نەجمەددین کەریم:** کاک بەرهەم لە دوای 2003 وە بەرپرسیارێتی زۆری بینیوە، چ لە بەغدا و چ لە هەولێر و لەناو یەکێتیش، بێگومان لایەنگری هەیە، بەڵام ئەو و نەوەی نوێ دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان دەبەن.

**رووداو: هیچ زانیارییەکت لەسەر رێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران لەسەر نەوتی کەرکووک هەیە؟**

**نەجمەددین کەریم:** هەنگاوی یەکەمی رێککەوتنەکە راکێشانی بۆڕییەکی گواستنەوەی نەوتە لە کەرکووکەوە بۆ کرماشان و تا کاتی تەواوبوونی ئەو کارەش رۆژانە هەناردەکردنی 60 هەزار بەرمیل نەوتە بە تانکەر. ئەو رێککەوتنە لە سەردەمی منیش قسەی لەسەر کرا، کۆمپانیایەک بە یاوەریی ئاراسی شێخ جەنگی هاتنە لام و باسیان کرد. من پێم باش بوو جگە لە بۆڕیی جەیهان بۆڕییەکی دیکەش هەبێ، بەڵام ئەوکات پێمگوتن دەبێ ئەم کارە لەڕێی وەزارەتی نەوت و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بکرێت، بەمەرجێک نوێنەری کەرکووکیش ئاگادار بێت، ئەوکات من و عەبادی دژی ئەوە بووین بە تانکەر نەوت هەنارده بکرێت. چ لەبەر ئەوەی رێگاکان تێکدەدا و ناشەفافیش دەبێ، بۆ ماوەیەک ئەو بیرۆکەیە راگیرا، بەڵام لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر واژۆ کرا.

**رووداو: زۆرترین پرسیاری خەڵک ئەوەیە دۆخی کەرکووک بە ئاسانی ئاسایی دەبێتەوە؟**


**نەجمەددین کەریم:** بە ئاسانی نابێت، بەڵام ئێمە هیوادارین بە ئاشتی چارەسەر بکرێت و بە رێککەوتن بێت، بەڵام هەر دەبێت بگەڕێینەوە.

**رووداو: باس لە سەرهەڵدانەوەی داعش دەکرێت لە سنووری کەرکووک، هیچ زانیارییەکی وا بە تۆش گەیشتووە؟**

**نەجمەددین کەریم:** ئاگادارم لە سنووری حەویجە هەن، ئێمە دەبێت بپرسین بۆچی ئەو سنوورە کە تازە ئازاد کراوە، داعشی لێ ماوە، لەبەر ئەوەی بەغدا هێندە پەلەی بوو هێز بنێرێتە سەر کەرکووک، فریای کێومالکردن و ئازادکردنی ئەو ناوچانە نەکەوت. تەنیا بە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانیان بەناو شارۆچکەکەدا تێپەڕین و خۆیان گەیاندە کەرکووک. ئامانجی روونیان کەرکووک بوو نەک دەرکردن و نەهێشتنی داعش. ئەگەر ئێمە گشتپرسیشمان نەکردایە هەر دەهاتنە

**لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە لە بنەماڵەی مام جەلال تەنیا قوبادم بینیوە**

کەرکووک تاوەکو کورد و پێشمەرگەی لێ دەربکەن. ئەو رێککەوتنەشیان لەگەڵ چەند کەسێکی نێو یەکێتی کارئاسانیی بۆ کردن، بۆیە داعشیان پێ پاک نەکرایەوە. بۆیە پێشبینی دەکەم لەناو کەرکووکیش چالاکیی چەکداری بکەن و بەرپرسیارێتی ئەمەش لە ئەستۆی سەرۆکوەزیرانی عێراق و فەرماندەکانی حەشدی شەعبی دەبێت.



## مستەفا هیجری هەڵبژێردرایەوە

**ڕووداو- کۆیە**

شازدەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە بەڕێوەچوو، مستەفا هیجریش بە لێپرسراوی گشتیی ئەو حیزبە هەڵبژێردرایەوە. پێشتر پۆستی کەسی یەکەم لەنێو حدکا "سکرتێری گشتی" بوو، بەڵام لە کۆنگرەی 16ی حیزبەکەدا گۆڕانکاری لە هەیکەل و پەیڕەوی ناوخۆدا کرا، پۆستی کەسی یەکەمیش گۆڕدرا بە لێپرسراوی گشتی. مستەفا هیجری کە پێشتر سکرتێری حیزب بوو، لەم کۆنگرەیەشدا بە لێپرسراوی گشتی هەڵبژێردرایەوە. ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێن، چاوەڕوانییان لە سەرکردایەتی حیزبەکەیان هەیە بڕیارەکانی کۆنگرەکە بخاتە بواری جێبەجێکردن. ئەوان دەڵێن، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی حدکا، چالاکی و کاریگەرییەکانی ئەو حیزبە زیاتر دەکات.

# چوونی هێزەکانی ئەسەد بۆ عەفرین چ ئاکامێکی دەبێت؟



(فۆتۆ: AFP)

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو (هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیی سووریا) گەیشتنە عەفریت

**پۆڵ ئیدن**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا، ناسراو بە (هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیی سووریا)، گەیشتنە ناوچەی عەفرین، ئەمەش دوای ئەوەی هێزە کوردییەکان لە عەفرین داوایان لە دیمەشق کرد لە بەرامبەر هێرشە بەردەوامەکانی سوپای تورکیا و هێزە لایەنگرەکانی، بەرگری لە سنووری نێودەوڵەتیی سووریا بکات. ئەمە گۆڕانکارییەکی گرنگە و ئاکامەکانی تاوەکو ئێستا بەڕوونی دیار نین.

تورکیا هۆشداری دابووە حکومەتی سووریا کە هێز ڕەوانەی ئەو ناوچانە نەکات و بۆ بەرگری لە عەفرین شانبەشانی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) شەڕ نەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا پێشوازی لەوە کردووە کە هێزەکانی سەر بە ڕژێم دەست بەسەر عەفریندا بگرن، ئەمەش بەو مەرجەی هێزەکانی یەپەگە لە هاوکێشەکە بەرنە دەرەوە، لەبەر ئەوەی ئامانجی بنەڕەتیی تورکیا ئەوەیە لە دیوی عەفرینەوە هاوسنووری هێزە کوردییەکانی سووریا نەبێت.

پرۆفیسۆر جۆشوا لەندیس، شارەزای کاروباری سووریا لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، پێیوایە هاتنی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد بۆ عەفرین سەرکەوتنێکە بۆ هەموو لایەک. لەندیس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرکەوتنی تورکیا لەوەدایە کە کێشەی یەپەگە لە عەفرین (بۆ تورکیا) چارەسەر دەبێت، کوردیش لەو گۆڕانکارییەدا براوەیە، چونکە دواجار لە بەرامبەر سوپای لایەنێکی دوژمنکاردا شکستیان نەهێناوە و سەر وماڵیان سەلامەتە. ئەمە سەرکەوتنێکە بۆ حکومەتی سووریاش، چونکە سەروەریی دەسەڵاتەکەی خۆی لە ناوچەیەکی دیکەش بەدەستهێنایەوە، دەتوانێت ئەو هەنگاوە وەکوو بەڵگەیەک نیشان بدات کە هێزەکانی هەڕەشە نین بۆ خەڵکی ناوچەکان، بەڵکو پارێزەری خەڵکن".

به بۆچوونی لەندیس، ئەمریکا و ڕووسیاش دەتوانن ئەم هەنگاوە بە سەرکەوتنێک بۆ خۆیان لەقەڵەم بدەن، چونکە ئەوانیش دەتوانن بڵێن "ئێمە کار بۆ سەقامگیریی سووریا دەکەین". شارەزا ئەمریکییەکە مەزندە دەکات کە کەسانێکی زۆر لە واشنتن بە نیگەرانییەوە سەیری گۆڕانکارییەکانی هەفتەی ڕابردووی عەفرینیان کردبێت، چونکە "زۆر کەس لە واشنتن وای دەبینن کە هەر کاتێک حکومەتی سووریا بە یەکێک لە بەرژەوەندییەکانی خۆی گەیشتبێت، ئەو بەرژەوەندییە یەکسان بووە بە ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکی ئێران". بۆیە پرسیارە سەرەکییەکە لە کۆشکی سپی ئەوەیە ئەمریکا هەنگاوەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی نفووزی ئێران لە سووریا دەگۆڕێتەوە بە سەقامگیربوونەوەی ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی سووریا؟



## چوونی هێزەکانی ئەسەد بۆ عەفرین سەرکەوتنە بۆ هەمووان

زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر ڕێککەوتنەکەی حکومەتی سووریا و یەپەگەدا تێدەپەڕێت، بەرپرسانی یەپەگە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە ڕێککەوتنەکەی نێوانیان تەنیا دانانی کۆمەڵێک بنکەی سەربازی لە ناوچەکانی عەفرین لەخۆدەگرێت و هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسی و کارگێڕی لەنێوان کورد و دیمەشقدا نەکراوە، بەو پێیەش یەپەگە ڕێگە بە هێزەکانی سووریا نادات بانگەشەی گرتنی هەموو کانتۆنی عەفرین بکەن.

بۆیە ئارۆن ستاین، لێکۆڵەری کاروباری سووریا لە ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک پێیوایە "جارێ زووە بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ دیمەشق بە کردەوە دەست بەسەر عەفریندا دەگرێتەوە یان نا". ستاین لەمبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "پێموانییە هێزەکانی یەپەگە لەڕووی فەرماندەیی و پێکهاتەی سەربازییەوە لە هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیی سووریا لاوازتر بن، بەم حاڵەشەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین بزانین ڕووداوەکان بەکام ئاراستەدا دەڕۆن".

هێزەکانی ئەنقەرە هەرزوو هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریایان لە عەفرین کردە ئامانج، ئەمەش دەکرێت هۆکار بێت بۆ ئەوەی هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی جارێ بیر لەوە نەکەنەوە لەگەڵ هێزەکانی یەپەگە شەڕ بکەن.

بە بۆچوونی ستاین "سەرنجڕاکێشترین شتی ئێستا پەیوەندی بە داینامۆی ڕووسیا و ڕژێمەوە هەیە". لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕێککەوتنە سەربازییەکەی یەپەگە و حکومەتی سووریا، بەرپرسانی یەپەگە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە ڕووسیا ڕۆڵی تێکدەری گێڕاوە. لێکۆڵەرەکەی ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "پێدەچێت سووریا بەگوێی ڕووسیای نەکردبێت و سەرەڕای ڕێککەوتنی ڕووسیا و تورکیا بۆ ئاسانکاریی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون، هێزی ڕەوانەی عەفرین کردبێت". بۆیە ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ "ڕووسیا ناچار دەبێت لە نێوان دیمەشق و ئەنقەرە (یەکێکیان) هەڵبژێرێت یان نا".

بەر لە دەستپێکی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین، مۆسکۆ ئۆپەراسیۆنەکەی قەبووڵ کرد و ئەو هێزانەی کشاندەوە کە پێشتر بۆ ڕێگری لە پێکدادانی هێزەکانی یەپەگە و تورکیا لە ناوچەی عەفرین جێگیری کردبوون، ئەمەش وایکرد هێزە کوردییەکان ڕووسیا بە خیانەتکردن لە کورد تۆمەتبار بکەن.

ڕووسیا هێز و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە چاودێریی توند بخاتە سەر ئاسمانی باکووری ڕۆژئاوای سووریا، بە گوێرەی سەرچاوە میدیاییەکان لە ڕۆژانی 5 بۆ 9ی شوبات و دوای کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی لە پارێزگای ئدلیب، ئەو کارەی کردووە. بەڵام لە نزیک چل ڕۆژی ڕابردوودا هێرشی ئاسمانیی تورکیا لەسەر عەفرین بێ پسانەوە بەردەوام بووە.

ئەگەر دیمەشق نەتوانێت ڕێگە لە بۆردومانەکانی هێزی ئاسمانیی تورکیا لەسەر عەفرین بگرێ، ئەوە پێناچێت ناردنی هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیش کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ڕووداوەکانی مەیدانی شەڕ دابنێت. مانگی تشرینی یەکەمی 2016، هێزی ئاسمانیی تورکیا بۆردومانی باکووری سووریایان کرد، لە ئەنجامدا ژمارەیەک شەڕڤانی یەپەگە کوژران. بەپێی ڕاپۆرتێکی (حورییەت)ی تورکیا، ئەوکات سووریا هۆشداری دابوو کە ئەگەر تورکیا سنووری ئاسمانیی سووریا ببەزێنێت فڕۆکەکانیان دەخەنەخوارەوە. ئەوکات تورکیا بۆ ماوەیەکی کورت هێرشە ئاسمانییەکانی ڕاگرت، بەڵام دوای دانوستاندن لەگەڵ ڕووسیا جارێکی دیکە هێزی ئاسمانی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی ئەلبابدا بەکارهێنا.

ئەگەر ڕووسیا تاوەکو ئێستاش لەسەر بۆچوونی هەفتەی ڕابردووی خۆی بێت و پشتگیری لە بڕیارەکەی دیمەشق بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کورد نەکات، ئەوە ڕەنگە ئەنقەرە جورئەتی ئەوە بە خۆی بدات کە هەموو سیستەمە بەرگرییە ئاسمانییەکانی سووریا کە ڕێگە لە چالاکیی فڕۆکەکانیان لە عەفرین دەگرن، بکاتە ئامانج. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سەرەتای مانگی شوبات، حکومەتی سووریا سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی لە هەردوو پارێزگای حەلەب و ئدلیب داناوە.

گوتەبێژێکی یەپەگە بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)ی ڕاگەیاندووە ئەگەر بۆردومانی هێزی ئاسمانیی تورکیا لەسەر عەفرین نەبوایە، وەدەرنانی هێزەکانی سەر بە تورکیا "کاتێکی زۆری نەدەویست".

ئارۆن ستاین جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەشێت ئاکامی گۆڕانکارییەکانی هەفتەی ڕابردوو بەسترابێتەوە بەوەی "ئاخۆ تورکیا سەرکێشی دەکات و دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، یان ڕووسیا هەوڵدەدات دۆخەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە".

## خۆبەخشە نێودەوڵەتییەکانی ناو یەپەگەی لە پشتە

# ڕۆژئاوای کوردستان دەست بە پڕۆژەی ڕۆژاڤای سەوز دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی چل ڕۆژە هەواڵەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر هێرشی سوپای تورکیا و هێزە لایەنگرەکانی بۆ سەر عەفرین چڕبووەتەوە، حکومەتی تورکیا ناوی "ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون"ی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی ناوە، بەڵام هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا مەترسی لەسەر سەدان هەزار درەختی زەیتوونی عەفرین هەیە کە ناوچەکەی پێ دەناسرێ.

حەوت ساڵ شەڕی نێوخۆی سووریا، ئیدارەی ڕۆژئاڤای کوردستان و خۆبەخشە نێودەوڵەتییەکانی سارد نەکردووەتەوە لەوەی بیر لە پاراستنی ژینگەی ناوچەکەیان بکەنەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (نیو ستەیتسمەن)ی بەریتانی، لیژنەکانی پاراستنی ژینگەی ڕۆژئاوای کوردستان و چالاکڤانانی نێودەوڵەتی کار لەسەر پڕۆژەیەک دەکەن لەژێر ناوی "جارێکی دی ڕۆژاڤا سەوز دەکەینەوە". لەو پڕۆژەیەدا هەزاران درەخت دەچێنرێن و هاوکاریی جووتیارانیش دەکرێت بۆ ئەوەی بەشێوازێکی ژینگەپارێزانە کار لە کێڵگەکانیاندا بکەن.

بەگوتەی چالاکڤانانی ژینگەی ناوچەکە، مێژووی کێشەی ژینگەی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ پێش دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆی سووریا دەگەڕێتەوە. چیا، ئەندامێکی لیژنەی ژینگەپارێزی جزیرە بە گۆڤارە بەریتانییەکەی گوتووە "لە کاتی دەسەڵاتی ڕژێمی سووریادا وەکوو بڵێی چاندنی درەخت قەدەغەبوو، حکومەت دەیویست ئێمە تەنیا گەنم بچێنین".

وەکو لە پلانی فەرمانگەی ئابووریی ڕۆژئاوای کوردستاندا هاتووە، دەسەڵاتی خۆسەری دەیەوێت جۆرێک لە فرەجۆری بە بەرووبوومی کشتوکاڵیی ناوچەکە بدات و واز لەو سیاسەتەی ڕژێم بهێنێت کە هەموو فۆکەسەکەی لەسەر چاندنی گەنم بوو. ئیدارەی خۆسەری بەنیازە لەپاڵ چاندنی گەنم بایەخێکی تایبەتیش بە چاندنی سەوزە و میوە بدات کە لە درێژخایەندا قازانجی زۆری بۆ ژینگەی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەبێت، بۆ ئەم پڕۆژەیە 18 هەزار مەتر چوارگۆشە بۆ ڕاهێنانی جووتیارانی گەنج و ئافرەت لە کانتۆنی جەزیرە دابینکراوە، پڕۆژەکە بە "بێستانێن ڕۆژئاڤا" ناوی دەرکردووە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا کەم نەبوون ئەو بەرپرس و شارەزا نێودەوڵەتییانەی وشکەساڵیی دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیەیان بە هۆکاریی سەرەکیی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی 2011ی سووریا زانیوە. ستێفان چالاکڤانێکی نێودەوڵەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان پێیوایە کێشەکە ئەوە نییە وشکەساڵی هۆکاری سەرهەڵدانەکان بووە، چونکە ئەمە زێدەڕۆیی تێداکراوە، مەسەلەکە ئەوەیە شەڕ خەریکە خاکی ئەم ناوچەیە تێکدەدات. ستێفان دانی بەوەشدا هێنا کە "شۆڕشە ئیکۆلۆژییەکەی ڕۆژئاوای کوردستان". زۆر خاو بووەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (نیو ستەیتسمەن) بیر و کانیاوەکان لە کاتی پاشەکشەی چەکدارانی داعش تێکچوون، ئەو کات داعش نەوتی ڕەشی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی ئاگربکاتەوە و بە دووکەڵی ئاگرەکە شوێنی چەکدارانی خۆی لە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بشارێتەوە، جیا لەمەش پاشماوەی زۆری چەکە قورسەکان و گازە ژەهراوییەکان لەگەڵ خاکی ناوچەکەدا تێکەڵ بووە.

سەرچاوەی زۆرینەی ئاوی ڕووبارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە تورکیان کە لە دەیەی ڕابردوودا دەستی بە دروستکردنی بەنداوی گەورە لەسەر ئاوی ئەو ڕووبارانە کردووە. ئالان ئەندامێکی دیکەی لیژنەی ژینگەپارێزی جەزیرەیە و بە گۆڤارە بەریتانییەکە دەڵێت "ئەوە ساڵانێکە تورکیا بەدروستکردنی بەنداو لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات ڕژانی ئاوی ئەو ڕووبارانە بۆ ناو خاکی سووریا کەم کردووەتەوە، جیا لەمە لەدیوی تورکیا ژمارەیەکی زۆر بیری ئاو لێدراون".

فەرمانگەی ئابووریی ڕۆژئاوای کوردستان پشتڕاستی دەکاتەوە کە کەمی ئاو "گەورەترین کێشەی کەرتی کشتوکاڵی ڕۆژئاوای کوردستانە و تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە". بەگوێرەی ڕاپۆرتی فەرمانگەکە خەڵک تاوەکو ئێستاش خەریکی بیر لێدانن و ئەمەش وایکردووە ئاستی ئاوی ژێرزەوی دابەزێت. دەسەڵاتدارانی ئیدارەی خۆسەری بەنیازن پەرە بەشێوازی نوێی ئاودێری بدەن.

جیا لەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەیە، کانتۆنی جەزیرە ڕوویکردووەتەوە چاندنی ئەو دانەوێڵانەی پێویستیان بە ئاودێری نییە. ئێستا ئەو جۆرە دانەوێڵانە 25%ی بەرووبومی دانەوێڵەی کانتۆنەکە پێکدەهێنن، لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمدا ئەو ڕێژەیە تەنیا 10% بوو.

ستێفان پێیوایە لەدۆخێکی وەکوو ئێستا ئاساییە کە پلانی ڕۆژئاوای سەوز بە هێواشی بەرەو پێش بچێت. ئەو کە بەشێکە لە خۆبەخشە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەوەی گرنگە ئەوەیە کۆمەڵگایەکی نوێ دروستبکەین و بۆ ئێمەی ڕۆژئاواییش گرنگە ئیمکانی داهاتووی جیاواز لێرە ببینین". بە گوتەی ستێفان کە ئامادە نەبووە ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا بکات، تەنانەت قۆناغە کورتخانەیەکانی پڕۆژەکەش چەند ساڵێکیان دەوێت.



یەکەمین دار کە لەلایەن چالاکڤانانی پڕۆژەی (جارێکی دی ڕۆژاڤا سەوز دەکەینەوە) چێندراوە

چالاکڤانانی پڕۆژەی "جارێکی دی ڕۆژئاوا سەوز دەکەینەوە" بەنیازن تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ 10 هەزار درەخت بچێنن و ئەم ڕەوتە تاوەکو شەش ساڵی دیکە بەردەوام بێت. بەپێی پڕۆژەکە لە پێنج ساڵی داهاتوودا 50 هەزار درەختی دیکە دەچێنرێت و خولی باخەوانی و دارەوانی بۆ جووتیاران دەکرێتەوە.

کاربەدەستانی ڕۆژئاوای کوردستان داوای هاریکاریی دارایی، خۆبەخشی ژینگەپارێزی نێودەوڵەتی و زانیاری نوێی زانایان و ژینگەپارێزانی هەموو جیهان دەکەن. بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەوان ئەمە بەشۆڕشێکی دیکە لەپاڵ شۆڕشەکەی ڕۆژئاڤای کوردستان دەزانن بۆ ئەوەی سامانی سروشتی ناوچەکە بپارێزن.

ئەبو عەزاز یەکێکە لەو جوتیارانەی لە چوارچێوەی پڕۆژەکەی ڕۆژئاوای سەوزدا لە کۆمۆنی نێودەوڵەتی (چالاکڤانە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژئاڤا) کشتوکاڵ دەکات و دەڵێت "لە داهاتوودا درەختێکی زیاتر لەدەوری زەوییە کشتوکاڵییەکەی خۆم دەچێنم، بۆ ئەوەی خاکەکە تەندروستتر بێت و بۆ چاندنی بەروبومی دیکەش گونجاو بێ".

بەشێک لە ئەندامانی کۆمۆنە نێودەوڵەتییەکە خەریکی یارمەتیدانی خەڵکی مەدەنیی عەفرینن، بەڵام هیواخوازن لە داهاتوودا بتوانن پرۆگرامی چاندن و متوربەکردنی درەخت بۆ ئەو کانتۆنەش بگوازنەوە کە ماوەی 40 ڕۆژە لەلایەن سوپای تورکیا و هێزە لایەنگرەکانی هێرشی کراوەتەسەر. ستێفان دەڵێت "دارستانەکانی ئێرە لەناوچوون و ئاوەکەشی بەهۆی شەڕەوە پیس بووە".

چارەنووسی شنگالی پاش داعش

## گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی:

# کلیلی ژیانەوەی شنگال لەدەست پارتیدایە

**ڕووداو – هەولێر**

لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا سێ جار هێزی دەسەڵاتداری شنگال گۆڕاوە، یەکەمیان لەدوای هێرش و کوشتار و رفاندنی خەڵکی ئەو شارە بوو لەلایەن داعش، دوایین جاریشیان لە پاش هێرشەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بوو بۆ سەر ئەو ناوچەیە و پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە. ئەگەر هێرشەکانی داعش شارەکەی وێران و خەڵکێکی زۆری ناوچەکەی ئاوارە کردبێت، ئەوە وجوودی هێزەکانی حەشدی شەعبیش پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و گەڕانەوەی ئاوارەکانی راگرتووە.

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە دوایین راپۆرتیدا باس لە چارەنووسی شنگال و تەگەرەکانی بەردەم ئاساییبوونەوەی دۆخی ژیان لە ناوچەکە دەکات.

### شنگال وەکوو ناوچەیەکی کێشەلەسەر

شنگال 50 کیلۆمەتر لە سنووری سووریاوە دوورە، رێک لە باشووری پارێزگای دهۆک هەڵکەوتووە و 120 کیلۆمەتر لە شاری مووسڵەوە دوورە. شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری بەشێکن لە پارێزگای نەینەوا، بەپێی دەستووری 2005ی عێراق، شنگال یەکێک لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی عێراقە. لە ساڵی 2003 تاوەکو 2014 بەشێوەیەکی دیفاکتۆ لەژێر دەسەڵات و چاودێری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا بوو.

راپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت، نزیکبوونی شنگال لە سووریا و تورکیا وای کردووە وەکوو مەیدانێکی ململانێی بەرژەوەندیی هێزە جیاجیاکان و دەستتێوەردانی دەرەکی بمێنێتەوە. هەر ئەمەش وای کردووە سەرەڕای بچووکی، بایەخێکی یەکجار زۆری لە ناوچەکەدا هەبێت.

### کۆمەڵگایەکی دابەشبوو

کوردی ئێزدی هەر لە کۆنەوە رووبەڕووی سیاسەتی پاکتاو و چەوسانەوە بوونەتەوە لەلایەن حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە. لە سەرژمێری 1977ی عێراقدا، ئێزدییەکان ناچارکران خۆیان بەعەرەب ناونووس بکەن، لە هەشتاکانی سەدەی رابردووشدا گوندەکانیان رووبەڕووی هەڵمەتی تێکدان بوونەوە و پیاوە کوردە ئێزدییەکانیش کە پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردییەوە هەبووبێت، دەکوژران.

لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنەوە لە 2003، هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان (پارتی و یەکێتی) هێزیان رەوانەی ناوچە کێشە لەسەرەکان کرد. راپۆرتەکەی گرووپی قەیران دەڵێت، یەکێتی بوو بە هێزی باڵادەست لە کەرکووک و ناوچەکانی نزیک سنووری ئێران و پارتیش لەناوچە کێشە لەسەرەکانی نزیک سنووری سووریا بوو بە هێزی باڵادەست.

راپۆرتەکە هەوڵی داوە وێنەیەکی گشتی لەو رووداو و گۆڕانکارییانە بخاتەڕوو کە پێش هێرشەکانی 2014ی داعش هەبوون. بەپێی راپۆرتەکە "چارەسەرنەبوونی سیاسیانەی چارەنووسی ناوچە کێشەلەسەرەکان و لاوازبوونی حکومەتی ناوەندی" بووە هۆی ئەوەی هێزە کوردییەکان لە ناوچە کێشە لەسەرەکان شوێنی خۆیان قایم بکەن.

راپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە "پارتی دیموکراتی کوردستان دەسەڵاتی خۆی لە بەغدا و مووسڵ بەکارهێنا بۆ ئەوەی حوکمی شنگال بکات، لەوێش لایەنگرانی خۆی لە ئیدارە خۆجێییەکان دانا و دامەزراوەی ئەمنیی هاوتەریبی پێکهێنا". لەو ساڵانەشدا دۆخی شنگال تووشی چەقبەستوویی بوو، چونکە ناوچەکە وەکوو ئەمری واقیع "لەژێر دەسەڵاتی سەربازیی پارتی و دەسەڵاتی ئیداریی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوو"، بەڵام ناوچەکە بەکردەوە "پشتگوێ خرابوو" رۆڵی حکومەتی ناوەندیش بۆ دانی مووچە و هەڵکردنی ئاڵا لە باڵەخانە حکومییەکانی ئەو ناوچەیە کورت کرابووەوە.



نزیکبوونی شنگال لە سووریا و تورکیا وای کردووە وەکوو مەیدانێکی ململانێی بەرژەوەندیی هێزە جیاجیاکان و دەستتێوەردانی دەرەکی بمێنێتەوە (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

> حەشد داوای لێکردین ئاڵاکەمان دابگرین و تەنیا ئاڵای عێراق بهێڵینەوە
>
> فەرماندەیەکی یەبەشە

### ململانێی هێزە کوردییەکان

لە سەروبەندی هێرشی داعش بۆ سەر شنگال و پاشەکشەی پێشمەرگە، یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال (یەبەشە) و بەشێک لە چەکدارانی پەکەکە لە چیای قەندیلەوە رەوانەی شنگال کران. هەر ئەو هێزانە رێڕەوێکیان بۆ ئاودیوبوونی خەڵکی ئێزدی بۆ ناو خاکی سووریا کردەوە، بۆ ئەوەی لەوێوە ئاودیوی سنووری هەرێمی کوردستان ببنەوە. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پەکەکە بە دروستکردنی ئەو ڕێڕەوە شوێن پێیەکی بۆ خۆی دروستکرد، کە دواتر وەکوو کەناڵێک بۆ گواستنەوەی پێداویستییەکان بۆ شەڕڤانانی یەپەگە بەکاریان هێنا.

بەپێی راپۆرتەکەی گرووپی قەیران "کاتێک هێزەکانی یەپەگە و یەبەشە و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەجیا و بە هاوکاریی ئەمریکا شنگالیان لە چنگی داعش دەرکرد، حکومەتی عێراق هەستی بەوە کرد دەرفەتێکی دەستکەوتووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پارتی لە شنگال کەم بکاتەوە"، بۆیە رازی بوو لە رێگەی ئۆفیسی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراقەوە پارەی هێزەکانی یەپەشە بدات، واتە لە رێگەی هەمان ئەو دامەزراوەیەی کە "مووچەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەدا".

بەم جۆرەش ململانێی پەکەکە و پارتی لەگەڵ ململانێی لەمێژینەی نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکیانگرت و لەو نێوانەشدا "کۆمەڵگای شنگال لە دوو لاوە وەکوو بارمتەی لێهات". وەکوو لە راپۆرتەکەدا هاتووە کاتێک هێزەکانی پارتی و پەکەکە توانییان داعش لە مووسڵ دەربکەن، ئەوجار رووی تفەنگەکانیان لە یەکدی کرد.

راپۆرتەکە دەشڵێت کە لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی 2017 دا شەڕ و پێکدادانی نێوان پێشمەرگەکانی پارتی و هێزەکانی یەبەشە گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار. لە رۆژی سێی ئادار شەڕ لە نێوان هێزەکانی یەبەشە و هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژئاوا روویدا. هەفتەیەک دوای ئەو رووداوانە هێزەکانی سەر بە پەکەکە بە پاس خۆپیشاندەری سوورییان لە رێگەی خاڵە سنوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە ئاودیو کرد، ئەمەش شەڕ و پێکدادانی نوێی لێکەوتەوە.

راپۆرتەکە دەشڵێت کە "ئەمریکا پێویستی بە کۆریدەرێک بوو بۆ ئەوەی پێیدا چەک و تەقەمەنی بۆ یەپەگە بگوازێتەوە، کاتێکیش لە ئاداری 2017 پارتی رێگەی گواستنەوەی ئەو یارمەتییانەی لە ئەمریکا گرت، واشنتن بۆ ماوەیەکی کورت هەموو هاوکارییەکانی خۆی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵپەسارد...".

### هاتنی میلیشیا شیعەکان

لەگەڵ درێژبوونەوەی شەڕی دژی داعش بۆ ساڵی 2017 و نزیکبوونەوەی سەرکەوتنی

> کشانەوەی پارتی لە شنگال بۆشایی ئیداری دروستکردووە

> شنگال لەنێوان پەکەکە و پارتیدا وەکو بارمتەی لێهات

> عێراق دەیەوێ هێزی حەیدەر شەشۆ بچێتە نێو سوپا

تەواوەتی بەسەر رێکخراوە جیهادییەکەدا ململانێ و کۆکردنەوەی هێز بۆ قۆناغی دوای داعش دەستیپێکرد. بە درێژایی مانگی ئایاری 2017 هێزەکانی حەشدی شەعبی کە یەکەمجار لە نزیک تەلەعفەر جێگیربوون، بەرەبەرە لە ناوچەکانی نزیک شنگال نزیک دەبوونەوە. ئەوکات هێزەکانی پەکەکە و پارتی لەناو شاری شنگالدا جێگیر کرابوون.

بەپێی راپۆرتەکە، پێشمەرگەی پارتی ئامادە نەبوون بەشداری ئۆپەراسیۆنێک بە سەرکردایەتی هێزەکانی حەشدی شەعبی بکەن کە ئامانجی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی باشووری شنگال بوو. بەڵام ئەو کوردە ئێزدییانەی لەسەر تۆڵەسەندنەوە و وەرگرتنەوەی ناوچەکانی خۆیان سوور بوون، فەوجی نوێیان دروستکرد، یان چوونە ناو ئەو فەوجانەی پێشتر حەشد دروستی کردبوون.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی گرووپی قەیران، هێزەکانی حەشد هەوڵی نزیککردنەوەی سەرۆکهۆزە کوردە ئێزدییەکانیان لەگەڵ ئەو سەرۆک هۆزە سوننانە داوە کە نە ئامادەبوون لەگەڵ پارتی کار بکەن و نە لە 2014ش یارمەتیی داعشیان دابوو.

لە پاش گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول، سوپا و پۆلیسی عێراق شانبەشانی هێزەکانی حەشد هێرشیان بۆ سەر ناوچە کێشەلەسەرەکان دەستپێکرد. هێزەکانی سەر بە پارتی لە رۆژی 14ی ئۆکتۆبەر شنگالیان چۆڵ کرد، فیرقەی پازدەی سوپای عێراق لە خاڵی سنووری رەبیعە لە نێوان عێراق و سووریا جێگیربوون. بە گوێرەی راپۆرتەکەی گرووپی قەیران، هێزەکانی حەشد لەو کاتەدا هیچ کێشەیەکیان بۆ هێزەکانی یەپەگە و یەبەشە دروستنەکرد، بۆیەش ئەو هێزانە هەر لە خانەسۆر مانەوە و کۆنترۆڵی پازدە کیلۆمەتر سنووری نێوان عێراق و سووریایان لەژێر دەست مایەوە.

### دروستبوونی بۆشایی ئیداری

پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال ئەگەری شەڕ و پێکدادانانی نێوان هێزە کوردییەکان لە شنگالی کەمکردەوە، بەڵام وەک لە راپۆرتەکەی گرووپی قەیراندا هاتووە وجوودی هێزەکانی حەشد و کۆنترۆڵکردنی خاڵە سنوورییەکانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ سووریا رێگەی بۆ قۆناغێکی نوێی دەسەڵاتی میلیشیاکان لەو ناوچەیە خۆشکردووە و کێشەش بۆ دەسەڵاتی بەغدا دروستدەکات".

بەپێی راپۆرتەکە هەرچەندە حەشد رێگەی بە میلیشیا ئێزدییەکان داوە، بەڵام ئەم رێگەپێدانە تەنیا بۆ ئەوە بووە هەموو ئەو هێزانە بهێنێتە ژێر چەتری فەرماندەیی خۆی، بۆ ئەمەش "ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێزدی و نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی ئەو کۆمەڵگایەی قۆستووەتەوە".

موراد شێخ خالۆ، فەرماندەیەکی ئێزدی هێزەکانی حەشد، لە دیمانەیەکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیدا ئاماژەی بەوە داوە کە هێزەکانی حەشد 3000 چەکداری ئێزدییان هەیە و هیواشی خواستووە بتوانن هەموو ئەو چەکدارانە رابکێشن کە پێشتر لە گرووپەکانی دیکەدا بوون. سەبارەت بە شەرڤانە ئێزدییەکانی یەبەشەش گوتوویەتی "ئەوان دەتوانن لەگەڵ یەبەشە بمێننەوە، ئەمەش تاوەکو ئەو کاتەی یەبەشە رازی بێت بەوەی لەناو هێزە ئەمنییەکانی عێراق یان حەشدی شەعبیدا بێت و وەڵامدەرەوەی فەرماندەیی ئێمە بێت".

راپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "کشانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانە بۆشاییەکی ئیداری دروستکردووە، ئەم بۆشاییەش ئەگەری گەڕانەوەی ئاوارەکانی لاوازتر کردووە". ئەو تەکنۆکرات، مامۆستا و پزیشکانەی ئێزدییانەی لە 2014 بەرەو هەرێمی کوردستان رایانکردووە تاوەکو ئێستاش هەر لەوێن، بۆیەش بەرپرسی رێکخراوێکی ناحکومی ئێزدییەکان بە قەیرانی نێودەوڵەتی راگەیاندووە کە ئەگەر هێزەکانی حەشد بشیانەوێت ئیدارەیەکی نوێ لە ناوچەکە دابنێن، بۆ دۆزینەوەی ستافی شارەزا و کارامەی خەڵکی ناوچەکە کێشەیان بۆ دروست دەبێت.

لەم سۆنگەیەشەوە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێشبینی دەکات تاوەکو ئێستاش کلیلی ژیانەوەی شنگال لەدەست پارتی دایە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە ئێزدییەکان لەژێر چاودێری ئەوان دان و دەتوانێت لە هەڵبژاردنی 2017دا دەنگەکانیان کۆدبکاتەوە.

### دەسەڵاتی حەشد

بەگوێرەی راپۆرتەکە فەرماندەکانی حەشد لە رێگەی شێخ خالۆ و تۆڕی لایەنگرانییەوە بەڕێوەبەرێکی نوێیان بۆ ناوچەی شنگال داناوە و دەستیان بە دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی دیکەش کردووە، لە کاتێکدا حەشد لەڕووی یاساییەوە مافی دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەری ئیداری بۆ فەرمانگە حکومییەکان نییە و تاوەکو ئێستاش حکومەتی عێراق پشتگیری لەو کەسانە نەکردووە کە حەشد دایناون.

فەرماندەیەکی یەبەشە وێڕای رەخنەگرتن لەو هەنگاوەی حەشد بە گرووپی قەیرانی گوتووە "ئەوان راوێژیان بە هیچکەسێک نەکردووە". فەرماندەکە باس لەوەش دەکات کە حەشد خزمەتی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی کۆمەڵێک ئێزدیی نزیک لە خۆیان دەکەن و حەشد بەوە تۆمەتبار دەکات کە "بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بە شنگالەوە هەبێت بە دۆزی شنگالەوە بازرگانی دەکەن".

> حەشد بازرگانی بە دۆزی شنگالەوە دەکات
>
> فەرماندەیەکی یەبەشە

لە مانگی ئۆکتۆبەردا فەرماندەیەکی حەشد بە گرووپی قەیرانی گوتووە "هەموو چەکدارێکی بیانی دەبێت شنگال جێبهێڵن، ئەگینا خۆمان دەریان دەکەین". گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێیوایە حەشد هەوڵدەدات کادیرەکانی یەپەگە و پەکەکە ناچار بکات ریزەکانی یەبەشە چۆڵ بکەن، فەرماندەیەکی یەبەشەش دەڵێت "سوپای عێراق داوایان لێکردین ئاڵای یەبەشە داگرین و تەنیا ئاڵای عێراق بهێڵینەوە و جلی سەربازیی سوپای عێراق لەبەر بکەین، نەک جلی یەبەشە. ئێمە ئامادەین تاوەکو مردن بەرگری لە پێگەی خۆمان بکەین".

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێزەکانی حەشد بە مۆنۆپۆڵکردنی پرسی دانانی بەرپرسان دەسەڵاتی خۆی بەسەر شنگالدا دەسەپێنێت. نوێنەری رێکخراوێکی ناحکومیی ئێزدییەکانیش دەڵێت: "ئەگەر من بمەوێت رێکخراوەکەی خۆم لە بەغدا تۆمار بکەم، تاکە رێگە ئەوەیە لە رێگەی حەشدەوە ئەمە بکەم، بەڵام ئەگەر ئەمە بکەم ئەوە دەبم بە بەشێک لە تۆڕەکەی حەشد".

بەپێی راپۆرتەکەی قەیرانی نێودەوڵەتی دەسەڵاتی حەشد رێگرە لەوەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شنگال بەشێوەیەکی ئاسایی بەرێوەبچێت، چونکە هەموو ئەو بودجە و دەسەڵاتەی بۆ ئەو بوارە تەرخاندەکرێت دەکەوێتە دەست کۆمەڵێک سەرکردەی ئێزدی کە تەنیا نوێنەرایەتی بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکە دەکەن.

### بەغدایەکی لاواز


بەگوێرەی راپۆرتەکەی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی هەوڵەکانی حکومەتی بەغدا بۆ گەیشتن بە هاوبەشە ئێزدییەکان زۆر لاواز

> هەموو چەکدارێکی بیانی دەبێ شنگال جێبهێڵن، ئەگەرنا خۆمان دەریاندەکەین
>
> فەرماندەیەکی حەشد

بووە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئۆفیسی راوێژی ئاسایشی نیشتمانی تاوەکو ئێستاش لەگەڵ یەبەشە پەیوەندی هەیە، لە کاتێکدا سوپای عێراق هەوڵیداوە لەگەڵ هێزەکانی حەیدەر شەشۆش رێکبکەون بۆ ئەوەی بەشێک لە هێزەکانی بەرنە ناو سوپاوە.

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر حکومەتی بەغدا پشگیری لەو بەڕێوەبەرانە بکات کە حەشد لە شنگال دایناون، ئەوە بە کردەوە شنگالی رادەستی حەشد کردووە، تاکە رێگەش بۆ گەڕاندنەوەی شنگال بۆ دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی ئەوەیە "ئەو خێرە بە حەشد نەکات".

لە بەشی ئەنجامگیری راپۆرتەکەدا، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێشبینی دەکات گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بۆ شنگال یارمەتیدەر دەبێت لەوەی بەغدا بتوانێت لەسەر چارەنووسی ناوچە کێشەلەسەرەکان، لەوانەش شنگال، لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێت.



## لیژنەیەکی وردبینیی بەغدا دەچێتە سلێمانی

**ڕووداو - هەولێر**

لیژنەیەکی وردبینی حکومەتی عێراق بۆ وردبینی لە لیستی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەچێتە پارێزگای سلێمانی. سەمیر هەورامی، سکرتێری ڕۆژنامەڤانی جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو لیژنەیە لە 22 کەس پێکهاتووە، ئێوارەی ڕۆژی 2018/2/26 دەگەنە شاری سلێمانی و 13 ڕۆژ لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەڵەبجە، ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین دەمێننەوە، وردبینی لە لیستی مووچەخۆرانی سنووری سلێمانی دەکات. لەماوەی ڕابردوو لیژنەیەکی وردبینی مووچە کە لە 33 کەس پێکهاتبوون لە شاری هەولێر سەردانی دامودەزگا حکومییەکانیان کرد، بڕیاریشە لیژنەیەکی دیکەی وردبینی، سەردانی پارێزگای دهۆک بکات.

**90% یان چینین**

# ساڵانە 500 هەزار موەلیدە دەهێنرێنە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو - هەولێر**

بەهۆی کەمیی کارەبای نیشتمانی بێهیوابوونی خەڵک لە چاکبوونی، خواست لەسەر کڕینی موەلیدە لە کوردستان زیادی کردووە. بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی موەلیدەی کارەبایی دەڵێت، ساڵانە بازرگانانی کوردستان نزیکەی 500 هەزار موەلیدە هاوردە دەکەن.

ئێستا حەوت وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان هەن کە تێکڕای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەیان دەگاتە نزیکەی 6000 میگاوات کارەبا، بەڵام بەهۆی گرفتی دابینکردنی سووتەمەنی، ئێستا تەنیا 2600 مێگاوات کارەبا بەرهەمدێنن، ئەمەش گرفتی کەمیی کارەبای لێکەوتووەتەوە و ڕۆژانە تەنیا نۆ کاژێر کارەبای نیشتمانی هەیە، بۆیە بەشێک لە هاووڵاتیان پەنایان بۆ کڕینی موەلیدە بردووە.

ئەردەوان موحسین مەموندی، خاوەنی پێشەنگای ئەردەوان بۆ فرۆشتنی موەلیدەی کارەبایی لە شاری هەولێر، دەڵێت: "بەهۆی کەمیی کارەبای نیشتمانی، خواستێکی باش لەسەر کڕینی موەلیدە هەیە، ساڵانە نزیکەی 2500 تاوەکو 3000 موەلیدە دەفرۆشم".

ئەردەوان موەلیدە لە ئیمارات و چینەوە هاوردە دەکات و بەشێکیشی لە کۆمپانیاکان دەکڕێتەوە، دەڵێت زۆرترین خواست لەسەر موەلیدە لە مانگی ڕەمەزان، هەروەها ناوەڕاستی زستان و هاویندایە، چونکە لەم کاتانەدا بەهۆی زۆربوونی خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا، کاتەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی کەم دەبنەوە و نرخی کارەبای موەلیدەی ئەهلی زیاد دەکات.

ئەردەوان مەموندی هەروەها دەڵێت: "زۆرتر خواست لەسەر موەلیدەی دوو تاوەکو شەش کەیڤییە کە نرخیان بەگوێرەی کواڵیتی و تایبەتمەندییان دەگۆڕێت. بەشێوەیەکی گشتی نرخیان لەنێوان 120 تاوەکو 650 دۆلاردایە، ئەگەر مارکەش بێت دەگاتە 900 دۆلار".

بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار هەر کۆمپانیایەک چەند مارکەیەکی بەقەبارە و تایبەتمەندیی جیاواز خستووەتە بازاڕەوە، بۆیە بەسەتان جۆر و ناوی جیاوازی موەلیدە لە بازاڕ بەرچاو دەکەون، تەنانەت پێشەنگا بچووکەکانیش مارکەی تایبەت بەخۆیان هەیە.

ئەردەوان مەموندی دەڵێت: "زۆربەی ئەو موەلیدانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن چینین، کارگەکانی چین بەپێی داواکاریی بازرگان، جۆر و ناو و تایبەتمەندی موەلیدەکە دروست دەکەن، بۆیە بە سەتان جۆری موەلیدە لەبازاڕدا هەن، بۆ نموونە من هەشت مارکەی جیاواز دەفرۆشم، دوو لە مارکەکان تایبەت بەخۆمن و لە ئیماراتەوە هاوردەیان دەکەم".

لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەت بەهاوردەکردنی موەلیدە هەن، هەندێکیشیان بریکاری کۆمپانیای وڵاتانی دیکەن. کۆمپانیای تەقلە کۆمپانیایەکی لوبنانییە، لقی لە هەولێر و سلێمانی هەیە، ساڵانە بە هەزاران موەلیدە لە چین و لوبنانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکات.

ئاری نەسرەددین، بەڕێوەبەری فرۆشتن لەو کۆمپانیایە دەڵێت: "کۆمپانیاکەمان چەند مارکەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە و بریکاری چەند مارکەیەکی جیهانیشە، هەموو جۆرە قەبارەیەکی موەلیدەمان بەتایبەتمەندیی جیاواز هەیە، لە یەک کەیڤییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە 2000 کەیڤی، بەڵام زۆرترین خواست لەسەر موەلیدەی بچووکی یەک تاوەکو شەش کەیڤییە کە نرخیان لەنێوان 120 تاوەکو 900 دۆلارە".

بە گوتەی ئاری: "ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن موەلیدە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، کە 60%یان موەلیدەی بچووکن، قەبارەیان لە نێوان یەک تاوەکو 6.5 کەیڤیدایە".

ئێستا لە زۆر شوێن چەند ماڵێک ڕێکدەکەون و موەلیدەیەکی 30 — 80 کەیڤی دەکڕن و پێکەوە خەرجییەکەی دابین دەکەن، بۆیە ئێستا خواست لەسەر ئەو جۆرە موەلیدانەش هەیە.

سەبارەت بە فرۆشی کۆمپانیاکەیان، ئاری گوتی: "بەراورد بەپێش قەیران فرۆشی موەلیدە کەمی کردووە، بەڵام هێشتا باشە، بۆ نموونە فرۆشی ساڵی ڕابردووی موەلیدەی بچووک نزیکەی 300 هەزار موەلیدە بووە، بۆیە دەتوانم بڵێم ساڵانە لانیکەم 500 هەزار موەلیدە هاوردەی کوردستان دەکرێ".

لە کوردستان جگە لە وێستگە کارۆئاوییەکان، زۆرتر سوود لە سووتەمەنی وەردەگیرێ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئەگەرچی لە دنیادا سەرچاوەی جۆراوجۆر هەن بۆ دابینکردنی وزە.

حەمەئەمین هەورامی، ڕاوێژکار لە وەزارەتی کارەبا دەڵێت "پێشتر بۆ دەستکەوتنی کارەبا، ڕۆژانە 11 ملیۆن لتر گازوایل بۆ وێستگەکان دابین دەکرا و خەرجییەکی زۆر لەسەر حکومەت دەکەوت، بەڵام ئێستا کارپێکردنی وێستگەکانمان بۆ گازی سروشتی گۆڕیوە، ڕۆژانە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو 2600 مێگاواتە، نزیکەی نیو ملیۆن لیتر گازوایل و 420 ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتی بۆ وێستگەکان دابین دەکەین".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کارەبا، زیاتر لە یەک ملیۆن و 500 هەزار بەشداربووی کارەبا لە هەرێمی کوردستان هەن، ساڵانەش بەتێکڕا نزیکەی 100 هەزار بەشداربوو زیاد دەکات.

لەسایەی کەمبوونەوەی کارەبای نیشتمانیدا، موەلیدە ئەهلییەکان بوونەتە سەرچاوەی دابینکردنی کارەبا و لە زۆربەی گەڕەکەکان زیاتر لە چەند موەلیدەیەک دانراون، موەلیدەکان جگە لە پیسکردنی ژینگەی شار، بەهۆی نارێکیی ڕاکێشانی وایەر بۆ گواستنەوەی کارەبا بۆ ماڵان، سیمای شاریشیان ناشیرین کردووە.

حەمەئەمین هەورامی دەڵێت "ئێمە لەگەڵ سیستەمی موەلیدە نین، چونکە خەرجیی زۆرە و ناتوانرێت وەک جێگرەوەی کارەبای نیشتمانی بەکاربێت تەنیا لە حاڵەتی لەناکاو نەبێت، بەڵام لەم کاتە ناتوانین گوشار بخەینە سەر خاوەن موەلیدەکان، چونکە گوزەرانی هەزاران خێزانیان لەسەرە، هەر کات توانیمان کاتی کارەبای نیشتمانی بۆ زیاتر لە 20 کاژێر بەرز بکەینەوە، خەڵک خۆیان واز لە موەلیدە دەهێنن".



لە کوردستان زۆرترین خواست لەسەر موەلیدەی یەک تاوەکو شەش کەیڤییە

**93%ی**
**هاووڵاتیان پارەی کارەبا نادەن**

حەمەئەمین هەورامی، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا دەڵێت: " تەنیا 7 %ی خەڵک پابەندن بە دانی پارەی کارەبای نیشتمانی". بۆیە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا سوود لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت وەربگرن "لەهەموو جیهاندا ئەوە بەسەرچووە حکومەت لە دەرگای ماڵان بدات. بۆ پارەی کارەبا".

# گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشە لە کشتوکاڵی کوردستان دەکات

## نزیکەی دوو ملیۆن دۆنم زەوی دەکەونە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچە مسۆگەر کە پێویستیان بە دانانی سیستەمی ئاودێری هەیە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو - هەولێر**

بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و کەمیی بارینی باران، ساڵ لەدوای ساڵ بەرهەمی ئەو زەوییانەی بەشێوەی دێمی لە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچەمسۆگەر دەچێندرێن ڕوو لە کەمی دەکات، بەجۆرێک ئەگەر ئەم دیاردەیە بەردەوام بێت و زەوییەکان بەراو نەکرێن، لەوانەیە لە داهاتوودا سوودی چاندنی دانەوێڵەیان نەمێنێ.

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵانە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 3.3 تاوەکو 3.5 ملیۆن دۆنم زەوی بە گەنم و جۆ دەچێنرێن، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی کەمیی بارانەوە لە وەرزی چاندن، نزیکەی ملیۆنێک دۆنم زەوی لەو ناوچانەی بارانیان نامسۆگەر و نیمچە مسۆگەرە، بە بەیاری ماونەتەوە، ئەو ڕووبەرەشی کە چێنراوە بەهۆی دواکەوتنی بارینی باران، وەک پێویست نەڕواوە، بۆیە پێشبینی دەکرێت بەرهەمی گەنم و جۆی ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 40% کەم ببێتەوە.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (ڕووداو)ی گوت: "لەکۆی ئەو ڕووبەرەی ساڵانە دەکرێتە دانەوێڵە، تەنیا 1.3 ملیۆن دۆنم دەکەوێتە ناوچەی بارانی مسۆگەر و پێویستیان بە دانانی سیستەمی ئاودێری نییە، بەڵام نزیکەی دوو ملیۆن دۆنم زەوی دەکەونە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچە مسۆگەر، بۆیە بۆ ڕزگاربوون لە هەڕەشەی وشکەساڵی و زیادکردنی بەرهەم پێویستمان بە دانانی سیستەمی ئاودێری لەم ناوچانە هەیە".

ئەو ناوچانەی ساڵانە 350 تاوەکو 400 ملیمەتر بارانیان لێدەبارێت بەناوچەی بارانی نیمچە مسۆگەر دادەنرێن، لەو بڕەش کەمتر بە ناوچەی بارانی نامسۆگەر دادەنرێ. فاروق عەلی دەڵێ "ئەگەر دۆنمێک زەوی بەگەنم لەم دوو ناوچەیە بچێنرێ، گرفتی کەمبارانی نەبێت نزیکەی 400 کیلۆ بەرهەم دەدات، بەڵام ئەگەر هەمان ڕووبەر سیستەمی ئاودانی بۆ دابین بکرێت، بەرهەمەکەی بۆ 800 تاوەکو 1000 کیلۆ بەرز دەبێتەوە".

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، لەکۆی ڕووبەری ئەو 3.5 ملیۆن دۆنمەی ساڵانە بە دانەوێڵە دەچێنرێت، تەنیا 502 هەزار دۆنمی بەراوە، لەم ژمارەیەش تەنیا 270 هەزار دۆنمیان بۆ سیستەمی ئاودان ئاوی بیر بەکار دەهێنن، ئەوانی دیکە پشت بە ئاوی ڕووبارەکان دەبەستن.

فاروق عەلی دەڵێت: "بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان، پێشنیازمان بۆ جووتیارانی ناوچەی بارانی نامسۆگەر کردووە، ساڵێک زەوییەکانیان بکەن بە وەرد و ساڵی دووەم بیچێنن، لەچاندنیش پەینی کیمیاوی بەکارنەهێنن و جۆ یان ئەو جۆرە گەنمانە بچێنن کە پێویستیان بەئاوی زۆر نییە".

هەروەها دەڵێت: "بەهۆی کەمیی باران بەتایبەت لە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچە مسۆگەر، بەباشی دەزانم ڕێگە بە جووتیاران بدرێت بیری پایل لە زەوییەکانیان لێبدەن بەو مەرجەی ئاوی بیرەکە تەنیا بۆ مەبەستی ئاودانی زەوییەکانیان لەنێوان 11/15 تاوەکو 3/21 بەکاربهێنن، ئەگەرنا دڵنیام لە چەند ساڵی داهاتوودا بەهۆی کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەواوە زیاتر لە یەک ملیۆن دۆنم زەویی گونجار بۆ چاندنی دانەوێڵە لەدەست دەدەین".

پارێزگای هەولێر لەڕووی ڕووبەرەوە پشکی شێری بەرکەوتووە لەو زەویانەی دەکەونە ناوچەی بارانی نامسۆگەر و نیمچەمسۆگەر. سەرجەم زەوییەکانی سنووری بنکە کشتوکاڵییەکانی بنەسڵاوە، قوشتەپە، عەنکاوە، شەمامک و خەبات دەکەونە ناوچەی بارانی نیمچەمسۆگەر، زەویی ناوچەکانی مەخموور، گوێر و دیبەگەش دەکەونە ناوچەی بارانی نامۆسگەر، ڕووبەری گشتیی ئەو ناوچانە نزیکەی ملیۆنێک و 244 هەزار دۆنمە و تەنیا 30%ی بەراوە.

ئەمین ڕەئوف پیرداود، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر دەڵێت: "لەڕووی زانستییەوە ئاوی بیر ناتوانێ جێگەی ئاوی باران بگرێتەوە، چونکە بەپێی ڕێنماییەکان نێوانی دوو بیری ئیرتیوازی نابێت لە 500 مەتر کەمتر بێت، بۆیە هەموو جووتیارێک ناتوانێت لە زەوییەکەی بیر لێبدات، لێدانی بیریش بە پایل قەدەغەیە، چونکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاوی ژێر زەوی دەبێ، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە زەوییەکان بە ئاوی ڕووبار بەراو بکرێن".

بە ئامانجی بەراوکردنی یەک ملیۆن ء 223 هەزار دۆنم زەوی لە دەشتەکانی پارێزگای هەولێر، وەزارەتی کشتوکاڵ لە کۆتایی ساڵی 2004 بیرۆکەی سێ پڕۆژەی ئاودێری ئاراستەی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی بەغدا کرد، وەزارەتی ناوبراویش دوای لێکۆڵینەوە ڕەزامەندی لەسەر پڕۆژەکە دا و خستییە پلانی ستراتیژیی خۆی. لە کۆتایی ساڵی 2006 دەستکرا بە توێژینەوە و نەخشەسازی بۆ پڕۆژەکە، بڕیار بوو ساڵی 2010 جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە کۆتایی ساڵی 2009 بەبیانووی ئەوەی پڕۆژەکە ئابووری نییە، وەزارەتی پلاندانانی بەغدا ڕەتیکردەوە.

دوای ڕەتکردنەوەی پڕۆژەکان لەلایەن بەغداوە، بەهۆی گرنگیی پڕۆژەی شەمامک کە نزیکەی 80 هەزار دۆنم بەراو دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010دا 50 ملیۆن دۆلاری وەک قۆناغی سەرەتا بۆ پڕۆژەکە دابین کرد، لیژنەیەکی پەیوەندیداریشی بۆ پێکهێنرا. لیژنەکە داوای توێژنەوەکانی لەبارەی پڕۆژەکە لەبەغدا کرد، بەڵام بەغدا ڕازی نەبوو توێژینەوەکان بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێ، بۆیە پڕۆژەکە پشتگوێ خرا.

ئەمین ڕەئوف دەڵێت: "ئەگەر ئەم پڕۆژانە تەواو بکرانایە زۆربەی ئەم ناوچانە گرفتی کەمبارانییان نەدەما و بەرهەمی ئەم ناوچانە بۆ دوو بەرامبەری ئێستا زیاد دەبوو، زۆربەی گوندەکانی ناوچەکەش ئاودان دەبوونەوە".

وەک هاندن بۆ بەراوکردنی زەویەکانیان، وەزارەتی کشتوکاڵ لە چوارچێوەی قەرزی کشتوکاڵی لەساڵی 2009 تاوەکو 2013 پێشینەی کشتوکاڵی دەبەخشی بە جووتیاران بۆ لێدانی بیر و ڕاکێشانی کارەبا و دانانی ئامێری پرژاندن، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، پێشینەکان وەستان، ئێستا بەشێک لە جووتیاران خۆیان سیستەمی ئاودێری بۆ زەویەکانیان دادەنێن.



لە کۆی 3.5 ملیۆن دۆنم زەوی کە دەکرێتە دانەوێڵە تەنیا 500 هەزار دۆنمی بەراوە (فۆتۆ: ڕووداو)

# ئێران و تورکیا.. کێ دەبێتە براوەی نەوتی کەرکووک؟



بیلال سەعید



ئەگەر لە سەرەتای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەردا لای بەشێک لە هاوولاتیان ئەو گومانە هەبووبێت کە پرسی نەوتی کەرکووک بەشێک نەبووە لە هۆکارەکانی پشت ئەو ڕووداوانە، بەڵکو پرسی ریفراندۆم بووە، ئەوە ئێستا دوای زیاتر لە چوار مانگ لەو ڕووداوە و ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کەرکووک بە ڕێگای بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیا، ڕوونتر دەردەکەوێت کە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەلامارەکەی سوپا و حەشد بۆ سەر کەرکووک، دەستبەسەرداگرتنی نەوتەکەی بوو.

پێگەی کەرکووک و خاکەکەی، ئەگەر خاڵی یەکەمی هەوڵەکانی کورد بووبێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، ئەوە بەدڵنیاییەوە نەوتەکەشی وەک شادەماری ئابووریی ئەو دەوڵەتە، گرنگە بەلایەوە، بۆیە بەهەنگاوەکانی عێراق و تەنانەت وڵاتە دراوسێیەکان، دوای 16ی ئۆکتۆبەر تێگەیشتین کە دەستبەسەرداگرتنی خاک و نەوتی کەرکووک، واتە دەستبەرداربوونی کورد لە بیرۆکەی دەوڵەتی کوردستان لانیکەم لە کورتمەودادا.

## ڕێککەوتنی ئێران و عێراق لەسەر نەوتی کەرکووک

پرسیارێک دێتە پێشەوە کە ئایا دوای 132 ڕۆژ لە پەلاماردانی کەرکووک لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، بۆچی تا ئێستا عێراق ئامادە نییە نەوتی کەرکووک بە بۆڕیی نەوتی کوردستاندا هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات؟ هەنگاوەکانی عێراق بۆ دروستکردنی بۆڕی نەوتی کەرکووک- ئێران بە کوێ دەگات؟ تورکیا بەم هاوئاهەنگییەی عێراق و ئێران ڕازی دەبێت؟

لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی 2017 دا وەزارەتی نەوتی عێراق بەشێوەیەکی ئاشکرا ناوەڕۆکی ڕێککەوتنێکی عێراقی لەگەڵ ئێران ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند کە لەگەڵ ئێران ڕێککەوتوون لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ کرماشان. بەپێی ڕێککەوتنەکە ڕۆژانە 30 تاوەکو 60 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک لەڕێگەی تانکەرەوە هەناردەی پاڵاوگەکانی کرماشان دەکرێت تاوەکو ئەوکاتەی بۆڕیی نەوتی کەرکووک ـ کرماشان ڕادەکێشرێ، بەڵام بەپێی نووسراوێکی دزەپێکراوی وەزارەتی نەوتی عێراق، مێژووی هەوڵەکانی ڕێککەوتنی عێراق و ئێران لەسەر نەوتی کەرکووک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵێک پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، لەبەر ئەوەی نووسراوەکە بەرواری 2016/10/16ی لەسەرە و لەلایەن جەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراقەوە ئاراستەی بێژەن زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران کراوە. ئەو وەزیرە عێراقییە پێشنیازی ڕاکێشانی بۆڕییەکی نەوتی کردووە تا لەو ڕێگەیەوە نەوتی کەرکووک بۆ پاڵاوگەی کرماشان-ی ئێران بگوازرێتەوە.

هەرچەندە هەوڵەکانی عێراق و ئێران بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە کە دەرهێنانی نەوتی کەرکووکە لە دەستی هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2016، بەڵام لەنێوان 2016 تاوەکو 2017 چەندین دانیشتن و گفتوگۆی فەرمی و نافەرمی لەنێوان ئێران و عێراق بەئامانجی ڕێککەوتن لەسەر نەوتی کەرکووک بەڕێوەچووە.

## عێراق و ئێران لە چ قۆناغێکی پلانەکەدان؟

پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، ڕۆژانە لە کەرکووکەوە نزیکەی 350 هەزار بەرمیل نەوت لەڕێگەی بۆڕیی نەوتی کەرکووک- جەیهانەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرا، بەڵام ماوەی 132 ڕۆژە هەناردەی نەوت بەڕێگەی بۆڕی ڕاگیراوە. ئەگەر بەهای یەک بەرمیل نەوت بە 50 دۆلار ئەژمار بکەین، ئەوا لە ماوەی ڕابردوودا زیانەکانی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کەرکووک دوو ملیار و 230 ملیۆن دۆلار بووە لەسەر داهاتی عێراق. دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بەشێوەیەکی چڕوپڕ هەناردەی نەوت لەڕێگەی تەنکەرەوە بەردەوامە، بەڵام لە 30 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە کەمترە، واتە کەمتر لە 8%ی هەناردەی نەوتی کەرکووکی پێش 16ی ئۆکتۆبەر. وەزارەتی نەوتی عێراق لە دوایین لێدوانیدا ڕایگەیاندووە لە سەرەتای مانگی ئادار هەناردەی نەوتی کەرکووک بە ڕێگەی تەنکەر بۆ ئێران دەگاتە 60 هەزار بەرمیل، واتە لە باشترین حاڵدا هەناردەی نەوتی کەرکووک دەگاتە 16%ی ئەوەی ڕابردوو.

> زیانەکانی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کەرکووک لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە لەسەر داهاتی عێراق دوو ملیار و 230 ملیۆن دۆلار بووە

سەبارەت بەڕاکێشانی بۆڕی نەوتی کەرکووک- جەیهان بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا، تا ئێستا بەشێوەیەکی کردارەکی هەنگاوێکی ئەوتۆ دیار نییە، بەڵام سەرچاوەی جیاواز ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێران هەنگاوە کردارییەکانی لای خۆیەوە دەستپێکردووە. بەپێی زانیارییەکان تێچووی پرۆژەی ڕاکێشانی بۆڕی نێوان کەرکووک- ئێران کە درێژییەکەی 1900 کیلۆمەتر دەبێ، بە زیاتر لە 20 ملیار دۆلار خەمڵێنراوە.

دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، عێراق لە پرسی هەناردەی نەوتی کەرکووک و ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم لەسەر هەناردەی نەوتی پارێزگاکە، سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام چەند گرێبەستێکی جیاوازی لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان واژۆ کردووە.

پەرلەمانی عێراق ڕۆژی 2018/1/9 بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا کاری کۆمپانیای "کار گرووپ" لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک ڕابگرێ، کارکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی ئەو پارێزگایە تەنیا لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە بێت و هەناردەکردنی نەوتیش تەنیا لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆوە.

هەروەها ڕۆژی 2018/1/18 جەبار لعێبی وەزیری نەوتی عێراق لەشاری کەرکووک، گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (BP) ی بەریتانی واژۆ کرد کە ئامانج لە گرێبەستەکە پەرەپێدانی نەوتی کەرکووکە.

جگە لەوەش ڕۆژی 2018/2/8 وەزارەتی نەوتی عێراق گرێبەستێکی دیکەی لەگەڵ کۆمپانیای ڕانیەی نێودەوڵەتی واژۆکرد، بەمەبەستی دروستکردنی پاڵاوگەیەک لە کەرکووک کە توانای پاڵاوتنی 70 هەزار بەرمیل نەوتی دەبێت لە ڕۆژێکدا.

ئەوەی جێگای تێبینییە، کۆی ئەو هەنگاو و ڕێکارانەی عێراق لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر گرتوویەتیە بەر، بەبێ ئاگاداری هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بووە.

## تورکیا و نەوتی کەرکووک

تورکیا لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی پێگەکەیەوە دروشمی ترانزێتی وزەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرزکردووەتەوە، ئەم ناوبانگەشی بەشێکی بە پشتبەستن بەپێگە و جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتنەکانی بووە لەگەڵ کوردستان، بەڵام دوای 16ی ئۆکتۆبەر پرسیارێک دێتە گۆڕێ: ئایا هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر هەنگاوەکانی عێراق و ئێران لەبارەی نەوتی کەرکووک چی دەبێت؟

هەرچەندە عێراق هەموو هەوڵێکی دا لەپێناوی ڕازیکردنی تورکیا بۆ ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستان، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە دەکرێت بڵێین بەشێک لەپەیامی خۆی بە عێراق گەیاند کە ئەو ئامادە نییە دەستبەرداری نەوتی کوردستان بێت.

وا بڕیارە کۆتایی ئەم هەفتەیە، وەفدێکی وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی نەوت و وزەی تورکیا سەردانی ئەو وڵاتە بکەن و لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک گفتوگۆ بکەن، بەدڵنیاییەوە بەشێکی گفتوگۆکان پەیوەندیدارە بەوەی تورکیا دەیەوێت هەڵویستی خۆی بەرامبەر هەنگاوەکانی ئێران و عێراق بۆ دروستکردنی بۆڕیی نەوتی کەرکووک- کرماشان ڕوون بکاتەوە، لەکاتێکدا بۆڕییەکی ئامادەی نێوان کوردستان — تورکیا هەیە و توانای گواستنەوەی نەوتی کەرکووکی بۆ بازاڕەکانی جیهان هەیە.

بۆیە پێویستە چاوەڕێ بکەین بزانین تورکیا بەبژارەکانی دەتوانێت لەیەک کاتدا عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر نەوتی کەرکووک بگەیەنێتە ڕێککەوتن، یان ئامادەیە دەستبەرداری نزیکەی 15%ی هەناردەی نەوتی عێراق بۆ تورکیا بێت؟

# ڕووسیا دەست بەسەر نەوت و غازی سووریادا دەگرێت

ڕووداو- هەولێر


کێڵگەی نەوتی ڕمێلان لە ڕۆژئاوای کوردستان

لە کۆتایی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ڕووسیا ڕێککەوتنێکی هاوکاریی بواری وزەی لەگەڵ سووریا واژۆ کرد کە تێیدا مافی تایبەت بە ڕووسیا دەدرێت لە سووریا نەوت و غاز بەرهەم بهێنێ. بەمەش ڕووسیا بەشێک لە ئامانجە درێژخایەنەکەی خۆی لە سووریا پێکا.

ڕێککەوتنی مۆسکۆ و دیمەشق تەنیا بەرهەمهێنان لەخۆناگرێ، بەڵکو کۆمەڵێک ڕێوشوێنیش بۆ چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی بۆڕییەکانی نەوت و بنیاتنانەوەی ژێرخانی سەرچاوەکانی وزەی سووریا دەگرێتەوە. جیا لەمە ڕووسیا ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری وزەش ڕەوانەی سووریا دەکات بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێ لە شارەزایانی نەوتی سووری پێبگەیەنن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی ئۆیڵ پرایس (Oilprice)، ئەم ڕێککەوتنە سەرەڕای قازانجە ئابوورییەکانی، بەشێکە لە ستراتیژێکی بەرفراوانتری ڕووسیا بۆ قایمکردنی شوێنی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئۆیڵ پرایس، پێشتر سووریا ڕۆژانە 667 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا. بەڵام دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، ئێستا بەرهەمی ڕۆژانەی تەنیا 14 بۆ 15 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا. سەبارەت بە غازی سرووشتیش، پێش هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆ، حکومەتی سووریا ساڵانە هەشت ملیار مەتر سێجا غازی بەرهەم دەهێنا و ئێستا 3.5 ملیار مەتر سێجایە. پێشتر 90%ی غازی بەرهەمهاتووی سووریا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێنرا، لە کاتێکدا نەوتەکە یان لە نێوخۆی سووریا دەپاڵێورا یان هەناردەی دەرەوە دەکرا. هەر بۆیە هێزەکانی ڕژێمی سووریا بایەخێکی زۆریان بە کۆنترۆڵکردنەوەی کێڵگەکانی غازی سروشتی دەدا.

کەرتی نەوتی سووریا زیانێکی گەورەی پێگەیشتووە. پاڵاوگەکان پێویستیان بە چاککردنەوەیەکی بنەڕەتی هەیە، لە کاتێکدا توانای پاڵاوتنی نەوتی سووریا بۆ خوار نیوەی ئاستی پێش دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆ دابەزیوە.

مانگی ئەیلوولی ڕابردوو کۆمپانیاکانی نەوتی ئێران گرێبەستێکی نۆژەنکردنەوەی پاڵاوگە و بۆڕییەکانی گواستنەوەی نەوتیان لەگەڵ حکومەتی سووریا واژۆ کرد.

ئەم پرۆژەیەش بەشێکە لە پرۆژەی کۆمەڵەی ئێران ـ ڤەنزوێلا ـ سووریا. بەڵام ئەم پرۆژەیە هەر لەسەرەتاوە مەحکومە بە شکست، چونکە لەو سێ وڵاتە تەنیا ئێران وڵاتێکی سەقامگیرە و دوو وڵاتەکەی دیکە ڕووبەڕووی قەیرانی نێوخۆیی قووڵ بوونەتەوە. جیا لەمەش ئێران و سوپای پاسداران پێشتر پرۆژەی چاککردنەوەی کەرتی پەیوەندیی تەلەفۆنیی سووریایان وەرگرتووە و ئەمەش دەشێت قەرەبووی پرۆژەکەی پاڵاوگەکان و بۆڕییە نەوتەکانی سووریای بۆ بکاتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئۆیڵ پرایس، ئێران ناتوانێت وەبەرهێنانێکی قورس لە کەرتی نەوت و وزەی سووریادا بکات. پێناچێت کۆمپانیا ئەوروپییەکانیش بەشداری ئەو پرۆژەیە بکەن، چونکە سووریا لەژێر سزا ئابووری و بازرگانییەکانی یەکێتیی ئەوروپادایە.

هەرچەند ماوەی ئەو سزایانە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ کۆتایی دێت، بەڵام چاوەڕێش دەکرێت یەکێتیی ئەوروپا سزاکان نوێبکاتەوە.

ڕووسیاش هاوشێوەی سووریا لەژێر سزاکانی ئەوروپا و ئەمریکادایە، ئەم سزایانەش دەکرێت مۆسکۆ هان بدەن بۆئەوەی لە هەنگاوی گەورەتر لە سووریا سڵ نەکاتەوە، لەبەرئەوەی لادانی سزاکان نەبەستراونەتەوە بە هەنگاوەکانی ڕووسیا لە سووریا. بەپێی مەزەندەکانی 2015ی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، کۆی خەرجیی چاککردنەوەی کەرتی وزەی سووریا نزیکەی 27 ملیار دۆلارە، بەڵام دوایین مەزندەکان باس لەوە دەکەن کە سووریا بۆ چاککردنەوە و خستنەوەکاری بیرە نەوتەکان، بۆڕییەکان و پەمپەکان، پێویستی بە نزیکەی 40 ملیار دۆلارە.

چارەنووسی کێڵگەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد

شەڕی حەوت ساڵەی نێوخۆی سووریا، ئەو وڵاتەی بەسەر کۆمەڵێک زۆندا دابەش کردووە کە لە هەرکامیاندا لایەنێک باڵادەستە، ژمارەیەکی زۆریش لە بیرە نەوتە گەورەکانی سووریا دەکەونە ئەو زۆنە کە زۆنی دەسەڵاتی هێزە کوردییەکانی نزیک لە ئەمریکایە، لەوانەش کێڵگەی نەوتی ئەلعومەر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات کە تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لایەن هێزەکان سووریای دیموکرات (هەسەدە) کۆنترۆڵ کرا.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئۆیڵ پرایس، دیمەشق بەنیازە کەرتی نەوت و غازی سروشتیی سووریا بهێنێتە ژێر چەتری کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی سووریا. بەڵام بۆ ئەوە دەبێت لەگەڵ هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕێکبکەوێت.

لە پیشەسازیی نەوتدا، فرۆشتنەکەی هێندەی بەرهەمهێنانەکەی پرسێکی ورد و هەستیارە. پێشتر بەشی زۆری نەوتی سووریا ڕەوانەی ئەوروپا دەکرا، چونکە ئەوروپا لەڕووی جوگرافییەوە لە سووریا نزیکە و کۆمپانیا ئەوروپییەکانی نەوت گەورەترین پشکیان لە کەرتی نەوتی سووریادا هەبوو، لەوانەش کۆمپانیاکانی شێڵ و تۆتاڵ. بەڵام ئێستا بەهۆی سزاکانی یەکێتیی ئەوروپاوە، دەرگای ئەوروپا بەڕووی نەوتی سووریادا داخراوە. وەکوو لە ڕاپۆرتەکەی ئۆیڵ پرایسدا هاتووە، خاوەنە نوێیەکەی نەوتی سووریا دەبێت ڕێگەی نوێ بۆ دەربازکردنی نەوتی بەرهەمهاتووی سووریا بدۆزێتەوە، ئەو ڕێگەیەش دەکرێت تورکیا یان لوبنان بێت، یان دەبێت کڕیاری نوێ لە بازاڕەکانی ئاسیادا بدۆزێتەوە بۆی.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، لە حەوت ساڵی ڕابردوودا تەنیا دوو کۆمپانیا ویستوویانە چانسی خۆیان لە وڵاتێکی وەکوو سووریادا تاقی بکەنەوە. ئەوانیش بریتی بوون لە دوو کۆمپانیای ڕووسی سویۆزنێفتێگاز و تاتنێفت. سویۆزنێفتێگاز کۆمپانیایەکی بچووکی ڕووسیە و تاتنێفت پێنجەم گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ڕووسیایە و بەخراپی نازانێت لەگەڵ ئاساییبوونەوەی دۆخەکەدا بگەڕێتەوە سووریا. تاوەکو ئێستا دیار نییە دوو کۆمپانیای زەبەلاحی گازپرۆم و ڕوسنێفت لە داهاتوودا دەست بۆ کەرتی وزەی سووریا دەبەن یان نا.

جگە لە نەوت و غازی سەر وشکانی، سووریا لە دەریای نێوەڕاستیشدا نەوت و غازی هەیە. بە مەزندەی دەزگای جیۆلۆجیی ئەمریکی، سووریا لەژێر دەریای نێوەڕاست 700 ملیار مەتر سێجا غازی یەدەگی هەیە، لەسەر وشکانیش 350 ملیار مەتر سێجا غازی هەیە. هەر بەپێی مەزندەکانی هەمان دەزگا، نەوتی یەدەگی سووریا لە دەریای نێوەڕاست نزیکەی 450 ملیۆن بەرمیلە. ئەمەش یەک لەسەر شەشی نەوتی یەدەگی سووریایە لە وشکانی.

یەدەگی نەوت و غازی سووریا هەم لەڕووی کواڵیتی و هەم لەڕووی بڕەوە لەچاو وڵاتانی دراوسێی زۆر نزمە، بۆیەش دیمەشق بۆ ڕاکێشانی زلهێزەکانی بواری وزەی ڕووسیا دەبێت پارووەکەیان بۆ چەور بکات کە ڕاپۆرتەکەی ئۆیڵ پرایس لەڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە بە هەنگاوێکی ژیرانەی دەزانێ.

گازپرۆم و ڕوسنێفتی ڕووسیا دەیانەوێ شوێنی خۆیان لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا بەهێز بکەن، هەروەها ڕوویان لە غازی سروشتیی لوبنان لە دەریای نێوەڕاستیش کردووە و ئێستا قسەیان لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی دەریای نێوەڕاستدا زاڵە. وەرگرتنی کەرتی نەوت و غازی سووریا دەتوانێت ئامرازێکی ناسەربازیی بەهێز بێت بۆ ئەوەی سەنگی ڕووسیا لەم ناوچەیە قورستر بکەن.



## نیدا روز تێکەڵی دەکات

**ڕووداو - هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی فارس، نیدا روز، نوێترین بەرهەمی هونەری گۆرانییەکە بە زمانی فارسی وعەرەبی کە لە ئاوازی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرە. هەڵکەوت زاهیر،هونەرمەند و ئاوازدانەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کچە هونەرمەندی فارس نیدا رۆز، گۆرانییەکی نوێی تۆمارکردووە کە بە هەردوو زمانی فارسـی و عەرەبییە، تێکسـتی عەرەبییەکەی لەلایەن خۆشـناو تیلۆ نووسـراوە". هەڵکەوت زاهیر گوتیشـی "هەموو کارەکانی ئەم گۆرانییە تەواو بووە، ماوەیەکی دیکە دەست بە وێنەگرتنی ڤیدیۆکلیپ دەکەین، کە ڕەنگە لە دەرەوەی کوردستان کلیپەکە بکەین، ستایلی گۆرانییەکەش لەنێوان ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی دایە".

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# شڤان پەیوەندی لەگەڵ سکرتێرەکەی کەنداڵ نەزان هەبوو

خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.
گوڵستان پەروەر ئەمجارەیان باسی کردنەوەی ئەنستتیوتی کورد لە پاریس و یڵماز گونەی و کردنەوەی کەناڵی مەدتیڤی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی دوازدەیەم**



**ڕووداو: لە ساڵی 2000دا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تۆ و مامۆستا شڤان پەروەر دروست دەبێ، مامۆستا شڤان لە پاریس دڵی دەچێتە سەر کچێک بەناوی ڕەوشەن. بەهۆیەوە نێوانتان تێکدەچێ، ئەوە ڕاستە؟**

**گوڵستان:** بەڵێ ڕاستە. پێش ئەو کێشەیە ئێمە چووین بۆ لەندەن، سەرخۆبوون ئامادەیی تەواو کرد، پرسیارم لێکرد کە حەز دەکەی چی بخوێنی؟ گوتی ژیانی منتان هەموو کردووە بە میوزیک، حەز دەکەم میوزیک بخوێنم، من لە میوزیک زیاتر شتێکی دیکە نازانم. ئیدی پرسیارمان کرد گوتیان لەندەن باشە. براکەم لە لەندەن بوو، تەلەفۆنم بۆ کرد و پێمگوت زانکۆیەکی باشی میوزیک بۆ سەرخۆبوون بدۆزەوە. ئەویش گەڕابوو زانکۆیەکی باشی دۆزیبووەوە. لەگەڵ سەرخۆبوون چووین بۆ لەندەن، حەزم دەکرد شڤانیش بێتە لەندەن، لەوێ خانوویەک بەکرێ بگرین، یان خانوویەک بکڕین. ڕاستییەکەی حەزم دەکرد لە ئۆپسالا نەمێنین، لەوێ منداڵانی کورد نەیاندەخوێند، زۆربەیان ببوون بە چەتە.

**ڕووداو: شڤان ئاگادار بوو کە دەچن بۆ لەندەن؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، بەردەوام تەلەفۆنمان بۆ دەکرد کە چی دەکەین، بەڵام ئەو سارد بوو لەگەڵ ئێمە، هەر دەیگوت چ دەکەن بکەن. هەر دەیگوت بڕۆ ماڵی براکەت. ماڵی براکەشم زۆر بچووک بوو. بانگی شڤانم کرد چارەسەری ئێمە چییە؟ گوتی لە ماڵی براکەت بە، من هیچ پارەم نییە و ناتوانم هاوکاریتان بکەم. دوای گفتوگۆیەکی زۆر شڤان ڕازی بوو خانووێک بە کرێ بگرین. شێرکۆ عابد کە کۆمپانیای ئای تی هەبوو، پزیشکێکی کوردیش کە خەڵکی سلێمانی بوو دراوسێمان بوون، ئەوان گوتیان بۆ ئێوە باشترە لە بەریتانیا بمێننەوە و تەلەفۆنێک بۆ شڤان بکە با بێ. کە شڤان هات شێرکۆ پێیگوت تۆ هەندێک پارە بهێنە خانوویەک بکڕن من دەبم بە کەفیلتان. ئێوە ئەو 1000 پاوەندەی مانگانە دەیدەن بە کرێ، دەتوانن قەرز لە بانک بکەن و مانگانە ئەو 1000 پاوەندە بدەنە بانک. شڤان قبوڵی کرد. خانووەکەمان کڕی. گرێبەستی خانووەکە بەناوی هەردووکمانەوە بوو، واتە هەردووکمان پارەی خانووەکە بدەین.

**تێکچووبووم و گەیشتبوومە ئەوەی خۆم بکوژم**

خانووەکەمان نۆژەنکردەوە.

**ڕووداو: شڤان لەگەڵتان بوو لە نۆژەنکردنەوەی خانووەکە؟**

**گوڵستان:** نەخێر شڤان هێدی هێدی لە ئێمە دووردەکەوتەوە. تەلەفۆنم بۆ مەحموود باکسی کرد، مەسەلە چییە شڤان سەردانمان ناکات؟ گوتی وەڵڵا گوڵێ من شتێک بڵێم ڕەنگە تۆ دونیا وێران بکەی، چونکە تۆ کەسێکی سیاسی نیت. دەترسم تەلەفۆن بۆ شڤان بکەی و شەڕ بکەن. منیش بەڵێنم پێدا هیچ کاردانەوەیەکم نەبێ. پێمگوت من دەزانم شڤان شتێکی هەیە، بەڵام تۆ ڕاستییەکەم پێبڵێ، با بەیەکجاری وازمان لێ بێنێ، یان بێتەوە ماڵەوە. باکسی گوتی شڤان پەیوەندی لەگەڵ کچێک هەیە لە پاریس، لەو باوەڕەدام عاشق بووە، کەوتووەتە کوچە و کۆڵانەکانی پاریس. وەک ئەوە وابوو جامە ئاوێکی گەرمم بەسەردا بکەن. گوتم ئەو کچە کێیە؟ باکسی گوتی: ناوی ڕەوشەنە و سکرتێری کەنداڵ نەزانە. گوتم: جددیە؟ گوتی: بەڵێ. باکسی دەیگوت شڤان دەیویست ئازاد بێ و بەرپرسیارێتی خێزانی لە ئەستۆ نەبێ. ئامۆژگاریشم کردووە پێمگوتووە عەیبە تۆ کوڕت هەیە، هاوژینت هەیە. بەڵام دیاربوو شڤان دەیویست جیاببێتەوە. منیش گوتم با بێت بە من بڵێ.

**لەگەڵ شڤان ماوەی شەش ساڵ پەیوەندیمان نەما**

**ڕووداو: پەیوەندیت بە شڤانەوە نەکرد؟**

**گوڵستان:** با، تەلەفۆنم بۆ کرد، گوتم شڤان ڕاستە پەیوەندیت لەگەڵ کچێک هەیە لە پاریس؟ حاشای لێکرد و گوتی ئەوە ئاپۆچی پێیانگوتووی، ئەوان دوژمنی منن دەیانەوێ نێوانی من و تۆ تێکبدەن. شڤان دەیویست پەیوەندییە سۆزدارییەکەی بکاتە مەسەلەیەکی سیاسی. من لەوە دڵنیابووم کە قسەکانی باکسی ڕاستن. بۆیە لەگەڵ سەرخۆبوون سواری شەمەندەفەر بووین بۆ پاریس. لەوێ چووم بۆ لای کەنداڵ نەزان. ئەو بەخێرهاتنی کردین، بەڵام من گوتم بۆ خێر نەهاتووم، بۆ شەڕ هاتووم. پێمگوت ئایا مەسەلەی پەیوەندیی شڤان و ئەو کچەی لای ئێوە (ڕەوشەن) ڕاستە؟ کەنداڵ ئەوروپیانە بیری دەکردەوە، گوتی ئەوە شتێکی نۆرماڵە کە شڤان کەسێکی دیکەی خۆشبوێ و لەتۆ جیاببێتەوە. تۆ قبوڵ بکەی یان نا، شڤان چووەتە ماڵی کچەکە و خوازبێنی کردووە، تەنانەت دایکی هاتووەتە لای من و گوتی شڤان هاتووەتە خوازبێنی کچەکەم، تۆ چی دەڵێی؟ منیش گوتم ئەوە بڕیاری ئەوانە و من ناتوانم هیچ بڵێم. ئیدی بە تووڕەیی لە ژووری کەنداڵ دەرچووم. ڕەوشەن لەوێ نەبوو، چاوەڕێم کرد، هێندەی پێنەچوو هات، کچێک بوو لە تەمەنی سەرخۆبووندا بوو. خۆی وا نیشان دا کە من ناناسێ، ڕەنگە نەشیناسیبم. پێمگوت وەرە وەرە، تۆ کە پەیوەندی لەگەڵ پیاوی من دادەنێی و بەتەمان ببنە هاوژین، نابێ بە من بڵێن؟ ئەویش گوتی ئەوە کێشەی خۆت و شڤانە، شڤان لەلای من

**شڤان دەیویست پەیوەندییە سۆزدارییەکەی بکاتە مەسەلەیەکی سیاسی**

گوتوویەتی دەستبەرداری گوڵستان بووم. تۆزێک خۆم لێ توند کرد، ویستم لێی بدەم، سەرخۆبوون کەوتە نێوانمان. دەنگمان لە یەکدی بەرز کردەوە، کەنداڵ هات منی گرت و گوتی ئیللا دەبێ بێی بچین نان بخۆین، چووین بۆ ڕێستورانتێک. لەوێ بە کەنداڵم گوت بە شڤان بڵێ مادام گەیشتە ئێرە، ئیدی با کەسمان یەکدی نەبینین.

**ڕووداو: چەند ساڵ پەیوەندیتان پچڕا؟**

**گوڵستان:** هەتا 2006 ، واتە شەش ساڵ هیچ پەیوەندییەکمان نەبوو. بەر لەوەی سەرخۆبوون خوێندن تەواو بکات، شڤان هات خانووەکەی لەندەنی فرۆشت، ئێمە بەبێ خانوو ماینەوە. چوومە ماڵی براکەم، سەرخۆبوونم نارد بۆ لای شێرکۆ عابد کە لە مانچستەر بوو، بۆ ئەوەی لە کۆمپانیاکەی ئەو کاربکات. پاشان هات و گوتی حەز دەکەم بگەڕێمەوە سوێد.

**ڕووداو: ئەو ڕووداوە کاری تێنەکردی؟**

**گوڵستان:** چۆن؟! تووشی نەخۆشیی دەروونی بووم، چوومە دکتۆر، چارەسەری دەروونیم دەخوارد. ماڵم خراپ بوو.

**ڕووداو: شڤان بۆچی خانووی فرۆشت؟**

**گوڵستان:** زۆر لەوە تووڕە بوو کە چوومە پاریس، ئیدی ڕقی بەرامبەر من و سەرخۆبوون هەڵگرت، خانوو فرۆشتنەکە وەکو سزادانی ئێمە بوو. خانووی سوێدیشمان فرۆشتبوو. بەبێ خانوو مابووینەوە. لە ئۆپسالا و لەندەن لەلای براکانم دەمامەوە، سەرخۆبوونیش لەلای برادەرەکانی بوو. من تێکچووبووم، بە زەبری حەب بەرنامەم پێشکەش دەکرد. گەیشتبوومە ئەو ڕادەیەی خۆم بکوژم.

**ڕووداو: ئێوە بە فەرمی لە یەکدی جیابوونەوە؟**

**گوڵستان:** من گوتم مادام کەسێک منی ناوێ، ئیدی جیادەبمەوە. ساڵی 2000 بە فەرمی لە یەکدی جیابووینەوە.

**ڕووداو: پەیوەندی نێوان شڤان و ئەو کچە بەردەوام نەبوو؟**

**گوڵستان:** دوای پێنج ساڵان لەگەڵ کچەکە بەشەڕ هاتن و لە یەکدی جیابوونەوە. ئەوان لەگەڵ یەک بوون، هاوسەرگیرییان نەکردبوو. دوای جیابوونەوەیان شڤان کەوتە نەخۆشخانە، ئەویش تێکچوو. بیستم شڤان دەچێتە لای پزیشکی دەروونی.

**ڕووداو: سەرخۆبوون دەچێتە لای باوکی، ئەوە چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** ئەوە لەڕێی خێزانێکی باشووری کوردستان بوو کە لە ئۆپسالا دەژیان، ئەوان گوتبوویان ڕەوشی شڤان زۆر خراپە، زۆر لاواز بووە، خەریکە دەمرێ. ئیدی سەرخۆبوون هات گوتی باوکم خەریکە دەمرێ، دەمەوێ بچم بۆ لای، منیش گوتم ئارەزووی خۆتە. ئیدی چوو بۆ لای باوکی لە فرانکفۆرت.

## چیرۆکی میوزیکژەنە نابیناکەی ڕۆژئاوای کوردستان

# بە گوێگرتن لە میوزیکی دڵشاد سەعید فێری ژەنینی کەمان بووم



**زنار شینۆ**
**ڕووداو – ئەڵمانیا**

دەستی بگاتە هەر ئامێرێکی میوزیک دەتوانێت دەنگێکی واتادار و پڕ سۆزی لێ بەرز بکاتەوە، هەر بە منداڵی لە نیعمەتی بینین بێبەش بووە، بەڵام زۆر دڵخۆشە و دەڵێت نابینایی نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی زۆربەی خەونەکانی. سیپان عەلی، ساڵی 1990 لە قامشلۆ لەدایکبووە، نزیکەی چوار ساڵە پەنابەرە لە ئەڵمانیا.

**ڕۆژانە هەشت کاژێر ڕاهێنانم لەسەر ئامێری کەمان دەکرد**

سیپان باسی ژیانی خۆی دەکات ئەوکاتەی لە ڕۆژئاوای کوردستان بووە و دەڵێت ژیان بۆ نابینایەکی وەکو ئەو زۆر ناخۆش بووە، هەر بەهۆی ئەوەش تەنیا تاوەکو پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، ئەویش بە زەحمەتێکی زۆر.

ئەو تەمبوورەی لە ماڵی سیپان هەبووە، قەرەبووی زۆر شتی بۆ دەکاتەوە. سیپان دەڵێت: "باوکم تەمبوورێکی لە ماڵەوە هەبوو، زۆر حەزم دەکرد بیژەنم، بەڵام خەونی من ژەنینی کەمان بوو".



ئەو خەونەی سیپان لەسەر دەستی مامۆستایەک دەبێتە ڕاستی.

سیپان دەڵێت: "هانام بۆ زۆر کەس برد فێری ژەنینی کەمانم بکەن، بەڵام دەیانگوت ژەنینی کەمان بۆ نابینایەکی وەکو تۆ زۆر زەحمەتە. دواجار مامۆستایەک بەناوی مامۆستا ڕیاز دەستیگرتم. ئەو مامۆستایە لە زانکۆ ئامێری ڤیۆلۆنی خوێندبوو. مامۆستا ڕیاز نۆتەکانی لەسەر مۆبایل بۆ تۆمار دەکردم، منیش گوێم لێدەگرتنەوە و پاشان دەمژەنین، ئیدی لەو ڕێگەیەوە فێری ژەنینی کەمان بووم".

سیپان یەکەمجار لەگەڵ گرووپی ئارتا دەبێتە ژەنیاری کەمان، پاشان لەگەڵ چوار هاوڕێی لە قامشلۆ گرووپێک بەناوی گرووپی میوزیکی زەند دادەمەزرێنن.

سیپان هەر بەوە ناوەستێ، لەو شوێنەی وانەی میوزیکی لێوەرگرتووە دەبێتە مامۆستا و دەرسی میوزیک بە منداڵان دەڵێتەوە. ئەو دەڵێت: "لە پەیمانگای میترۆ خۆم فێری ژەنینی میوزیک کرد، ڕۆژگار هات و ئەو مامۆستایەی وانەی ڤیۆلینی پێشکێش دەکرد، چووە باشووری کوردستان، بۆیە داوایان لە من کرد لەگەڵ هاوڕێیەکم وانە بڵێینەوە، ئەرکی ئەو نۆتە بوو، منیش سەرپەرشتی لایەنی دیکەم دەکرد".

هونەرمەندی ڤیۆلینژەن و کۆمپۆزەری ناسراوی کورد دڵشاد محەممەد سەعید، کاریگەریی زۆری لەسەر سیپان هەبووە. ئەو دەڵێت: "دڵشاد سەعید زۆر کاری لێکردووم، بە بەردەوامی گوێم لە پارچە میوزیکەکانی دەگرت و دەتوانم بڵێم بەهۆی دڵشاد سەعیدەوە فێری ژەنینی کەمان بووم".

سیپان لە ماوەی ساڵانی نێوان 2011 تاوەکو 2014 و پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ ئەڵمانیا، لەگەڵ زۆر گرووپ کاری کردووە. ئەو دەیویست ببێتە ڕۆژنامەڤان یاخود میوزیکژەن. دەڵێت "ئەزموونێکی زۆر خۆش بۆ من کارکردن بوو لە ڕادیۆ. لە منداڵییەوە دەمویست ببمە ڕۆژنامەڤان یاخود ژەنیاری میوزیک. هەردوو خەونەکەم بوونە ڕاستی".

بەڵام سیپان خەونی بەدینەهاتووشی ماون "حەز دەکەم لەگەڵ گرووپێکی ئۆرکێسترا میوزیک بژەنم. بەڵام ئەمە زۆر زەحمەتە و دەبێ بتوانی نۆتە بخوێنی و بژەنی، ئەمە ئەو خەونەیە کە بەدینەهاتووە".

سیپان لە زۆر فێستیڤاڵی گەلان لە شارەکانی ئەڵمانیا و وڵاتانی دراوسێی ئەڵمانیا بەشداریی کردووە، بەڵام دوو ئاهەنگ قەت لە بیری سیپان ناچنەوە، ئاهەنگێک کە بۆ پشتگیری لە ریفراندۆمی باشووری کوردستان لە ئەڵمانیا ساز کرا، لەگەڵ ئاهەنگێک بەبۆنەی ئیدانەکردنی یادی 100 ساڵەی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ.

**دەیانگوت ژەنینی کەمان بۆ نابینایەکی وەکو تۆ زۆر زەحمەتە**

سیپان میوزیکی بۆ هونەرمەندان برادەر و حەسەن شەریف ژەنیوە، هەروەها لەگەڵ گرووپی ئێرانی و ئەفغانی و ئەڵمانیش میوزیکی ژەنیوە. ئەو دەڵێت: "ڕۆژانە نزیکەی هەشت کاژێر ڕاهێنانم لەسەر ئامێری کەمان کردووە، بۆ ئەوەی بەباشی فێر ببم".

تاراوگە
رووداو
ژمارە (495) - دووشەممە 2018/2/26



## سوێد وڵاتینامە دەداتە ئەحمەدرەزا جەلالی

**رووداو – ستۆکهۆڵم**

ناوەڕاستی ئەم مانگە، دەزگای دادی ئێران سزای لە سێدارەدانی بۆ لێکۆڵەر و پزیشکی ئێرانی ئەحمەد رەزا جەلالی دەرکرد، لەبەرامبەریشدا حکومەتی سوێد وڵاتینامەی سوێدی بە جەلالی بەخشی. دەزگای دادی ئێران، تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ ئیسرائیل داوەتە پاڵ جەلالی، ناوبراو کە لێکۆڵەوەرە لە ئینستیتیوتی کارۆلینسکا و نیشتەجێی سوێدە، ساڵی رابردوو لەسەر داوای زانکۆی تاران گەڕایەوە ئێران، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەستگیرکرا. هەفتەی رابردوو حکومەتی سوێد وڵاتینامەی دایە جەلالی بۆ ئەوەی بتوانێ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەیدا بکات.

### کۆچبەرێک چیرۆکی حەوت شەو مانەوەی لە دەریادا دەگێڕێتەوە

# یەختەکەیان لە ناوەڕاستی دەریادا کون بوو

**زامدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

"لەدوای پێنج شەو رێکردن بە دەریادا یەختەکەمان کون بوو، ئومێدی ژیانمان نەما، شەپۆلی دەریا هێندەی دیکە ئێمەی ترساند، بووە فرکان فرکان و بەپەلە چووپەکانمان پڕ کرد لە هەوا و بەرەو سەرەوەی یەختەکە رامانکرد".

محەممەد، لە بەریتانیاوە سەرگوزەشتەی خۆی لەگەڵ رێی قاچاخی نێوان تورکیا و ئیتالیا بۆ هەفتەنامەی (رووداو) گێڕایەوە و گوتی: "سەرەتای مانگی حەوت چوومە تورکیا، دەیان قاچاخچیم گۆڕی، بڕیارم دابوو تەنیا بە رێگەی ئاویی نێوان تورکیا-ئیتاڵیادا بڕۆم و خۆم لە شەقی پۆلیس و پەنجەمۆری بولگاریا لادەم. گوتم یان دەردەچم یان تێدەچم".

محەممەد گێڕایەوە کە دوو جار لەگەڵ کۆچبەران چووەتە کەناری دەریا و هەردوو جارەکە لە شوێنی چاوەڕوانیی یەخت پۆلیس بەسەریدا داون، جاری یەکەم دەستگیر کراوە و جاری دووەم رایکردووە. لەدوای دوو مانگ چاوەڕوانی، رۆژی یەکی ئەیلوول کە یەکەم رۆژی جەژنی قوربان بوو، بەرەو یۆنان سواری یەختێکی 10 مەتری بوو.

محەممەد بەو جۆرە وەسفی کەشی نێو یەختەکە دەکات: "یەختەکە 75 کۆچبەری تێدابوو، سێ کاپتنی رووسی رێبەرایەتیان دەکردین، لەگەڵ جووڵەکردنی یەختەکەمان، دەنگی نزا و پاڕانەوە بەرز بووەوە، بەتایبەتی ئافرەتەکان بەبەردەوامی دەپاڕانەوە، کۆچبەران هەر ئایەتێکی قورئانیان دەزانی، دەیانخوێند".



بەرلەوەی بچنە کەناری دەریا، قاچاخچییەکان پێیاندەڵێن تەنیا لیمۆ و سێو و چوکولات لەگەڵ خۆیان بەرنە نێو یەختەکە. لەگەڵ چوونە نێو یەختەکە پێیاندەڵێن بەهیچ شێوەیەک وێنە ناگرن و مۆبایلەکانتان دەکوژێننەوە. محەممەد گوتی کۆچبەرێک وێنەی گرت، کاپتنی یەختەکە بینی، یەکسەر مۆبایلەکەی لێوەرگرت و فڕێی دایە نێو دەریاوە.

کۆچبەرانی نێو یەختەکە دەرفەتی دانیشتنیان کەم بوو، هەموویان لەسەر جانتاکانیان دانیشتبوون. کات ناڕوات و دەڵێی کاژێرەکان لەکارکەوتوون. محەممەد دەڵێت "تێپەڕینی شەو و رۆژ بە ئەندازەی ساڵێک بوو، بەردەوام برسیمان بوو، تەنیا دەمانتوانی لەتێک سێو و لەتێک لیمۆ و پارچەیەک میترۆ (چوکولات) بخۆین، لەدوای خواردنی

ئەمانە دەستبەجێ دەرشاینەوە و ئەو کەمە خواردنەمان دەهێنایەوە، چونکە یەختەکە لەنگەلەنگی زۆری دەکرد، گەدەمان تێکدەچوو، بە ئاسانی هەواگۆڕکێ نەدەکرا و هەناسەمان قورس دەبوو".

محەممەد زۆرتر لەبارەی کەشی نێو یەختەکە قسە دەکات و دەڵێت: "نێو یەختەکە زۆر گەرم بوو، سەقفی یەختەکە، پەنجەرەیەکی لەشێوەی سەقف سلایدی ئۆتۆمبێلی پێوەبوو، جاروبار دەمانکردەوە. بەڵام هەندێ جار بەهیچ شێوەیەک نەماندەتوانی ئەو پەنجەرەیە بکەینەوە، چونکە شەپۆلی ئاو بە ئەندازەی شەش بۆ حەوت مەتر بەرز دەبووە و یەختەکەمانی دادەپۆشی، هەر لەو کاتەشدا ئاو هاتە نێو یەختەکەوە، بەپەلە ئاوەکەمان لە سەتڵ دەکرد و رێبەرەکانیش هەڵیاندەدایە دەرەوە".

کۆچبەرەکان پێنج شەویان بڕیوە و دوو شەویان ماوە بگەنە کەناراوەکانی ئیتالیا، تا یەختەکە بەرەو پێش دەڕوات، زیاتر ئومێد لە روخساری کۆچبەراندا بەدی دەکرێ، بەڵام شەوی پێنجەم شەوێکی شووم بوو بۆ ئەوان. محەممەد دەڵێت: "ئەو شەوە یەختەکەمان بەهۆی شەپۆلی بەهێزی دەریاوە کون بوو، کۆچبەران مشەوەش بوون و دەستیان بە هاوار کرد، ئیدی دەبوو هەر کەس خۆی لە مردن رزگار بکا. بەپەلە چووپەکەم پڕکرد لە هەوا و بەرەو سەرەوەی یەختەکە سەرکەوتم و بە جەستە لەرزینەوە چاو لەو ئاوە دەکەین کە دێتە نێو یەختەکەمانەوە و هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، بەنیازم لەدوای نقومبوونی یەختەکە، بە چووپەوە خۆ هەڵدەمە نێو ئاوەکە! باوەڕیشم وایە رزگاربوونم ئەستەمە، راستە مەلە دەزانم و چووپم لایە، وەلێ مەلە لە دەریادا ناکرێ، بە تایبەت کە ئاوەکەی سوێرە و شەپۆلەکانی بەهێزە".

محەممەد، لەدوای شازدە ساڵ خوێندن و بوونی بە پارێزەر، لە شاری کۆیەوە بەرەو ئەورووپا سەری هەڵگرت. ئەو لە درێژەی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەدا دەڵێ: "ئێمە ترسمان هەبوو لەنێوبچین، بەڵام سێ کاپتنەکە کوڵیان نەدا، هەوڵیان دەدا ئەو کونەی یەختەکە بگرن و رێگەی هاتنە ژوورەوەی ئاو نەهێڵن، لەدوای ماوەیەک و هاتنە ژوورەوەی ئاوێکی زۆر بۆ نێو یەختەکە، بە ماددەیەک کە لە قیر دەچوو، کونەکەیان گرت".

محەممەد بە 6500 دۆلار لەگەڵ قاچاخچی رێککەوتووە، ئەو سێ رێبەرە رووسە، لە پای گەیاندنی ئەوان بۆ ئیتالیا هەریەکە هەزار دۆلار لەو بڕە پارەیەی کۆچبەران وەردەگرن، 3000 دۆلار بۆ رێبەرەکانە و 3500 دۆلار بۆ قاچاخچی دەمێنێتەوە.

شەوی حەوتەم لە کەناری دەریای ئیتالیا لای گوندێک دایاندەبەزێنن. محەممەد دەڵێت: "من و چەند گەنجێکی دیکە رامانکرد و لە رێگای سەرەکی دەستمان لە ئۆتۆمبێل راگرت، ژمارە مۆبایلی قاچاخچییەکەی ئیتاڵیامان دا بە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە و ئەویش بە ئیتاڵی قسەی لەگەڵ کرد و داوای لێکرد "ئێمە بباتەوە کەناری دەریا و بە کەشتی بچینە شارەکانی باکووری ئیتالیا، بە دوو کاروان ئێمەی گەیاندە کەنار دەریایەکی دی، ئەو شەوە لەوێ بە ماندوویێتی چاوەڕێ بووین و لەلایەکەوە پاڵماندایەوە، تا بەیانی کەشتی هات و تکتمان بڕی".

دواجار محەممەد و کۆچبەرانی دیکە لەسەر سنووری ئیتالیا- فەرەنسا لەلایەن پۆلیسی فەرەنسییەوە دەستگیر دەکرێن و رادەستی پۆلیسی ئیتالی دەکرێنەوە و پەنجەمۆریان لێوەردەگیرێ. محەممەد دواتر بە قاچاخ خۆی دەگەیەنێتە بەریتانیا و ئێستا چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەری دەکات. هیچ دیاریش نییە چ وەڵامێک وەردەگرێ.

### دووبەرەکی لەنێو پارتەکەی ماکرۆن دروستکردووە

# فەرەنسا سیاسەتی کۆچبەری توندتر دەکات

**رووداو- هەولێر**

رۆژی چوارشەممەی رابردوو، حکومەتی فەرەنسا پڕۆژە یاسایەکی پەسەند کرد کە تێیدا داوا دەکرێت رێوشوێنی توندتر بەرامبەر بە کۆچبەران و پەناخوازان بگیرێتەبەر. لە پڕۆژەکەدا داوا دەکرێت سنوورێکی زیاتر بۆ ژمارەی ئەو کۆچبەر و پەناخوازانە دابنرێت کە لە فەرەنسا مافی پەنابەرێتییان پێدەدرێت.

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا بە کەسایەتییەکی مرۆڤدۆست و هەڵگری بیروباوەڕی لیبراڵ لە فەرەنسا ناوی دەرکردووە، هەندێک لایەن بە باراک ئۆبامای ئەورووپا ناوی دەبەن. ساڵی 2015 و لە گەرمەی لێشاوی کۆچبەرانی سووریا و ئەفریقادا بۆ وڵاتانی نێوەڕاست و باکووری ئەورووپا، ماکرۆن ستایشی هەڵوێستی حکومەتی ئەڵمانیای کرد کە یەک ملیۆن کۆچبەری وەرگرت. ئەو کات ماکرۆن هەنگاوەکەی ئەڵمانیای بە نموونەیەک لە "کەرامەتی کۆی" ئەورووپا ناوبرد. شارەزایان پێیانوایە ئەو هەنگاوە نوێیەی حکومەتی فەرەنسا زیان بە وێنەی مرۆڤدۆستانەی ماکرۆن و ئەجێنداکەی دەگەیەنێت.

پاتریک ویڵ، شارەزای سیاسەتی کۆچبەریی فەرەنسا، لەبارەی ئەو پڕۆژەیەی حکومەتی فەرەنسا بە رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی راگەیاند "ماکرۆن خۆی بە پاڵەوانی دۆسیەی پەنابەران دەزانێت، بەڵام ئەم یاسا نوێیە پێچەوانەی ئەوەمان نیشان دەدات. بەپێی ئەم پڕۆژە یاسایە، پەناخوازان زۆر سەختتر لە جاران دەتوانن داوای مافی پەنابەرێتی بکەن. بەپێی ئەو سیاسەتە نوێیە حکومەت مەرجی زۆر قورستری لەسەر ئەو کەسانە داناوە کە لە فەرەنسا داوای مافی پەنابەرێتی دەکەن".

پڕۆژەکەی ئیمانوێل ماکرۆن لە بنەڕەتدا دەیەوێت پەناخوازان لە کۆچبەرانی ئابووری جیا بکاتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا دەیەوێت ماوەی پرۆسەی داواکردنی مافی پەنابەرێتی لە یەک ساڵەوە بۆ شەش مانگ کورت بکاتەوە، ماوەی داوای تێهەڵچوونەوەش لە بڕیاری حکومەت و دادگای فەرەنسا بۆ داوای مافی پەنابەرێتی لە یەک مانگەوە بۆ 15 رۆژ کورت کراوەتەوە و لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە حکومەت پێشنیازی کردووە ماوەی دەستبەسەرکردنی کۆچبەران و پەناخوازان درێژ بکرێتەوە.

بەپێی یاساکانی ئێستا، دەزگا ئەمنییەکان دەبێ دوای 45 رۆژ پەناخوازان ئازاد بکەن، بەڵام بەپێی یاسا نوێیەکە، کاتێک پەناخوازێک وەڵامی نێگەتیڤی وەرگرت، ماوەی 90 رۆژ دەستبەسەر دەکرێت و دواتریش رەوانەی ناوەندەکانی پەیوەندیدار بە دیپۆرتکردنەوە دەکرێت. ئەم خاڵەش زیاتر لە هەموو خاڵەکانی دیکە ناکۆکی و مشتومڕی دروستکردووە.

تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارەکانی پارتەکەی ماکرۆنیش (ناسراو بە پارتی کۆماریی پێشڕەو) هۆشدارییان داوە کە ئامادەنین پشتگیری لە پڕۆژەکە بکەن. ئەو پەرلەمانتارانە داوا دەکەن خاڵەکانی پڕۆژە یاساکە نەرمتر بکرێن. مارتینە وۆنەر، ئەندام پەرلەمانی سەر بە پارتەکەی ماکرۆن بە رۆژنامەی (20 مینوت)ی فەرەنسی گوت "ئەم پڕۆژە یاسایە کۆمەڵێک خاڵی زۆر تەسکبینانە لەخۆدەگرێت کە هەڕەشە لە بنەماکانی ئازادی دەکەن".

لە کاتی ئاشکراکردنی پڕۆژەکەدا، حکومەتی فەرەنسا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە پڕۆژەکە لەگەڵ بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسادا تەبایە، چونکە پێشتریش ماکرۆن بەڵێنی دابوو دەسەڵاتی پۆلیس لە وەرگرتنی پەنجەمۆر لە کۆچبەران زیاتر بکات و پرۆسەی لێپرسینەوە لە کۆچبەران ئاسانتر بکات، لە بەرامبەریشدا پەرە بە پڕۆگرامەکانی وەرگرتنی قوتابی، توێژەر و بزنسمان بدات. فلۆرانس گرانیۆس، ئەندام پەرلەمانی سەر بە پارتەکەی ماکرۆن، هۆشداری دەدات کە "فەرەنسا خەریکە بەرەو ئاساییکردنەوەی بەندکردنی خەڵک هەنگاو دەنێت".

ئەوە یەکەمجارە دووبەرەکییەکی لەمجۆرە لەناو پارتەکەی ماکرۆندا دروست بێت کە بە پارتێکی میانڕەوی پێشکەوتنخواز ناوی دەرکردووە. پێشتر نوێنەرانی ئەو پارتە لە پەرلەمان ژمارەیەک پڕۆژە یاسای کێشەسازی حکومەتەکەی ماکرۆنیان پەسەند کردووە، لەوانەش بەرزکردنەوەی باجی سامان و گۆڕانکاری لە یاسای کاری فەرەنسادا. جیرارد کۆڵۆمب، وەزیری ناوخۆی فەرەنسا، دەڵێت ئەم پڕۆژە یاسایە کۆرسەکانی فێربوونی زمان بۆ پەنابەران زیاتر دەکات و یارمەتی پەنابەرە وەرگیراوەکانیش دەدات بە ئاسانتر هەلی کاریان دەستبکەوێت. سەبارەت بە نیگەرانیی پەرلەمانتارەکانی پارتی کۆماری پێشڕەویش گوتی: "گوێم لەوە نییە زۆرینە (واتە ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە پارتەکەی ماکرۆن) چی دەڵێن، بەڕای من دواجار هەموو کەسێک لەوە تێدەگات کە پڕۆژەکە باڵانسی تێدایە".



ساڵی رابردوو زیاتر لە 100 هەزار کۆچبەر لە فەرەنسا داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە

ساڵی رابردوو زیاتر لە 100 هەزار کەس لە فەرەنسا داوای مافی پەنابەرییان کردووە، لەو ژمارە پێوانەییە نزیکەی 30 هەزار کەسیان وەرگیراون و 14 هەزار و 900 کەسیش دیپۆرت کراونەتەوە. لەچاو ساڵی 2016 ژمارەی کۆچبەران لە ساڵی رابردوودا 17%ی زیای کردبوو. بەپێی ئامارەکانی حکومەتی فەرەنسا، جگە لەو 100 هەزارەی فۆرمیان پێشکەش کردووە، 85 هەزار کۆچبەری دیکەش لەسەر سنوورەکان رێگرییان لێکراوە بێنە ناو خاکی فەرەنسا.

ماکرۆن هەموو کات هەوڵیداوە خۆی وەکوو سەرکردەی سیاسی یەکێتیی ئەورووپا نیشانبدات کە دەیەوێت یەکڕیزیی سیاسی بۆ یەکێتییەکە بگەڕێنێتەوە، هەنگاوەکەی هەفتەی رابردووی فەرەنساش هەر لەو چوارچێوەیەدایە. وەزیری نێوخۆی فەرەنسا نەیشاردەوە کە فەرەنسا ناچارە سیاسەتی کۆچبەریی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی یەکێتیی ئەورووپادا بگونجێنێ، چونکە ئەگەر وانەکەن "کۆچبەران بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن لە کام وڵاتدا وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی ئاسانترە، روو لەوێ دەکەن".

لە سێ ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە (لەوانەش ئەڵمانیا، نەمسا، هۆڵەندا و سوید) سیاسەتی کۆچبەریی خۆیان گۆڕیوە.

یاسا نوێیەکەی ماکرۆن تەنانەت لە لایەن دادگای کۆچبەرانی فەرەنساشەوە دژایەتی دەکرێت و بە "پێشێلکردنی نەریتی وەرگرتنی کۆچبەران لە لایەن فەرەنساوە" تۆمەتباری دەکەن.

لەدوایین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی فەرەنسادا، کێشەی کۆچبەران یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان بوو، هەر ئەم پرسەش یارمەتی ماری لوپێن، سەرۆکی پارتی راستڕەوی بەرەی نیشتمانیی فەرەنسای دا لە هەڵبژاردنەکاندا 34%ی دەنگەکان بهێنێت. ئێستاش پارتە چەپەکانی فەرەنسا پڕۆژەکە بە توند دەزانن و پارتە راستڕەوەکان بە نەرم لە قەڵەمی دەدەن.

پڕۆژەکە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا رەوانەی پەرلەمان دەکرێت و چاوەڕێش دەکرێت چەندین هەفتە مشتومڕی جددی لەسەر بکرێت، رەنگە چارەنووسی پڕۆژەکە لە مانگی حوزەیراندا یەکلایی ببێتەوە.

ژنان
ڕووداو
ژمارە ( 495 ) - دووشەممە 2018/2/26



## عێراق 15 ژنی تورک لەسێدارە دەدات

**ڕووداو — ئاژانسەکان**

دادگایەکی عێراق سزای لەسێدارەدانی بۆ 15 ئافرەتی تورکی ئەندامی داعش دەرکرد. دادوەری دادگای تاوانەکانی عیراق، سزای لەسێدارەدانی بۆ 15 ژنی تورک دەرکرد، پاش ئەوەی سەلماندی ژنەکان ئینتیمایان بۆ داعش هەبووە. ژنەکان لەو لێکۆڵینەوانەی لە دادگا لەگەڵیان کراوە، دانیان بەوەدانابوو کە ئەندامی ڕێکخراوی داعشـن. ئەو ژنانە لەکاتی ئۆپەراسـیۆنەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شـوێنانەی لەژێر دەستی داعشدابوون، دەستگیرکرابوون. ڕۆژی 22ی ئەم مانگە، وەزارەتی دەرەوی عیراق ئاشـکرایکرد حکومەتی عیراق چوار ژن و 27 منداڵی رادەسـتی رووسـیا کردووەتەوە کە گومانی ئەوەیان لێکراوە پەیوەندییان بەداعشەوە هەبووبێت.

# تەرمی هەشت ئافرەت لە پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێرن

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

مانگی ئابی سـاڵی رابردوو پۆلیسـی هەولێر تەرمی ئافرەتێکیان لە چۆڵەوانیی گوندی گەزنەی سـەر بە ناحیـەی عەینـکاوەی شـاری هەولێر دۆزییەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی حەوت مانگ بەسەر دۆزینەوەی تەرمەکەدا، هێشتا کەس خـۆی لێ بە خاوەن نەکردووە و تـەرمەکە لە نێو بەفرگەرەکانـی پەیمانگـەی دادپزیشـکی هەولێر هەڵگیراوە.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر، لـە بـارەی ئـەو تەرمـە بـە (ڕووداو)ی گوت: "تەرمەکە هی ئافرەتێکە، کاتێک دۆزیمانەوە چوار ڕۆژ بەسـەر کوشـتنیدا تێپەڕیبوو، گوللەیەک لە کەللەی سەری درابوو، تەرمەکە شێوابوو، ئاژەڵی کێوی دەست و قاچێکیان خواردبوو".

رائیـد هۆگـر بەدروسـتی نازانـێ ئافرەتەکە تەمەنـی چەندە، چونکـە کاتێـک تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە، هیچ ناسـنامەیەکی پێنەبووە. ئەو مەزەنـدە دەکات ئافرەتـە کوژراوەکە تەمەنی لە نێوان 20 — 25 ساڵان بووبێ.

هـەر کاتێک پۆلیس لە دۆزینـەوەی تەرمێک ئاگاداردەکرێنەوە، پۆلیسـی ناوچەکە و تیمێکی پۆلیسی بەڵگە و تاوان دەچنە شوێنی ڕووداوەکە، دوای هێڵـکاری بۆ شـوێنی ڕووداوەکە تەرمەکە هەڵدەگرنـەوە. ئەگەر خاوەنـی هەبێ یان نا، بە مەبەسـتی پشـکنین و زانینی هـۆکار و جۆری مردنەکـەی، یەکسـەر دەینێرن بـۆ پەیمانگەی دادپزیشکی.

رائید هۆگر باسـی ئـەو تەرمانـە دەکات کە دەیاندۆزنـەوە و دەڵێـت: "زۆربەیـان ئافرەتـن، پێدەچێ لەسـەر (مەسەلەی شەرەف) کوژرابن، چونکە زۆرجار تەرمەکە دەشـێوێنرێ بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە و خاوەنەکەی نەدۆزرێتەوە".

گوتیشـی "ئـەو تەرمانە زۆرتر لـە ناوچەی چۆڵەوانی فرێدەدرێن، تا ئەوکاتەی دەدۆزرێنەوە ئاژەڵـی کێوی بەشـێکی جەسـتەیان دەخوات، ئەگەر هاوینیش بێ گەرما هێندەی دیکە تەرمەکە دەشـێوێنێ، بۆیـە ناسـینەوەیان زۆر زەحمەت دەبێ".

یەکێکـی دیکە لەو تەرمانـەی لە پەیمانگەی دادپزیشـکیی هەولێـرە، تەرمـی ئافرەتێکە کە چوار مانگ لەمەوبەر لەسەر ڕێگای نێوان ناحیەی دارەتـوو و قەزای بنەسـڵاوە دۆزراوەتەوە. رائید هۆگـر دەڵێت: "توانیمان خێزانەکەی بدۆزینەوە، بەڵام ئامادە نەبوون تەرمەکەی ببەنەوە و گوتیان لەسـەر شەرەف کوژراوە و نامانەوێتەوە". ئەگەر کەسـوکارەکەی نەیبەنەوە ئـەوە دوای ماوەیەک شارەوانی تەرمەکە دەنێژێ.

حاڵی حازر 12 تەرمی بێ خاوەن لە پەیمانگەی دادپزیشـکیی هەولێـرن، لەوانـە هەشـتیان لە ڕەگەزی مێن و چواریان لە ڕەگەزی نێرن.

دکتۆر یاسین کەریم، بەڕێوەبەری پەیمانگەی دادپزیشـکی لە هەرێمـی کوردسـتان، لەبارەی ئـەو تەرمانـە گوتـی: "زۆربەی ئـەو تەرمانەی لێـرە دەمێننەوە و کەس خۆیـان لێ بە خاوەن ناکات، ئافرەتن. زۆربەشیان بە پاساوی پاراستنی شەرەف کوژراون".

بە گوتەی دکتۆر یاسین، ئەو تەرمانەی ئێستا لەوێن تەمەنیان لە نێوان 17 — 30 ساڵان دەبێ، دوو لـە تەرمەکانیش تەمەنیان لە سـەرووی 50 ساڵانە. تەنیا دوو لە تەرمەکان بە مردنی ئاسایی مردوون، ئەوانی دیکە کوژراون. کۆنترین تەرمیش کە تا ئێستا لە پەیمانگەکەیان ماوە، حەوت مانگ لەمەوبـەر هێنراوەتە ئـەوێ، نوێترین تەرمیش، تەرمی بێلانە کە مانگی رابردوو لە سنووری کۆیە کوژرا.



بێلان کە مانگی رابردوو لەلایەن کەسوکاری خۆیەوە کوژرا، تەرمەکەی هێشتا لە پەیمانگەی دادپزیشکییە

شـەوی 2018/1/20 کەسـێک کـە خۆی بە شـوان ناسـاندبوو تەلەفۆنی بۆ پۆلیسـی کۆیە کـردووە و لە هەواڵی کوشـتنی ژنێـک ئاگاداری کردبوونەوە، هەر ئەو شەوە پۆلیس چووبوونە ئەو شوێنەی کە شوانەکە لە تەلەفۆنەکەدا ناونیشانی دابـوو، دوای گەڕانێکی زۆر لە بەرەبەیاندا تەرمی ئافرەتێکیان دۆزییەوە، دوای هەفتەیەک دەرکەوت ئەوە تەرمی بێلان کەمالی تەمەن 21 ساڵانە.

قانیـع هاوژینی بێلان کە سـاڵێکە لە زیندانە و دوای کوژرانـی بێـلان، پۆلیس گوتـەی لێوەرگرتـووە، گوتوویەتی ئەو هیچ کێشـەیەکی لەگـەڵ بێلانـدا نەبـووە، کەسـوکاری بێـلان بوختانیان بۆ هەڵبەستووە و کوشتوویانە. دوای تێپەڕبوونی 36 ڕۆژ بەسـەر ئەو تاوانەدا، تەرمی بێلان هێشـتا لە پەیمانگەی دادپزیشـکی شاری هەولێرە و کەسـوکارەکەی ئامادەنین بیبەنەوە و بینێژن.

دکتۆر یاسین، باسـی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەرمە بێ خاوەنانە دەکات و دەڵێت: "هـەر تەرمێکـی بـێ خـاوەن دێتـە لای ئێمە، وێنەیەکـی دەگریـن و کۆدێکـی بـۆ دادەنێین، هەر کەسـێک هاتە لای ئێمە بـۆ بەدواداچوونی تەرمەکـە، ئـەوە وێنەکەی پێ نیشـان دەدەین، ئەگەر تەرمەکە بشنێژرێ ئەوە کۆدی ناشتنەکەی هەیە و خاوەنەکەی دەتوانێ وەریبگرێتەوە".

گوتیشـی: "بەگوێـرەی ڕێنماییـەکان هیـچ تەرمێـک ناتوانرێت زیاتر لە 8 مانگ بمێنێتەوە، دوای تێپەڕبوونی 8 مانگ بەسـەر مردنی، ئەگەر خاوەنـی نەبـوو تیمەکانی شـارەوانی ئـاگادار دەکەینەوە کە تەرمەکە بنێژن".

### گۆڕستانێکی بێ ناونیشان

فاروق محەممەد، لێپرسراوی گۆڕستانەکان لە شارەوانیی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی لەلایەن شارەوانییەوە نووسراومان بۆ دەکرێ بۆ ناشتنی تەرمی بێ خاوەن، دەچین تەرمەکە وەکو هەر تەرمێکی ئاسایی کفن و دفن دەکەین، لە شوێنێکی تایبەت کە بۆ ئەو تەرمانە لە گۆڕستانی تازەی کەسنەزان تەرخان کراوە دەینێژین، ئەو کۆدەی بۆی دانراوە، لەسەر گۆڕەکەی دادەنێین، بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئایندەدا خاوەنی پەیدابوو بە ئاسانی بدۆزرێتەوە".
ئێستا زیاتر لە 20 تەرم لەو شوێنە نێژراون کە حەوتیان تەرمی ئافرەتانن. تاوەکو ئێستا هیچیان خاوەنیان پەیدا نەبووە.
مردووشۆرێکی ئافرەت کە تەرمی ئافرەتەکان دەشوات، بە (ڕووداو)ی گوت "تەرمی ئافرەتی وا هەبووە هەردوو قۆڵی یان قاچێکی نەبووە، هەیە زۆر شێوێندراوە، بۆیە شووشتنی ئەو جۆرە تەرمانە زەحمەتە".

## پێنج مانگە زمانی لەگۆ کەوتووە

# پزیشکێکی ددان دەستدرێژی دەکاتە سەر کچە قوتابییەکی زانکۆ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو - هەولێر**

ناڕێکی ددانەکانی پێشەوەی نیگەران و خەمباری کردبوو، بۆیە دوای ئەوەی ناوی لە کۆلێژ گەڕایەوە، بڕیـاری دا بۆ ڕێککردنـەوەی ددانەکانی بچێتە لای پزیشـکێکی ددان و ددانەکانی ڕێک بکاتەوە، بەڵام پـاش ئـەوەی لەلایەن پزیشـکەکەوە بـەرەوڕووی دەستدرێژی بووەوە، ئەوە ماوەی پێنج مانگە باری دەروونیشی تێکچووە و زمانی لەگۆ کەوتووە.

سۆما ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن 19 ساڵانە، دەیویست یەکەم هەنگاوی چوونە کۆلێژ بە بزەیەکی شـیرینەوە دەسـتپێبکات و کاتێـک پێدەکەنێـت ددانەکانـی جـوان دەربکەون، بەڵام مـاوەی پێنج مانگە خەونـی بزەکردنی ونکردووە، هەوڵی زۆرمان دا تاوەکو ئەم چیرۆکە لە زاری خۆیەوە ببیسـتین، بـەڵام نەمانتوانی زمانی سـۆما بهێنینـە گۆ، بۆیە (خ.ع)، دایکـی سـۆما بـە دڵێکی پڕ لـە خەمەوە چیرۆکـی کچەکەی بۆ گێڕاینەوە و گوتی "پارسـاڵ نـاوی کچەکـەم لە کۆلێـژی پەروەردەی وەرزشـی گەڕایەوە، زۆر بە تاسـەوە خەریکی خۆئامادەکردن بـوو بۆ زانکۆ، بەڵام بەهۆی شـەهوەتبازێکی بەناو پزیشک خەونی کچەکەم نەهاتەدی".


دایکی سۆما دەڵێت: "کچەکەم بۆ ڕێککردنەوەی ددانەکانی پێشـەوەی چووە نۆڕینگەی پزیشکێکی ددان بە ناوی (م.غ) کە عەرەبە و تازە دەستبەکار بووە و هاوڕێیەکی ناونیشانەکەی پێدابوو، لە یەکەم دانیشـتنی نێـوان کچەکـەم و پزیشـکەکەدا هیچ کێشـەیەک نەبوو، بـەڵام دوای چـوار ڕۆژ دووبارە ڕۆیشـتەوە بۆ لای، لەکاتی پڕکردنـەوەی ددانێکی کچەکەمـدا، پزیشـکەکە باوەشـی پێـدا کردبوو، پەلاماری سینگی دابوو، ماچی کردبوو".

بـە گوتـەی دایکـی، سـۆما هـەر ئـەو ڕۆژە بەسـەرهاتەکەی بۆ هاوڕێ کچەکـەی گێڕابووەوە، بەڵام لە ماڵەوە باسی هیچی نەکردبوو. (خ) گوتی "کچەکەم لەلای ئێمە هیچی نەگوت، بەڵام ئێوارە کە گەڕایـەوە ماڵەوە، بەبێ ئەوەی قسـە لەگەڵ کەس بکات چووە نێو جێگا و توانای قسەکردنی نەما".

### وازی لە زانکۆ هێناوە

سۆما نزیکەی پێنج مانگە یەک وشەی نەگوتووە، وەک دایکی باسـی دەکات "بەهۆی کاریگەریی ئەو پەلاماردانە، هیچ قسـەیەک ناکات و نەشـچووە بۆ زانکـۆ، بۆیـە بەناچـاری مۆڵەتی پزیشـکیمان بۆ وەرگرتووە".

دایکی سۆما دەشڵێت: "پزیشک نەماوە نەیبەین بۆ لای، نازانین چی بکەین، لەبەر ئابڕووی خۆمان و ترسـی دوژمنداری بۆ کوڕەکانم، من و باوکی لەلای براکانی نەمانگوتووە خوشـکەکەتان لەبەرچی وای لێهاتـووە و تەنانەت نەشـمانوێراوە پۆلیس ئاگادار بکەینەوە و سکاڵا لە دژی پزیشکەکە تۆمار بکەین".



### بێ بەرامبەر چارەسەری دەکەم

پسپۆڕێکی دەروونی

### پزیشکەکە هەڵاتووە

دایکی سـۆما باس لـەوە دەکات کە زانیارییان لەسەر پزیشـکەکە دەسـتکەوتووە و شوێنەکەیان دۆزیوەتـەوە "گوتیـان خەڵکـی کەربەلایـە، بەڵام دوای ڕووداوەکە و دەستدرێژیکردنە سەر کچەکەمان هەڵهاتووە و ئێستا لە ئەورووپایە".

ئێسـتا دایکی سۆما نازانێت چی بکات، هەموو هەوڵێکی تەنیا بۆ ئەوەیە کچەکەی بێنێتەوە قسە، ئەو دەڵێت "ئەم شەهوەتبازە بەناو پزیشکە ژیانی کچەکەم و ئێمەشـی لەناوبرد، ئێسـتا نازانین چی بکەیـن، بۆیە داوا لـە حکومەت دەکـەم بڕیارێک دەربکات کە کامێرای چاودێری لە هەموو نۆڕینگە و بنکەی تەندروسـتی و نەخۆشخانەکان دابنرێت، چونکە دڵنیام ئەوەی بەسەر کچەکەی من هاتووە تەنیـا حاڵـەت نییە، چەندین پزیشـک و کەسـی دیکـە هـەن کە کارەکانیـان بەکاردەهێنـن بۆ لە خشتەبردنی خەڵکی".

### بەبـێ تۆماکردنـی سـکاڵا هیچ ناکرێت

لەبـارەی ڕێکارە یاسـاییەکان بۆ ئەم کەیسـە، پارێزەری ڕاوێژکار شاخەوان محەممەد، بە (ڕووداو)ی گوت: "پێش هەموو شـتێک پێویسـتە خێزانی سـۆما سـکاڵا لەسـەر ئەو پزیشـکە تۆمار بکەن، لەڕووی یاساییەوە کەسی تۆمەتبار بەپێی ماددەی 393 لە یاسـای سـزادانی عێراقی سـزای بەسەردا دەسـەپێنرێت، بەمەرجێـک کەسـەکە خـۆی یان کەسوکارەکەی سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن، ئەوکات کچەکـە ڕەوانـەی لای لیژنەی پزیشـکی دەکرێت، دواتریش کەیسەکەی دەنێردرێت بۆ دادگای تایبەت، بەڵام بەبێ بوونی سکاڵا و بەڵگە و کردنەوەی پەڕاو هیچ شتێک ناکرێت".

ئـەو پارێزەرە دەشـڵێت: "ئەگەر ئەو پزیشـکە تۆمەتەکەی بەسـەردا ساخ ببێتەوە، جگە لە سزای دەسـتدرێژیکردنە سـەر ئەم کچە، بەهـۆی ئەوەی ئیستیغلالی کارەکەی خۆیشی کردووە کە پزیشکە و بەهۆی کارەکەی گێچەڵی سێکسی بەو کچە کردووە، سزاکەی لەسەر قورستر دەبێت، ئەو سزایەش لە 15 ساڵ بەندکردن کەمتر نییە".

### چارەسەرکردنی دەروونیی بێ بەرامبەر

لەبـارەی چارەسـەری دەروونیی سـۆما، هەژار عوسمان مەعرووف، پسپۆڕی دەروونی بە (ڕووداو)ی گوت: "بەدڵنیاییەوە سـۆما لەڕووی دەروونییەوە چارەسـەر دەکرێـت، مـن ئامادەم بەبـێ بەرامبەر چارەسەری بکەم، پێویستە کەسوکارەکەی بیهێننە لام و ببینـم و جـۆر و حاڵەتـە دەروونییەکـەی دەستنیشـان بکـەم و دواتریـش دەسـت بـە چارەسەرکردنی بکەین".

135

### ئافرەت دەستدرێژیان کراوەتە سەر

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان 135 ئافرەت دەستدرێژیان کراوەتە سەر. زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژیش لە پارێزگای دهۆک بووە کە 40 حاڵەت بووە، دوای ئەویش پارێزگای هەولێر دێت بە 34 حاڵەت. هەر بەپێی ئامارەکە 22 ئافرەتیش لە پارێزگای سلێمانی دەستدرێژیان کراوەتە سەر. 39 حاڵەتەکەی دیکەش لە گەرمیان و سۆران و ڕاپەڕین تۆمار کراون.



### تەرمێکی نەناسراو دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو – گەرمیان**

پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند، لە کفری تەرمی هاووڵاتییەکی نەناسراویان دۆزیوەتەوە، تاوەکو ئێستاش نازانرێت ئەو تەرمە کوژراوە یان بەهۆی لافاوەوە خنکاوە. عەلی جەمال قدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرایکردووە: نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/2/25 لە نزیکە قەڵای کفری تەرمی هاووڵاتییەکی نەناسراویان دۆزیوەتەوە. گوتیشی: "تەرمەکە نێردراوە بۆ بەشی پزیشکی دادوەری قەزای کەلار، بەڵام بەهۆی تێکچوونی تەرمەکەوە بەهۆی لافاوی چەند ڕۆژی ڕابردووەوە تەرمەکە گەیشتووەتە ئەو جێگایە تا ئێستا هۆکاری گیانلەدەستدانی نادیارە، ئایا ئەوهاووڵاتییە کوژراوە یان بەهۆی لافاوەوە خنکاوە".

## تەمەنی 29 ساڵە و دوو ژنی هەیە

# باوکی حەوت منداڵ خۆی دەخنکێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

یەکێک لە هاوژینەکانی زۆر لە دەرگا دەدات، بەڵام دەرگا ناکرێتەوە، بۆیە بە ناچاری دەرگاکە دەشکێنن و بەسەر دیمەنێکی ناخەهژێنـدا دەکەون، دەبینن ئیبراهیم ملی بە پەتێکەوە شۆڕ بووەتەوە.

ئیبراهیم فەرهاد، تەمەن 29 ساڵ کە دانیشتووی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر بوو، شەوی 2018/2/16 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بە پەتێک خۆی خنکاند. ئیبراهیم دوو هاوژینی هەبوو، باوکی حەوت منداڵ بوو (پێنج کوڕ و دوو کچ). شوفێری ئەمبولانس بوو لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵاتی هەولێر.

کەسوکاری ئیبراهیم بە تایبەتی هاوژین و منداڵەکانی شۆک بوون بەو ڕووداوە، بۆیە دەڵێن ناتوانن هیچ قسەیەک لەسەر ئەو بابەتە بکەن، بەڵام کە پۆلیس گوتەی لێوەرگرتوون، دەڵێن ئیبراهیم هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەوان نەبووە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "پۆلیس لە ڕووداوێک ئاگادار کرایەوە لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر، دەستبەجێ هێزەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە. هاووڵاتییەک لەوێ خۆی بە شوێنی پانکەدا هەڵواسیبوو. تەرمەکەی ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر کرا و دۆسیەی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە".

پۆلیس ئیفادەی لە کەسوکاری وەرگرتووە، باوکی ئیبراهیم دەڵێت: "کوڕەکەم کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبوو، بەڵام باری دارایی زۆر خراپ بوو، توانای بەخێوکردنی منداڵەکانی نەبوو، ڕەنگە هەر لەبەر هەژاریش خۆی خنکاندبێ".

هاوژینی یەکەمیشی گوتبووی: "لەگەڵ هاوسەرکەم هیچ کێشەیەکمان نەبووە، بە خۆشی دەژیاین". هاوژینی دووەمی ئیبراهیم کە منداڵێکی لە ئیبراهیم هەیە، باوەڕ ناکات مێردەکەی لە ژیاندا نەمابێ و دەڵێت "پیاوێکی زۆر باش و بێ کێشە بوو".

هەروەها کارمەندێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵاتیش زۆر پەسنی ئیبراهیمی دا و گوتی "کاک ئیبراهیم ماوەی پێنج ساڵ بوو لێرە شوفێری ئەمبولانس بوو، کەسێکی تا بڵێی بێ کێشە بوو، زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو".

دراوسێیەکی ئیبراهیم کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "کاتێک چووین بۆ ماڵەکە، بینیمان لەسەر ئەژنۆ بوو پەتەکەی لە مل بوو".

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە خۆی چووەتە ئەو ژوورەی تەرمی ئیبراهیمی لێبووە، گوتی: "ڕووداوەکە جێی گومانە، پێدەچێ خنکێنرابێ، ئینجا بە پەت هەڵواسرابێ، هیچ شتێکی لەژێر پێی نەبوو، لەسەر ئەژنۆ کەوتبوو، پەتەکەش لە خاولی و چەفیە دروستکرابوو".

بەپێی ئاماری یەکێتیی پیاوانی کوردستان، ساڵی ڕابردوو 74 پیاو بە (خۆکوشتن، خۆخنکاندن، خواردنی دەرمان و خۆسووتاندن) گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی زانیاریی پۆلیسی هەولێر، ئەمساڵ ئەوە دووەمین حاڵەتی خۆخنکاندنی پیاوانە لە سەنتەری شاری هەولێر. ڕۆژی 2018/1/6، پیاوێکی دیکە بەناوی سەرکەوت محەممەد ڕەشید، تەمەن 36 ساڵ کە دانیشتووی گەڕەکی ڕۆشنبیری شاری هەولێر بوو، لە ماڵەکەی خۆیدا بە پەتێک خۆی بە شوێنی پانکەدا هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. دوای ئەوەی پۆلیس لێکۆڵینەوەی لە ڕووداوەکە کردبوو، دەرکەوت ئەو پیاوە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، خۆی خنکاندبوو.

> **کوڕەکەم توانای بەخێوکردنی منداڵەکانی نەبوو**
> باوکی ئیبراهیم



ئیبراهیم فەرهاد

# بۆ نیسک و ساوەر کوشتیان

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

محەممەد شوفێری بارهەڵگر بوو، بەو پارەیەی دەستیدەکەوت خێزانەکەی دەژیاند، بەڵام وەک براکەی دەڵێت، پێنج مانگە محەممەد کوژراوە و بکوژەکەی هێشتا دەستگیر نەکراوە.

ئەو شەوە محەممەد وەک هەر جارێکی دیکە باری بارکردبوو، وەک عاسم جاسمی برای دەڵێت: "کەمێک پێش ئەوەی بگاتە بازگەی کانی قرژاڵە دەیرفێنن و دەیکوژن".

محەممەد جاسم عەزۆ، 39 ساڵان، تا دوو ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ براکانی لە شێخان دەژیان. ماوەی چوار ساڵ بوو لەگەڵ ستی محەممەد هاوسەرگیریی کردبوو، دوو کچی دوانەی تەمەن دوو ساڵان و کچێکی تەمەن 5 ساڵانی هەبوو. عاسم جاسم لەبارەی محەممەدی برایەوە دەڵێت: "محەممەد و هاوژینەکەی لەگەڵ ئێمە دەژیان، بەڵام دواتر لەگەڵ برایەکی خانوویەکی لە ناحیەی کەلەکچی دووستکرد و چوونە ئەوێ، بەڵام ئەو زاڵمانە نەیانهێشت لە ماڵەکەی خۆیدا پشوو بدات".

## چۆن کوژرا؟

عاسم چیرۆکی کوژرانی براکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "شەوی 2017/9/7 کاژێر نزیکەی 12ی شەو بووە، لە کامیرای دوکانێک کە تەنیا 200 مەتر لە بازگەی کانی قرژاڵە دوورە، دەرچووە. بارهەڵگرەکە نزیکەی 20 خولەکێک وەستاوە. دواتر بەرەو ڕێگەی گوێر دەڕوات بۆ عەلوەی هەولێر. لە بازگەی کانی قرژاڵەوە دەردەچێت بۆ خەبات، لە خەبات شوێنێکی فرۆشتنی گەنم هەیە، لەوێ دیارنامێنێ".

عاسی دەڵێت لەوێش سۆراخیان کرد تا ئەو بازگەیەی کە هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبی لێیە، لەوێش لە کامێرای بازگەکە دەرچووە کە بەرەو موسڵ دەڕوات "بەڵام شوفێرەکە براکەی من نییە، بەڵکو کەسێکی دیکەیە، داوای ڤیدیۆکەمان لە بازگەکە کرد، گوتیان بەیانی وەرنەوە ڤیدیۆکەتان دەدەینێ، بەڵام بەیانی کە چووین، گوتیان کاژێر 11ی شەو حەشدی شەعبی هاتوون و ئەو پارچە ڤیدیۆیەیان سڕیوەتەوە کە بارهەڵگرەکەی تێدا دەردەکەوێ".

## شوانێک تەرمەکەی دەدۆزێتەوە

دوای دیارنەمانی محەممەد، کەسوکارەکەی بەدوایدا دەگەڕێن، عاسم دەڵێت: "ڕۆژانە 50 کەس لە خزم و هاوڕێکانی بەدوایدا دەگەڕاین، بەڵام نەماندۆزییەوە، دوای 12 ڕۆژ شوانێک پەیوەندی پێوەکردین و گوتی لەنێوان خەبات و مەفرەقی تۆبزاوا لەژێر پردێک فڕێدراوە، کاتێک چووینە سەر تەرمەکە، بینیمان چوار گوللە لە سکی دراوە، بە جلوبەرگەکەی ناسیمانەوە".

## بۆ نیسک و ساوەر کوژراوە

محەممەد بارهەڵگری هەیە و لەنێوان هەولێر و دهۆک کەلوپەل دەگوازێتەوە. عاسم جاسم دەڵێت: "براکەم 15 ساڵە ئەو ئیشە دەکات، نە کێشەی لەگەڵ کەسێک هەبووە نە قەرزداری کەسێکیش بووە، بەڵام دوای ئەوەی بەدواداچوونی تەواومان بۆی کرد، بۆمان دەرکەوت لەپێناوی ئەو بارە کوشتوویانە کە پێی بووە، چونکە دوای سێ ڕۆژ لە ڕووداوەکە بارهەڵگرەکەمان لە مووسڵ دۆزییەوە بەتاڵ کرابوو".

دوای دیارنەمانی و نەبوونی هیچ هەواڵێکی محەممەد، کەسوکارەکەی سۆراخی دەکەن، هەر لەو دوکانەی بارهەڵگرەکەی تێدا ڕاگیراوە یەک قەوانی گوللە دەدۆزنەوە، دوای دۆزینەوەی بارهەڵگرەکەش چوار قەوانی دیکە دەدۆزنەوە. بە گوتەی عاسمی برای، ناو بارهەڵگرەکە پڕ بووە لە خوێنی محەممەد، بۆیە دەڵێت "هەر ئەوکاتە محەممەدی برام کوژراوە و شوفێرەکە بە تەرمی محەممەدەوە هەموو بازگەکانی بڕیوە و بەرەو مووسڵ ڕۆیشتووە، بۆیە گومانمان هەبوو کە لە بازگەکان هاوکاریی بکوژەکەیان کردبێت، بەتایبەتی سڕینەوەی ئەو پارچە ڤیدیۆیەی کە تێیدا بارهەڵگرەکە تۆمار کرابوو، هەروەها بارەکەشی گومرگ نەکراوە، ئەمانە گومانی تەواوی لەلای ئێمە دروستکرد".

ئەوان گومانیان لە چوار کارمەندی بازگەیەک هەبووە کە هاوکاریی بکوژەکەیان کردبێت بۆ دەربازبوون. عاسی دەڵێت "لەوکاتەی بکوژەکە بارهەڵگری براکەمی لێخوڕیوە و لەو بازگەیە دەرباز بووە، لەوێ بوون، چۆن دەکرێت بەبێ گومرگکردنی بارەکەی و پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە ڕێگە بدەن بڕوات؟ بۆیە پێمانوایە ئەوان دەربازیان کردووە، ئەگەرچی نکۆڵی لێدەکەن، بەڵام ئەوان دەزانن بکوژەکە کێیە. بۆیە سکاڵامان لە دادگای خەبات تۆمار کرد و چوار کەسەکە دەستگیرکران، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئازادکران و تا ئێستاش نە دادگا و نە لایەنە ئەمنییەکان هیچیان نەکردووە".

> **تەرمی براکەم بەناو بازگەکاندا براوە**
> برای کوژراوەکە



# دز لە هەولێر سەرە مەنهۆڵیان نەهێشتن

**ڕووداو – هەولێر**

هەواڵی دەستگیرکردنی دز، بەشی زۆری ئەو هەواڵانەی پێکهێناوە کە ڕۆژانە لە پەیجەکانی پۆلیسی پارێزگاکانی کوردستاندا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە. گەورەترین دزیش کە ئەمساڵ دەستگیرکرابێ، تۆمەتبارێک بووە کە 12 ئۆتۆمبێلی لە هەولێر و دهۆک دزی بوو.

ئەو دزە کە خەڵکی شاری دهۆکە، کۆتایی مانگی ڕابردوو لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی هەولێر لە هوتێلێکدا دەستگیرکرا. وەک لە دانپێدانانەکانیدا دەرکەوت، زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی دزیونی مازادا و ئۆپڵ بوونە، هەندێک لەو ئۆتۆمبێلانە بەهۆی ئەوەی ساڵیانەیان تێدا نەبووە، نەیتوانیوە بیانفرۆشێتەوە. ئەوانی دیکەشی بە 800 – 2400 دۆلار فرۆشتوونەتەوە. یەکێک لە دزییەکانیشی، بریتی بووە لە دزینی ئۆتۆمبێلی ماڵی خۆیان.

بەپێی ئەو ئامارەی لە ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بڵاوکراوەتەوە، پۆلیس لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا 10 کەس و باندی لەسەر دزیکردن دەستگیر کردووە.، یەکەمین دزیش لە ساڵی نوێدا ڕۆژی یەکی کانوونی دووەم لە شارۆچکەی پیرزین دەستگیرکرا بە ناوی (س.م.ق)، تەمەن 36 ساڵ، دوای دەستگیرکردنی دانی نا بەوەی 9 تاوانی دزیکردنی ئەنجامداوە کە بریتی بووە لە دزینی زێڕ و پارە و کەلوپەلی ئەلیکترۆنی.

بەپێی ئاماری پۆلیسی هەولێر، ساڵی ڕابردوو 677 کەس بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراون کە پەڕاوی 584 کەسیان ڕەوانەی دادگا کراوە. هەروەها لە شاری سلێمانیش ساڵی ڕابردوو 321 حاڵەتی دزیکردن تۆمارکراوە کە 202 حاڵەتیان ئاشکرا بووە و 785 کەس بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراون.

پۆلیسی سلێمانی ڕۆژی 2018/1/10 ئاماری نۆ ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێی ڕاگەیاند، بەپێی ئامارەکە پۆلیس لە ماوەی نۆ ڕۆژدا 40 کەسی بە تۆمەتی دزی دەستگیر کردووە.

ڕۆژی هەشتی مانگی ڕابردوو پۆلیسی هەولێر لە پرێس کۆنفرانسێکدا تاوانەکانی هەفتەی یەکەمی ساڵی نوێی ڕاگەیاند. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ئاشکرای کرد کە ڕۆژی 2018/1/4 دوو تۆمەتباریان بەناوەکانی (ە.ئا.ح) و (م.ی.ع)، دەستگیرکردووە کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (کیا کادێنزا) یان لە گەڕەکی قەرەبوو لە ناحیەی کەسنەزان دزیبوو.

لە ماوەی ڕابردوودا پۆلیس چەندین سکاڵای بۆ چووە لەسەر دزینی ئۆتۆمبێل، ڕۆژی 10ی مانگی ڕابردوو پۆلیس دوو برای دەستگیر کرد کە دوو ئۆتۆمبێلیان لە گەڕەکی سێبەردانی شاری هەولێر دزیبوو.

دوای ئەوەی پۆلیس ئاگادارکرانەوە لە چەندین ڕووداوی دزینی سەرە مەنهۆڵ لە نێو شاری هەولێر و دەوروبەری، پۆلیس دۆسیەی لێکۆڵینەوەی کردەوە و توانی لە ماوەیەکی کورتدا تۆمەتباران دەستگیر بکات. لەوانەش باوک و کوڕێک لە شارۆچکەی بەحرکە کە چەندین سەرە مەنهۆڵیان لە نێو شاری هەولێر و دەوروبەری دزیبوو. هەروەها سەرەتای ئەم مانگە پۆلیس باندێکی پێنج کەسی لە دارەتوو دەستگیرکرد کە 80 سەرە مەنهۆڵیان لە دارەتوو دزیبوو.

"دزەکانی دارەتوو دەستگیرکران" ئەمە سەردێری هەواڵێکی پۆلیسی هەولێر بوو لە 2018/1/29 . پۆلیس دەڵێت دوای ئەوەی چەند ڕووداوێکی دزی لە دارەتوو ڕوویان دا، دۆسیەیان بۆ کردەوە و سێ کەسیان دەستگیر کرد کە حەوت تاوانی دزییان لە دارەتوو ئەنجامدابوو. سێ ڕۆژ دواتر پۆلیس تۆمەتبارێکی دیکەی هەر لە دارەتوو دەستگیرکرد بەناوی (س.ئا.د) کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپڵ ئۆمیگا و ماتۆرسکیلێکی دزیبوو.

یەکێکی دیکە لەو تۆمەتبارانەی پۆلیس ئەم مانگە دەستگیری کردووە، کەسێکی تەمەن 34 ساڵ بووە بەناوی (پ.ع.ع) ئەو کەسە لە گەڕەکی تەعجیل بڕێک پارە و مۆبایل و دوو دەمانچەی دزیبوو. هەروەها پۆلیس ڕۆژی 13ی ئەم مانگە دزێکی لە شارۆچکەی خەبات دەستگیر کردووە کە چەند دووکانێکی شارۆچکەکەی شکاندووە و بڕێکی زۆر پارە و کارتی مۆبایلی بردووە.

هەفتەی ڕابردوو پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژهەڵات لە شاری هەولێر، دەستگیرکردنی سێ کەسی ڕاگەیاند. (س.س.م.)، چەندین ماتۆڕسکیلی لە شەقامی 100 مەتری لە نزیک نەخۆشخانەی ڕزگاری دزیبوو. (هـ.ح.ع.)، چەندین تابلۆ و تایەی ئۆتۆمبێلی دزیبوو. هەروەها (ژ.م.م.)، چەندین دوکانی شکاندووە و بڕێکی زۆر پارە و کارتی مۆبایلی دزیوە.



# 630 مامۆستای خوێندنی کوردی ناوێرن بگەڕێنەوە کەرکووک

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو – سلێمانی**

بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکووک دەڵێ پێویستی زۆریان بە مامۆستا هەیە بۆ خوێندنی کوردی لە شارەکە و ناشتوانن گوشار لە مامۆستایان بکەن بگەڕێنەوە.

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، زیاتر لە هەزار مامۆستا و فەرمانبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک خوێندنگاکانیان جێهێشتووە و لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا ئاوارەی شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان بوون. هەرچەندە هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی خەڵک بگەڕێنەوە کەرکووک، بەڵام تاوەکو ئێستا 630 مامۆستای خوێندنی کوردی نەگەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان.

شێرزاد ڕەشید، بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکووک دەزانێ ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی تاوەکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە، بەهۆی ئەوەیە کە مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە "ئێمە توانیومانە لەڕێی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەفەرمانی وزاری هەموو ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانە لە شوێنی نیشتەجێبوونیان و لەنزیکترین قوتابخانە دەوامیان پێبکەین، تاوەکو ئەوکاتەی ڕەوشەکە لە کەرکووک بەتەواوی ئاسایی دەبێتەوە و دەتوانن بگەڕێنەوە".

جیا لەو 630 مامۆستا و فەرمانبەرەی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، بەشێکی دیکەی مامۆستایانی کورد کە سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقن، تاوەکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە و لە هەرێمی کوردستانن. ئەوان لەڕێی نوێنەرایەتی پەروەردەی حکومەتی ناوەندییەوە، لە قوتابخانە عەرەبییەکاندا دەوام دەکەن.

لە سنووری پارێزگای کەرکووک 617 قوتابخانە و باخچەی ساوایانی بەشی خوێندنی کوردی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. نزیکەی 100 هەزار قوتابی بە کوردی دەخوێنن و 6500یان ئاوارە بوونە.

محەممەد، مامۆستای خوێندنی کوردییە لە یەکێک لە خوێندنگەکانی شاری کەرکووک و نیگەرانە لەو هەموو کێشەیەی بەهۆی ئاوارەبوونی مامۆستایانەوە بۆیان دروستبووە و دەڵێ: "نەگەڕانەوەی ئەو مامۆستایانە، بۆشایی لە خشتەی وانەگوتنەوەدا دروستکردووە، ئەوەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی خوێندنی کوردی دروستکردووە، بەتایبەت کێشەی بۆ قۆناغی ئامادەیی دروستکردووە، چونکە وانەگوتنەوە لەو قۆناغەدا بەپێی پسۆڕییە و پەروەردەی کەرکووکیش ئامادە نییە هاوکاریمان بکات".

سەرباری هەموو ئەو کێشانەی مامۆستایانی خوێندنی کوردی لە کەرکووک باسی دەکەن، ئێستا هەوڵێک لەلایەن بەڕێوەبەرە عەرەبەکانەوە هەیە بۆ ئەوەی مامۆستایانی کورد سزا بدرێن. مامۆستا محەممەد دەڵێ: "فازڵ ئەسوەد، بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووک فەرمانی دەرکردووە بۆ هەڵوەشانەوەی تەنسیبی ئەو مامۆستایانەی میلاکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی ناوەندین و لە قوتابخانە کوردییەکان تەنسیب کراون و وانە دەڵێنەوە. من خۆم لە دیوانی پەروەردە فەرمانەکەم بینی".

گوتیشی: "ئامانج لەو بڕیارە تەنیا دروستکردنی کێشە و بۆشایی میلاکاتە لە قوتابخانە کوردییەکان".

عوسمان، مامۆستایەکی ئاوارەیە، دەڵێت کێشەکانی بەردەم خوێندنی کوردی زۆرن، بەڵام لە ساڵانی داهاتوودا زۆر ئاڵۆزتر و گەورەتر دەبن ئەگەر چارەسەر نەکرێن "کێشەی بنەڕەتی ئێمە نەگەڕانەوەی مامۆستاکان نییە، بەڵکو کێشەی ئێمە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕووبەڕووی جەنگێکی دەروونی بووینەتەوە و کەس خۆی بەخاوەنی ئێمە و بەرپرس لە ژیان و کێشەکانمان نازانێ".

ئەو مامۆستایەی خوێندنی کوردی لە کەرکووک دڵنیایە لەوەی ئەمساڵ خوێندکارانی خوێندنی کوردی ساڵێکی ئاسایی بەڕێناکەن و دەڵێ: "ئەگەر کار وابڕوات ئەو پرۆسەیە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت، ئەگەر واشنەبێت ئەوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو دواوە دەچێت و ئێمە بەو جۆرە ناتوانین نەوەیەکی باش لەو شارە پێبگەیەنین".



لە کەرکووک نزیکەی 100 هەزار قوتابی بەکوردی دەخوێنن (فۆتۆ: ڕووداو)

## بەرپرسێکی پەروەردەی سلێمانی:

# چەند حیزبێک لە سلێمانی خوێندنیان بە بارمتە گرتووە



پارەی هاندان نەیتوانی مامۆستایانی سلێمانی بباتەوە هۆڵەکانی خوێندن (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**بەهرۆز فەرەیدوون**
**ڕووداو– سلێمانی**

زیاتر لە دوو مانگە مامۆستایانی سنووری پارێزگای سلێمانی بایکۆتی خوێندنیان کردووە و دەڵێن تەنیا بە مەرجی وەرگرتنی مووچەکانیان دەست بە دەوام دەکەنەوە.

بایکۆتەکەی مامۆستایانی سنووری پارێزگای سلێمانی هاوکاتە لەگەڵ ئەو قەیرانە داراییەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە و هەڕەشەی ڕاستەقینە لە خوێندنی ئەمساڵی قوتابیانی سنوورەکە دەکات، چونکە وەرزی دووەمی خوێندن لە سنوورەکە کەمتر لە 40 ڕۆژی ماوە و تەنانەت یەک وانەش لە خوێندنگەکاندا نەگوتراوەتەوە.

لە سلێمانی کەشوهەوای خوێندن لە هیچ گەڕەکێک نابینی، منداڵەکان لە کۆڵان سەرقاڵی یاریکردنن. محەممەد کە قوتابی پۆلی دووی بنەڕەتییە، دەزانێ بۆچی دەوام ناکەن "مامۆستاکانمان دەڵێن تا مەعاش وەرنەگرین نایەینەوە بۆ خوێندنگا".

گەڕەکی سەرشەقام یەکێک لە کۆنترین گەڕەکەکانی شارەکەیە، لەوێ چوار خوێندنگەی لێیە کە هەشت دەوامی خوێندکارانیان تێدایە، هەندێ منداڵ بەسەر دیواری خوێندنگەیەکدا دەچوونە نێو خوێندنگەکەیان و لەنێو گۆڕەپانی خوێندنگەکە خەریکی یاریکردن بوون.

سیامەندی تەمەن 13 ساڵ زۆر خۆشحاڵە کە خوێندن نییە، چونکە تەنانەت پارەی خەرجیی ڕۆژانەیان لەگیرفاندا نییە. ئەو گوتی "لە وەرزی یەکەمی خوێندن مامۆستاکانمان دەیانگوت ئێمە مووچە وەرناگرین، بۆیە باشترە دەرگای خوێندنگەکان دابخرێن".

هاوڕێکانی سیامەند لە دەورمان کۆبوونەتەوە و هەریەکە قسەیەکی لەسەر بایکۆتەکە هەیە، یەکێکیان دەیگوت هەر خۆمان زەرەر دەکەین و یەکێکی دیکەیان دەیگوت کاتێک بایکۆت بشکێنن بە پەلەپەل پرۆگرامی خوێندنیان پێ تەواو دەکەن.

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق وا بۆ چوار مانگ دەچێت بەڵێنی بە مامۆستایان داوە کە مووچەکەیان بۆ بنێرێ، تا ئێستا دوو جار فۆرمی زانیاری بە مامۆستایان پڕکراوەتەوە، زیاتر لە هەشت لیژنەی وردبینی بۆ مووچەی مامۆستایان لە بەغداوە هاتوونەتە هەولێر و تا ئێستا بە کردار هیچی نەکردووە.

لەنێو خوێندنگەیەکی ئامادەیی، مامۆستایان سارد و وەڕز دیارن لە سێبارە پڕکردنەوەی ئەو فۆرمەی کە حکومەتی بەغدا دیسان داوای کردووە. مامۆستا بەیان کە مامۆستای زمانی کوردییە، دەڵێت: "باوەڕمان بە بەڵێنەکانی عەبادی نییە، بەڵام پڕکردنەوەی فۆرمەکان لە ناچارییە و بەهۆی خراپیی گوزەرانمان داوای هەرچی بکەن دەبێ بڵێین بەسەرچاو".

بەکر محەممەد، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی، دەڵێت چەند حیزبێک لە سلێمانی خوێندنیان بە بارمتە گرتووە. ئەو دەڵێت "ئەگەر حیزب بیەوێت، بایکۆتی مامۆستایان نامێنێ، ئەوە حیزبە مامۆستایان لە شارەکە ئاراستە دەکات".

قسەکانی بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژئاوای شارەکە لەکاتێکدا بوو کە یەکێک لە نوێنەرانی مامۆستایانی ناڕازی لە ژوورەکەی دانیشتبوو. ئەو گوتی "ئەم مامۆستایانە بەخۆیان دەڵێن ناڕازی، لەکاتێکدا ئێمە هەموومان ناڕازین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت خوێندنی ساڵێکی خوێندکاران لەم سنوورە بفەوتێنین.

لە سنووری پارێزگای سلێمانی 1743 خوێندنگە پرۆسەی خوێندنیان تێدا ڕاگیراوە و 37 هەزار مامۆستا و 11 هەزار فەرمانبەری پەروەردە دەڵێن بە مەرجی پێدانی مووچەکانیان دەچنەوە نێو هۆڵەکانی خوێندن.

ناڕاستەوخۆ پەنجەی تۆمەت ئاراستەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەکرێت، بەوەی "حیزبێک" کە زۆرینەی ئەندامانی یەکێتییەکە پێکدێنێت، دەستی باڵای لە بایکۆتەکەی مامۆستایانی سنووری پارێزگای سلێمانیدا هەیە.

عەتا ئەحمەد، جێگری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان نایشارێتەوە کە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ـەوە حیزب لە هەموو کایە و پێگەیەکی هەرێمی کوردستاندا هەیە و دەستی حیزب لە بایکۆتەکەی مامۆستایانی سنووری پارێزگای سلێمانیشدا بە شتێکی ئاسایی دەزانێت. ئەو دەڵێت "ئێمە ڕووی ئەوەمان نییە بە مامۆستا بڵێین بایکۆت بشکێنە، لەکاتێکدا بە 50 ڕۆژ جارێک چارەکە مووچەیەکیان دەدرێتێ".

گردبوونەوەکانی مامۆستایان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان لەژماردن نایەن، دوو لەو گردبوونەوانە ڕووی لە عەبادی بووە، لە یەکێکیاندا بە سوپاسەوە داوایان لێکرد مووچەکانیان بۆ بنێرێ، جاری دووەم بە "خیانەتکار" ناویان برد.

ڕێزان شێخ دلێر، پەرلەمانتاری یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "کاتی ئەوەیە بە ڕاستگۆیی بە مامۆستایان بڵێم، بەغدا و حکومەتەکەی عەبادی مووچەی مامۆستایان نانێرێت و ئەوەی دەیڵێت جگە لە یارییەکی سیاسی شتێکی دیکە نییە".

## یەکێک لە دوو لادراوەکە کوردە

# گۆڕینی جێگرانی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی مووسڵ کێشە دەنێتەوە

**کاروان عەلی**
**ڕووداو– دهۆک**

لیژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕێگەی نەدا هەریەک لە دکتۆر محەممەد فازڵ کەشموله و دکتۆر مەجید حەیالی ببنە جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی مووسڵ، بە تۆمەتی ئەوەی کە لەو کاتەی داعش لە مووسڵ بووە، ئەوان لە کارەکانیان بەردەوام بوونە.

لە ماوەی ڕابردوودا د.فەلاح تایی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی مووسڵ، هەردوو جێگرەکەی: دکتۆر فیراس ئاکرەیی و دکتۆر ئەوس ئەلحەمدانی دوورخستەوە، لە شوێنی ئەوان دکتۆر محەممەد فازڵ کەشموله و دکتۆر مەجید حەیالی دانا، ئەمەش نارەزایی ئەنجوومەنی پارێزگا و لیژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لێکەوتەوە.

د.فارس بریفکانی، جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوان لەو گۆڕانکارییانەی د.فەلاح نیگەرانن، چونکە ئەو دوو کەسەی کە کردوونی بە جێگری خۆی، ئەو کاتەی داعش مووسڵی داگیرکرد، هەتا مووسڵیش کۆنترۆڵ کرایەوە ئەوان هەر لە نێو شارەکەدا مابوون، خزمەتی چەکدار و ئەمیرەکانی داعشیان دەکرد، بریندارەکانی داعشیان چارەسەر دەکرد، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن ئەو دوو کەسە وەک جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی مووسڵ دەستبەکار ببن.

ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ڕێگری لە دەستبەکاربوونی ئەو دوو دکتۆرە وەکو جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی مووسڵ بکات.

خدر ئیلیاس، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەنجوومەن بە تێکڕای دەنگ بڕیاری داوە دوو جێگرەکەی پێشوو لە کارەکانیان لابدرێن، بەڵام ڕێگە بە دوو جێگرە تازەکەش نادرێ دەستبەکار ببن".

خدر ئیلیاس ئاماژەی بەوەدا کە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بڕیاری داوە هەر بەڕێوەبەرێک یان سەرۆک بەشێک لە ڕۆژی 2015/1/1 تاوەکو ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لە شارەکەدا مابێتەوە، نابێ لە پۆستەکەیدا بمێنێ، یان پۆستێکی تازەی بدرێتێ".

تەندروستیی نەینەوا، پێش هاتنی داعش بۆ شارەکە 24 هەزار فەرمانبەری هەبوو، بەڵام ئێستا 19 هەزار فەرمانبەر لەسەر کارەکانیان بەردەوامن. نزیکەی 60%ی ژێرخانی تەندروستیی شارەکە بەهۆی شەڕەوە وێران بووە.

د.فەلاح تایی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی مووسڵ، سەبارەت بە کێشەی دانانی ئەو دوو جێگرەی بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی ئەو دوو جێگرە لە پۆستەکانیان لادران، شەش بەربژێر هەبوون بۆ شوێنگرتنەوەیان، ئێمەش ناوەکانمان نارد بۆ وەزارەتی تەندروستیی عێراق، لەوێ ئەوان هەر یەک لە (دکتۆر محەممەد فازڵ کەشموله و دکتۆر مەجید حەیالی) یان دەستنیشان کرد، بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەستبەکاربوونی ڕاگرتوون و هێشتا دوو جێگرەکەی پێشوو لە کارەکانیان بەردەوامن، ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین دوو جێگرە نوێیەکە دەستبەکار ببن".

# بەهار.. وەرزی نەخۆشی و بێزاری بۆ بەشێکی خەڵک

سەروەر سالار
رووداو - سلێمانی



بۆ زۆر کەس، هیچ وەرزێک هێندەی بەهار بێزارکەر نییە، ئەوەش بەهۆی هەستەوەرییان بەو گوڵ و گیا و رووەکانەی لەگەڵ وەرزی بەهاردا پەیدا دەبن. چونکە گوڵ و گیا و رووەکە بەهارییەکان سەرچاوەی سەرەکیی ئەو تەنۆلکە وردانەن کە لەگەڵ کۆئەندامی بەرگریی کەسە هەستەوەرەکان بەشەڕدێن.

ئاوارە رەحیم، 26 ساڵ، قۆڵەکانی هەڵدەکات کە هەمووی پەڵەی سوورە. خورانی پێست هەراسانی کردووە و تەنانەت خەویشی تێکداوە "هەموو ساڵێک لە کۆتاییەکانی زستان تاوەکو سەرەتای هاوین تووشی ئەم حاڵەتە دەبم و چارەسەرەکانیشی کاتین".

هەستەوەریی بەهارە بەهۆی ئەوە روودەدات کە کۆئەندامی بەرگری بەشێوەیەکی توند و نائاسایی کاردانەوە دەنوێنێ بۆ دەنکە هەڵاڵەی گوڵ و گیاکان. لە ئەنجامی ئەو کاردانەوەیەی کۆئەندامی بەرگری، لووت ئاو دەکات، پژمینی زۆر و دووبارە روودەدەن، چاو سووردەبێتەوە و دەخورێ و دەئاوسێ، پێست لیر دەکات و ئاڵۆش دەکات.

نیشانەکانی ئەو هەستەوەرییە کەسەکە تەواو بێزار دەکەن، تەنانەت خەوی هەندێک لە تووشبووان تێکدەدەن. باشترە بە رێنمایی پزیشک ئەم نیشانانە کۆنترۆڵ بکرێن، نەوەک زیاتر تەشەنە بکات و بگاتە کەناڵە جیاوازەکانی هەناسە و بەهۆی تۆرەی رەبۆوە مەترسی بۆ سەر ژیانی کەسەکە دروست ببێ.

لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا 15%ی خەڵک هەستەوەریی بەهارەیان هەیە. بەشێک لە تووشبووان تەنیا بە گیا و گوڵە بەهارییەکان هەستەوەرن کە تەمەنێکی کورتیان هەیە، کەچی هەندێکی دیکە بە درەختی ئەوتۆ هەستەوەرن کە لە مانگی دوو تاکو مانگی 10 گەڵا و دەنکەهەڵاڵەیان هەیە و بەوپێیە هەشت مانگی ساڵ لە نەهامەتییەکانی هەستەوەریدا دەژین.

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ هەستەوەری بە تەنۆلکەی دەنکە هەڵاڵە حاڵەتێکی ئێجگار بڵاوە و دەبێ خەڵکی زیاتر لەبارەیەوە هۆشیار بکرێنەوە.

د.دانا محەممەد تۆفیق، پزیشکی پسپۆڕی بەرگریزانی و هەستەوەریزانی، بە (رووداو)ی گوت: "لە وڵاتان لە هەواڵەکانی کەشناسیدا، برگەیەکی تایبەت هەیە کە تێیدا چڕیی تەنۆلکە وردەکانی دروستکەری هەستەوەری لە هەوا، لەو رۆژەدا چەند بێت باسی دەکەن، تاوەکو کەسانی هەستەوەر خۆیان بپارێزن، کەچی لای ئێمە تەنانەت لەبارەی پێشبینی خۆڵبارینیشەوە خەڵک ئاگادار ناکرێنەوە".

پزیشکە پسپۆڕەکە هەوڵیداوە نامیلکەی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لەبارەی هەستەوەری بە زمانی کوردی ئامادە بکات و پێشکەشی هەر نەخۆشێکی بکات کە سەردانی سەنتەری چارەسەری حەساسیە و رەبۆ دەکەن لە سلێمانی، بەڵام وەک پێویست بەدەمەچوون بۆ پرۆژەکەی نەبووە "ئەوانەی هەستەوەرییان هەیە، نابێ تەنیا چاویان لە دەرمان بێ، بەشێکی زۆری چارەسەریان بریتییە لە هۆشیاربوونەوە لەبارەی نەخۆشییەکە و هۆکارە رێگاخۆشکەرەکانی و خۆپاراستن لێی".

## جوانیی بەهار بێ باج نییە

بەهار بە شێوازی جیاواز خەڵکی رووبەڕووی هەستەوەری دەکاتەوە.

د.شاخەوان محەممەد بارام، پزیشکی پسپۆڕی پێست و جوانکاری بە (رووداو)ی گوت: "لە کۆتایی زستانەوە، هەم دەنکەهەڵاڵە بە چڕی دەچنە هەوا، هەم زەوی بەرەو وشکبوونەوە دەچێ و تەپوتۆز زۆر دەبێ، هەم پاش سەردەمانێک لە هەور، دیسان تیشکی هەتاو بە تینێکی زیاترەوە دەردەکەوێتەوە، مار و مێرووەکانیش دەردەکەونەوە، ئەمانە هەموو هۆکاری زیادبوونی هەستەوەرین لە بەهاردا".

وەک پسپۆڕەکە دەڵێت، بەشێک لە هەستەوەرییەکانی پێست لە ئەنجامی بەرکەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ تەنەکان دروستدەبن، بەڵام هەندێکجار تەنەکان هەڵدەمژرێن و هەستەوەربوونی پێست هاوکات دەبێ لەگەڵ هەستەوەریی چاو، لووت و سیستمی هەناسە.

دکتۆر شاخەوان دەڵێ خۆپاراستن لە هۆکارە تووشکەرەکان باشترین هەنگاوە و چارەسەرەکان زیاتر بۆ سەرکوتکردنی نیشانەکانی هەستەوەرین لە رێگەی پێدانی ئەنتی هیستامین و ستیرۆید، ئەوانەش کە پێستیان بە بەرکەوتنی تیشکی خۆر تووشی هەستەوەری دەبێ، باشترە سوود لە کرێمی دژەخۆر وەربگرن.

## چارەسەری یەکجاریی هەیە؟

دکتۆر دانا دەڵێ لە رێگەی تاقیکردنەوەی رەگەزەکانی دروستکەری هەستەوەری دەگەینە ئەو بڕیارەی کەسەکە بە چی تووشی هەستەوەری بووە و دواتر جەستەی کەسەکە ئاشنا دەکەین بەو تەنە ئاساییەی کە جەستە وەکوو تەنی نامۆ دەیبینێ "پانێڵێکی 64 ماددەییمان هەیە، ئێمە بە زانین و ئەزموونی خۆمان بڕیار دەدەین کامەیان لەسەر کەسەکە تاقی بکەینەوە، بە دەرزی ماددەکە دەکەینە ژێر پێستی کەسەکە و تەماشای کاردانەوەی پێستی دەکەین".

دوای ئەوەی دەرکەوت کەسەکە بە کام ماددە هەستەوەرە، بە بڕی کەم و بۆ ماوەی چەند مانگێک ماددەکە بە کەسەکە دەدرێ، بەشێوەی دەرزی یان قەترە و ئیدی جەستە بەو رەگەزە ئاشنا دەبێ و ئەگەر پاش ئەوە لە هەواوە هەڵیبمژێ یان بەر پێستی بکەوێ، کۆئەندامی بەرگری بە ئاسایی وەریدەگرێ و چیدی ناورووژێ!

ئەو ماددانەی بۆ ئاشناکردنی جەستە بە ماددەکانی دروستکەری هەستەوەری بەکاردێن، لە عێراق وەکوو ڤاکسین (پێکوتە) پۆلێن کراون. کڕین و دابینکردنی هەموو پێکوتەیەکیش لەلایەن حکومەتی بەغداوە دەبێت. دکتۆر دانا گوتی لەپاش ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق، بەغدا ئەو ماددانە بۆ ئەوان نانێرێت، یان زۆر کەم دەینێرێت، بۆیە ئێستا لە سەنتەرە حکومییەکان ئەم ماددانە نەماون، بەڵام بەشێکیان لە سەنتەرە ئەهلییەکان هەن".

پسپۆڕێک

**دەبێ رۆژانە لە هەواڵەکانی کەشناسیدا، چڕیی ماددە وورووژێنەرەکانی هەستەوەری بە خەڵک بگوترێ**

# هەشت هۆکاری بێهێزی و گێژبوون



رووداو - ئاژانسەکان

هەندێک کەس هەن سەرەڕای ئەوەی شەوانەش خەوێکی باش دەکەن، کەچی بە رۆژ هەمیشە هەست بە خەواڵوویی، گێژی و بێهێزی دەکەن. ئەگەر حاڵەتەکەت بە جۆرێکە کە کار لە ژیانی رۆژانەت دەکات، ئەوە سەردانی پزیشک بکە بۆ ئەوەی هۆکارەکەت بۆ دیاری بکات کە لەوانەیە یەکێک یان زیاتر بێت لەمانە:

**1 کێشە لە رژێنی دەرەقی:**
رژێنی دەرەقی کە لە ملدا هەڵکەوتووە، هۆرمۆنگەلێک دەردەدات کە کردەی زیندەپاڵ و کاری بەشێکی زۆر لە ئەندامانی جەستە رێکدەخەن. تەمبەڵی و کەمچالاکیی ئەو رژێنە وادەکات هەست بە ماندوویی و بێهێزی بکەی و لێدانی دڵت خاو ببێتەوە. ئەگەر زۆر چالاکیش بێت ئەوە هەر هەست بە ماندوویی دەکەیت، چونکە زیندەپاڵ خێرادەکات و پێداویستی بۆ ئۆکسجین زیاد دەکات و دڵەکوتە و هەست بە ماندوێتی دروستدەکات.

**2 کەمیی ماددەی ئاسن لە جەستەدا:**
ئەوانەی ئاسن لە جەستەیاندا کەمە، هەمیشە هەست بە ماندوێتیی دەکەن و توانای سەرنجدانیان کەمە. کەمیی ئاسن دەبێتە هۆی کەمخوێنی. لە کەمخوێنیشدا خرۆکە سوورەکان ناتوانن بڕی پێویستی ئۆکسجین بگەیێننە خانە و شانەکانی لەش و بەوەش کەسەکە هەمیشە هەستدەکات بێهێز و ماندووە. سەرچاوە خۆراکییە دەوڵەمەندەکان بە ئاسن بریتین لە: سپێناخ، پاقلەمەنییەکان و گۆشت.

**3 دەرمانی دژە هەستەوەری:**
بەشێک لە دەرمانەکانی دژە هەستەوەری کە بە دژە هیستامین ناسراون دەبنە هۆی گێژبوون و خەواڵوویی. راستە ئەو دەرمانانە هەستەوەرییەکە سەرکوت دەکەن، بەڵام کۆبوونەوەیان لە دەمارەخانەکانی مێشکدا دەبێتە هۆی گێژبوون. بۆیە پسپۆڕان رێنماییتان دەکەن ئەگەر ئەو جۆرە دەرمانانەتان بۆ دیاریکرابوو، شەوان پێش نووستن بەکاریان بهێنن و تاوەکو زۆر پێویست نەبێ یان پزیشک بۆتان دیاری نەکات، بە رۆژ بەکاریان نەهێنن.

**4 کەم خواردنەوەی شلەمەنی:**
توێژەرانی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی پەنسلڤینیا دەڵێن ئەوانەی بڕی پێویستی شلەمەنییەکان ناخۆنەوە، شەوان کەمخەو و رۆژان ماندوون. بەپێی رێنمایی ئەوان، دەبێت هەر کەسێکی پێگەیشتووی تەندروست رۆژانە بڕە شلەمەنییەک بخواتەوە کە لە لیتر و نیوێک کەمتر نەبێ.

**5 تووشبوون بە شەکرە:**
هۆرمۆنی ئینسولین وا لە خانەکان دەکات شەکری خوێن وەربگرن و بیکەن بە وزەی پێویست بۆ جەستە. بەڵام ئەم پرۆسەیە لە تووشبووانی شەکرەدا وەک پێویست بەڕێوە ناچێت، ئەوەش بێهێزی و ماندوویی لێدەکەوێتەوە. بۆیە پسپۆڕان ئامۆژگاریتان دەکەن ئەگەر هەمیشە بێهێز و ماندوون، بیر لە پشکنینی شەکرە بکەنەوە.

**6 تەمبەڵی و نەجووڵان:**
جووڵان و هەڵمژینی هەوای خاوێن، وزە و چالاکیی دەدەنە جەستە، پێچەوانەکەشی راستە: ئەوانەی کەم دەجووڵێن و کەمتر هەوای کراوە و خاوێن هەڵدەمژن، هەست بە ماندوێتی و خەواڵوویی دەکەن.

**7 کەمیی ڤیتامین B12**
ئەو ڤیتامینە بەزۆری لە بەرهەمە ئاژەڵییەکاندا هەیە، بۆیە رەنگە کێشەیەکی بەرچاوبێت لەوانەی گیاخۆرن. کەمیی ڤیتامین B12 دەبێتە هۆی کەمخوێنی، بێهزی و کەمتوانایی.

**8 قاوە خواردنەوەی شەوان:**
قاوە دەبێتە هۆی خەوزڕانی شەو، ئەوەش ماندوێتی رۆژی لێدەکەوێتەوە. بۆیە باشترە قاوە تەنیا لە بەیانیان و پێشنیوەڕوان بخۆیتەوە بۆئەوەی شەو خەوێکی قووڵ و ئارامکەرەوەت هەبێ.

# رێگەچارەی سروشتی بۆ نەهێشتنی بۆنی دەم

رووداو- ئاژانسەکان

بۆنی ناخۆشی دەم کاریگەریی نەرێنی زۆری لەسەر دەروونی خەڵکی هەیە و رەنگە ببێتە هۆی گۆشەگیری و سنووردارییی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. هۆکارەکانیشی جیاوازن، هەر لە نەخۆشیی گەدە تاوەکو سییەکان و ددان و گەروو. ئەم رێگەچارە سرووشتییانە بەزۆری بۆ ئەو هۆکارانە کاریگەرن کە پەیوەندییان بە دەم و ددانەوە هەیە. ئەگەر سەرەڕای ئەنجامدانی ئەمانە بۆنی دەمت هەر ناخۆش بوو، سەردانی پزیشک بکە، چونکە ئەم رێوشوێنانە کاریان بەسەر هۆکارەکانی پەیوەست بە گەدە و سییەکانەوە نییە کە لە هۆکارە دیارەکانی بۆنی ناخۆشیی دەمن.

**1 شووشتنی دەم و ددان:**
هۆکارێکی سەرەکی بۆنی ناخۆشی دەم، کەڵەکەبوونی بەکتریاگەلی زیانبەخشە لەناو دەم، بۆیە شووشتنی دەم و ددان بە فڵچە و هەویرێکی باش و گونجاو، لە رێگەچارە کاریگەرەکانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی بۆنی ناخۆشی دەم.



**2 چای رەش:**
بە تایبەت ئەگەر بێ شەکر بێ، ئەوە رێگەیەکی گونجاوە بۆ کەمکردنەوەی بۆنی دەم و ددان. ئەوەش بە پێچەوانەی قاوە. چا هەروەها بە ماددەی فلۆر دەوڵەمەندە کە دژی کلۆربوونی ددانەکانە.



**3 مەعدەنووس:**
بۆنی ناخۆشی پووک و ددان کەمدەکاتەوە. ئەگەر دوای جگەرەکێشان و خواردنی سیر بەکاربهێنرێ، بۆنە ناخۆشەکانیان لاواز دەکات.





**4 دەزووی ددان پاککردنەوە:**
بەکتریا لەنێوان ددانەکان کۆدەبنەوە و دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی بۆنێکی ناخۆش بەنێو دەمدا، فڵچەی ددان شووشتنیش وەک پێویست ناگاتە نێوان ددانەکان. بۆیە باشترە دەزووی تایبەتی خاوێنکردنەوەی نێوان ددانەکان بەکاربهێنی، بۆ ئەوەی زۆرترین بەکتریای زیانبەخش لە ددانەکان بکەیتەوە.



**5 زەنجەفیل:**
چای زەنجەفیل جگە لەوەی بۆ چەندین گرفتی تەندروستی بەسوودە، دەرکەوتووە بۆنی ناخۆشی دەمیش کەمدەکاتەوە.



**6 ئاوی لیمۆ:**
ئەمەیان دەبێ لەسەر زمان و پووک دابنرێ و کاریگەرە بۆ خاوێنکردنەوەیان، بەڵام دەبێ تاوەکو دەکرێ بەرکەوتنی لەگەڵ ددانەکان کەمبکرێتەوە، چونکە بەگشتی مزرەمەنییەکان بۆ ددان باش نین و مینا پارێزەرەکەی لاواز دەکەن.

**7 ئەڤۆکادۆ:**
بەکتریا زیانبەخشەکانی دەم و کۆئەندامی هەرس لاواز دەکات.



**8 ئاو خواردنەوە:**
وشکیی دەم هۆکارێکی دیاری بۆنی ناخۆشی دەمە، بۆیە زوو زوو ئاو بخۆرەوە و مەهێڵە دەمت وشک ببێتەوە.



**9 هێل:**
جوینی هێل، یان رۆکردنی بۆ نێو چا، کاریگەرە لە کەمکردنەوەی بۆنی ناخۆشی نێو دەم.



**10 بنێشت:**
جوینی بنێشتی بێ شەکر (وەکو بنێشتی کوردی) هانی دەردانی لیک دەدات، ئەوەش لەلایەک وشکیی دەم ناهێڵێ، لەلایەکی دیکەش لیک بۆ خۆی خاوێنکەرەوەیە و بەکتریا و پاشماوە خۆراکییەکانی نێو دەم دەشواتەوە.



**11 ماست:**
ماست بەکتریای سوودبەخشی تێدایە و دژی بەکتریا زیانبەخشەکانە، ئەوەش رێگەیەکی کارایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بۆنی ناخۆشی دەم.



**12 پزیشکی ددان ببینە:**
باشترە ساڵانە دوو جار سەردانی پزیشکی ددان بکەیت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ دەم و ددانت لە کلس و پیسییەکان خاوێن بکاتەوە.

# واشنتن دەیەوێ تورکیا لەدەستی رووسیا



**رووداو- هەولێر**

کۆشکی سپی هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی تورکیا لە رووسیا و ئێران دووربخاتەوە، بەڵام بژارەکانی بەردەستی بەهۆی ئاڵۆزیی رەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر کەمن. هەوڵەکانی واشنتن پێنج مانگ دوای ئەوە دێن کە سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند پەیوەندی نێوان ئەنقەرە و واشنتن هیچکات هێندە نزیک نەبووە.

مانگی رابردوو کۆبوونەوەی باڵا لە نێوان بەرپرسانی هەردوو وڵاتدا بەڕێوەچوون، لە دوایین کۆبوونەوەدا رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دانی بەوەدا نا کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات گەیشتووەتە "خاڵێکی قەیراناوی". دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەریدەخات دانانی نەخشەڕێگەیەک بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکان و بەلاوەنانی ناکۆکییەکان کارێکی ئاسان نییە.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هەڵمەتێکی دیپلۆماسی دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی رەجەب تەیب ئەردۆغان رازی بکەن لە نزیکبوونەوە لە مۆسکۆ و تاران پاشگەز ببێتەوە. ئەم خاڵەش بەشێکی سەرەکیی دانوستاندنەکانی ژەنەراڵ مەکمەستەر، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی و جیم مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکایان لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا پێکهێناوە.

بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی بۆ رۆژنامە ئەمریکییەکەی ئاشکرا کردووە کە واشنتن ئاگای لەوەیە تورکیا لە رووسەکان نزیک دەبێتەوە. ئەو دەڵێت "رووسیا یاری بە تورکیا دەکات. نزیکبوونەوەی تورکیا لە رووسیا و ئێران، پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی تورکیایە".

جڵەوکردنی نفووزی ئێران و میلیشیا شیعەکانی لە سووریا بەشێک لە پلانی ستراتیژیی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێکدێنێ، بەڵام هەر لەناو ئەو ستراتیژەدا پلانی تێکشکاندنی دوایین پاشماوەکانی داعش و رێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی ئەو گرووپە لە سووریا هەیە، بۆ ئەوەشیان پشت بە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) دەبەستێت کە بە دەستپێشخەریی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و پشتیوانی ئەمریکا دامەزراون. تورکیا یەپەگە بە باڵی سووریای پارتی کرێکارانی کوردستان دەزانێت و وجوودی ئەو هێزانە بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی وڵاتەکەی دەزانێ.

بەگوتەی بەرپرسانی کۆشکی سپی، ئەمریکا دەیەوێت لە پلانی بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازییەکانی ئێراندا لە سووریا لە هاوکاریی تورکیا بێبەش نەبێت. بۆیەش پرسیاری سەرەکی کە رووبەڕووی ئیدارەی ئەمریکی دەبێتەوە، ئەوەیە چۆن لە نێوان جڵەوکردنی نفووزی ئێران و بەرەنگاربوونەوەی داعشدا بە هاوکاریی هەسەدە، هاوسەنگی دروست دەکات؟

ئەمریکا و تورکیا دوو گەورەترین هێزی سەربازیی نێو ناتۆ پێکدەهێنن. ئەمریکییەکان نیگەرانن لەوەی رووسیا بە پێدانی کۆمەڵێک خاڵ لە سووریا هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێو ناتۆدا دەدات. مانگی رابردوو رووسیا رازی بوو هێزەکانی لە عەفرین پاشەکشێ بکات و بەمەش گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد تاوەکو هێرش بکاتە سەر عەفرین، جیا لەمەش تورکیا گرێبەستی کڕینی سیستەمی بەرگریی مووشەکی لەگەڵ رووسیا واژۆ کردووە، بەو پێیەش بەشێک لە سیستەمی بەرگریی تورکیا لەژێر چەتری سیستەمی بەرگریی ناتۆ دەردەچێ.

> **رووسیا یاری بە تورکیا دەکات**
>
> بەرپرسێکی کۆشکی سپی

لە دوای کۆبوونەوەکەی تیلەرسن و ئەردۆغان، هەردوو وڵات لەسەر پێکهێنانی گرووپێکی هاوکاریی دوولایەنە رێککەوتن. بەرپرسێکی تورک بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی گوتووە "ئێمە پێمان باشترە راستەوخۆ لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکانی خۆمان باسی ئەو کێشانە بکەین". هەفتەی رابردوو، ئەردۆغان لەگەڵ هاوتا رووسی و ئێرانییەکەی خۆی گفتوگۆی کردبوو. هەرسێ لایەنیش خەریکی دانانی بناغەیەکن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی هاوبەش بۆ قەیرانی حەوت ساڵەی سووریا دابنێن.

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا ئێران، رووسیا و تورکیا هەوڵیانداوە بەشداریی ئەمریکا لە هەنگاوەکانی چارەسەریی قەیرانی سووریادا سنووردار بکەن و لە پلانەکەی ئێستاشیان ئەمریکا پێگەیەکی ئەوتۆی نییە. بەرپرسێکی ئەمریکی دەڵێت "هەوڵەکانی مۆسکۆ بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا بە هاوکاریی تاران و ئەنقەرە، بەبێ بەشداری ئەمریکا هیچ بنەما و ناوەڕۆکێکی نابێت".

بەرپرسە ئەمریکییەکە نەیشاردووەتەوە نیگەرانی سەرەکیی تورکیا بۆ کێشەی هێزە کوردییەکانی سووریا دەگەڕێتەوە. بۆیەش لە کۆبوونەوەکەی دوو هەفتە لەمەوبەری تیلەرسن لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا کۆمەڵێک دایەگرام خراونەتەڕوو، ئەو بوارانە دیاریکراون کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لە ناوچەکەدا پیشان بدەن و ئاماژە بە رێگاکانی چارەسەری ئەو نیگەرانیانەش بدەن.

بە گوێرەی راپۆرتەکە، بەرپرسانی ئەمریکی وەکوو بەشێک لە نەخشەرێگەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەیان لەگەڵ تورکیا، پێشنیازیان کردووە لە سووریا خاڵی چاودێری پشکنینی هاوبەش دابنێن، بۆ ئەوەی هەردوو لایەن دڵنیابن لەوەی هێزە کوردییەکانی باکووری سووریا هێرش ناکەنە سەر خاکی تورکیا.

بەڵام تورکیا بە دوای ئەوەیەیە رێگەیەک بدۆزێتەوە هێزی چەکداری و سەربازیی هێزە کوردییەکان لاواز بکات کە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا بەهۆی پشتیوانییەکانی ئەمریکا چەک و تەمەنی و مەشقی بەرفراوانیان وەرگرتووە.

ئیدارەی ترەمپ تاوەکو ئێستاش رازی نەبووە ئەم داوایەی تورکیا جێبەجێ بکات یان واز لە کارکردن لەگەڵ هەسەدە بهێنێت کە دەستی باڵایان لە تێکشکاندنی خەلافەتەکەی داعش لە سووریادا هەبووە.

ئەمریکا داوای لە تورکیا کردووە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ هێزەکانی هەسەدە یان یەپەگە بخاتەڕوو یان ئەو سەرکردە کوردانە دیاری بکات کە ئەنقەرە ئامادەیە پشتیوانیان لێدەکات. بەرپرسەکەی کۆشکی سپی دەڵێت "کێن ئەو سەرکردە کوردانەی تورکیا قەبووڵیان دەکات؟" جەختیشی لەوە کردەوە کە "تورکیا دەتوانێت رۆڵێکی زۆر ئەرێنی هەبێت لەوەی هێزە کوردییەکانی سووریا بگۆڕێت و گرووپە سیاسییەکانی کورد لە یەپەگە دووربخاتەوە".

وەکوو لە لێدوانی ئەو بەرپرسە ئەمریکییەکەدا دەردەکەوێت، واشنتن دەیەوێت رێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەسەدە جڵەو بکات، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان عەرەبن. ئەو کاربەدەستە دەڵێت: "ئێمە ناتوانین یەکسەر واز لە هەسەدە بهێنین، رەنگە رێگەیەک بۆ ئەمە هەبێت، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی زۆرینەیان عەرەبە".

پێدەچێت ئەمریکا بەنیازی دەستپێکردنی پرۆگرامێک بێت بۆ پێگەیاندنی چەکدارانی خۆجێیی لەو ناوچانە، بە جۆرێک پرۆگرامەکە لە دەرەوەی پرۆگرامی مەشقی شەڕڤانانی هەسەدە بێت.

# تیلەرسن بیر لە هەڵوەشاندنەوەی پۆستەکەی مەکگۆرک دەکاتەوە

**رووداو – هەولێر**

لەگەڵ کۆتاییهاتنی خەلافەتەکەی داعش، ئەمریکا بیر لە هەڵوەشاندنەوەی پۆستی دیپلۆماتیکی خۆی لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش دەکاتەوە کە تاوەکو ئێستا لەدەستی برێت مەکگۆرکە. بەڵام ژمارەیەک دیپلۆماتکاری ئەمریکی هۆشداری دەدەن لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پۆستە، چونکە دەڵێن ئەمریکا لە عێراق و سووریا لەڕووی دیپلۆماسییەوە کێشەی هەیە و لادانی ئەو پۆستە بۆشاییەکە فراوانتر دەکات.

ناوی فەرمیی پۆستەکەی مەکگۆرک "نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعشە" کە لە ئەیلوولی 2014 و دوای دامەزراندنی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعش وەکو پۆستێک لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دانرا. شارەزایان پێیانوایە زۆر زووە بۆ ئەوەی ئەو پۆستە هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە هێشتا ئەمریکا نەیتوانیوە ستراتیژێکی سیاسی یەکدەست بۆ قۆناغی دوای خەلافەتەکەی داعش دابنێ.

چارڵز لیستەر، شارەزای کاروباری سووریا لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن، لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی دەڵێت: "ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک ئەمریکا پێویستی بە کەسێکی بەتوانایە کە ئەرکە دیپلۆماسییەکان جێبەجێ بکات".

کاربەدەستی ئیدارەی ئێستا و پێشووی ئەمریکا دەڵێن هەڵوەشاندنەوەی پۆستەکەی مەکگۆرک رەنگدانەوەی ئەو گۆڕانەیە کە لە ئەرزی واقیعی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا روودەدات، بەتایبەتیش لە کاتێکدا داعش روو لە شکستی تەواوەتییە، بەڵام ئەم هەنگاوە بەشێکیشە لە رێکخستنەوەی هەیکەلی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دەستی بە هەڵمەتێک کردووە بۆ ئەوەی پۆستەکانی نێردەی تایبەت و ستافە تایبەتەکانی کۆنگرێس لە کۆڵ وەزارەتەکەی بکاتەوە.

ژمارەیەک سەرچاوەی ئاگادار لە گۆڕانکارییەکان بە (فۆرین پۆڵسی)یان راگەیاندووە ئەرکەکانی پۆستی مەکگۆرک دەخرێتەوە ئەستۆی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و نووسینگە پەیوەندیدارەکانی دیکە، ئەو فەرمانبەرانەش کە بەشێوەی گرێبەست لەگەڵ ئۆفیسەکەی مەکگۆرکدا کاریان کردبوو، گرێبەستەکانیان بۆ نوێ ناکرێتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ناتوانن ئەو راپۆرتە پشتڕاست بکەنەوە و جارێ هیچ پلانێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی پۆستی نێردەی تایبەتی سەرۆک لەئارادا نییە. هیزەر نوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتی: "داعش وەکوو هەڕەشەیەکی کوشندە و ئەولەویەتی باڵای وەزیری دەرەوە و ئیدارەی ئەمریکا ماوەتەوە". بۆیەش ئیدارەی ئەمریکا دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعش "سەرنج و سەرچاوەی پێویستیان" بۆ دابین دەکرێ.

ساڵی رابردوو، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە نامەیەکی فەرمیدا بۆ لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران داوای کردبوو ژمارەیەک لە پۆستەکانی نێردەی تایبەت یان باڵیۆزی تایبەت بە کاروبارە دیاریکراوەکان بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە رەوشی ناوچەکانی جیهاندا روویان داوە گۆڕانکارییان تێدا بکرێت. لە نامەکەدا پێشنیاز کراوە هەندێک لەو پۆستانە و ستافەکانیان بەسەر فەرمانگەکانی دیکەی وەزارەتی دەرەوەدا دابەش بکرێنەوە.

یەکێک لەو پۆستانەی تیلەرسن باسی دەکات و داوا دەکات رێکبخرێنەوە پۆستی "نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ تێکشاندنی داعش"ە. لە نامەکەی تیلەرسندا هاتووە هەرکاتێک هەڕەشەی داعش بچووک کرایەوە "هەڵسەنگاندنەوە" بۆ پۆستەکە بکرێت. بەشێک لە هەڵسەنگاندنە پێشوەختەکەش بریتییە لەوەی پۆستەکە بخرێتە ژێر چاودێریی فەرمانگەی کاروباریی ئاسیای نزیک.

## مەترسییەکانی هەنگاوەکە

بەپێی پێوەری نێو نامەکەی تیلەرسن، کاتی هەڵوەشاندنەوەی پۆستەکەی مەکگۆرک نزیک بووە، لەبەر ئەوەی داعش لەڕووی سەربازییەوە بە تەواوەتی جڵەوکراوە و جگە لە کۆمەڵێک ناوچەی چۆڵ لە بیابانەکانی عێراق و سووریا ناوچەیەکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەماوە، بەڵام ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئیدارەی ئێستا و پێشووی ئەمریکا، هۆشداری دەدەن لەوەی ئەم هەنگاوە دەکرێت ئەو هەستە بەهێز بکات کە ئەمریکا نایەوێت بەشدارییەکی تەواوی لە هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دوای داعشدا هەبێت.

ماوەی زیاتر لە ساڵێک بەسەر دەستبەرکاربوونی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکادا تێدەپەڕێت، بەڵام تاوەکو ئێستاش ژمارەیەکی زۆر پۆستی دیپلۆماسی و باڵیۆزی ئەمریکا لە وڵاتە گرنگەکانی جیهان بەتاڵن، جیا لەمە هیچ کەسێکیش بۆ پۆستی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانەنراوە و پۆستی نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریاش بەتاڵە. ژمارەیەکی زۆریش لە دیپلۆماتەکان بە شێوەی کاتی لە پۆستەکەیاندان و لەبەر ئەوەی سەرۆک نەیپاڵاوتوون و کۆنگرێس متمانەی پێنەداون، ئەو سەنگەیان نییە کە بۆ کاری دیپلۆماسی پێویستە.

هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا زیاتر لە 70 ئەندامی هەیە. ئەم ژمارە زۆرەی وڵات کە زۆربەشیان ئەجێندای جیاوازیان بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە، پێویستی بە هاوئاهەنگیکارێکی چالاک و شارەزایە. کاربەدەستێکی باڵای رۆژئاوایی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (فۆرین پۆڵسی) راگەیاندووە "رێکخستنی هاوپەیمانێتییەکە کارێکی قورس بووە، ئەمریکییەکان ئەو هاوپەیمانێتییەیان بەڕێوەدەبرد، دیسیپلینیان پێی دەدا و وایان دەکرد هەموو لایەنەکان پێکەوە لە دەوری یەک ئەجێندا کۆببنەوە". بەرپرسانی ئەمریکی و رۆژئاواییش پێیانوایە دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێک بۆ مەکگۆرک و پۆستەکەی کارێکی ئاسان نابێ.

لە ساڵی 2007 ئەمریکا و هێزە عێراقییەکان، رێکخراوی قاعیدەیان لەڕووی سەربازییەوە لە عێراق تێکشکاند، بەڵام دۆخی سیاسی ساڵانی دواتری عێراق و غیابی دیپلۆماسی و سیاسی ئەمریکا رێگەیان بۆ سەرهەڵدانی رێکخراوێکی مەترسیدارتر لە قاعیدە خۆشکرد. بۆیە شارەزایان پێیانوایە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پۆستە دەکرێ رێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش خۆش بکات.


بەرپرسانی ئەمریکی دەڵێن هەڵوەشاندنەوەی پۆستەکەی مەکگۆرک پەیامی هەڵە بۆ ناوچەکە دەنێرێ

## شکست وسەرکەوتنەکانی مەکگۆرک

کەم رووداوی 15 ساڵی رابردووی عێراق هەیە شوێن پەنجەی مەکگۆرکی پێوە دیار نەبێت. مەکگۆرک، 44 ساڵ، لە سەرەتاکانی هێرشەکانی 2003ی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، لە کاروباری سیاسی و دیپلۆماسی عێراقدا بەشداره و زۆرجار بە "قاسم سولەیمانیی ئەمریکا" ناودەبردرێت. لە سەرەتای 2004 وەکوو راوێژکاری یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی هاوپەیمانان و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کاری کردووە، دەستی باڵاشی لە ئامادەکردنی رەشنووسی دەستووری کاتیی عێراقدا هەبووە.

ساڵی 2006 لەگەڵ تێکچوونی رەوشی نێوخۆیی عێراق، مەکگۆرک پشتگیری لە پرۆژەی گۆڕانکاریی لە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق کرد و لە داڕشتنی پرۆژەکەشدا بەشدار بوو. ساڵی 2008یش لەگەڵ رایان کرۆکەر، باڵیۆزی ئەوکاتی ئەمریکا لە عێراق، دەستی باڵای لە داڕشتنی رێککەوتنی ئەمنیی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و عێراق هەبوو.

برێت مەکگۆرک لەگەڵ سێ ئیدارەی جیاوازی ئەمریکیدا کاری کردووە، ئەمەش دەریدەخات توانای مانۆڕی سیاسی و دیپلۆماسی لە نێوان ئیدارە جیاوازەکاندا زۆر بەرزە. مەکگۆرک کە لە 2008 یەکێک لە داڕێژەرانی سیاسەتی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بوو، لە 2011 یارمەتی ئەمریکای دا پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دابڕێژرێت و جێبەجێ بکرێت، واتە ئەو پلانەی بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی فراوانبوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق، سەرەڕۆییەکانی حکومەتی مالیکی و سەرهەڵدانەوەی گرووپە جیهادییەکان لە عێراق لەقەڵەم دەدرێت. سێ ساڵ دواتر مەکگۆرک دەبووایە بێتەوە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئەوەی بەرەنگاریی ئاکامەکانی ئەو پلانە ببێتەوە.

# غۆتەی رۆژهەڵات.. دۆزەخێک بەبەرچاو

**رووداو- هەولێر**

هەفتەیەک بەسەر دەستپێکردنی بۆردومان و کوشتار لە غۆتەی رۆژهەڵات تێدەپەڕێت، لەو ماوەیەشدا هەموو هەوڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەوەدا کورت بووەوە کە رووسیا رازی بکەن ئاگربەستێکی یەک مانگە لە سووریا رابگەیەنرێت، دواجار شەوی شەممەی رابردوو، رووسیا بەو داوایە رازی بوو، ئەنجوومەنی ئاسایش بە کۆی دەنگ داوای ئاگربەستێکی 30 رۆژەی لە غۆتە کرد. ئێستاش پرسیارەکە بە تەنیا ئەوە نییە کە بڕیارەکە کەی دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵکو ئەوەیە ئایا بڕیارەکە ئەسڵەن جێبەجێ دەکرێت و بەدەردی بڕیارەکانی دیکە ناچێت؟

رەشنووسی بڕیارەکە لەلایەن سوید و کوێتەوە ئامادە و پێشکەش کراوە و لە رۆژی پێنجشەممەی رابردووەوە ژمارەیەکی زۆر کۆبوونەوەی گشتی و کۆبوونەوەی داخراوی تایبەت لەسەر ئەو پرۆژەیە کرابوو، رووسەکان بەربەستی بەردەم راگەیاندنی بڕیارەکە بوون، بە بۆچوونی رووسیا زمانی داڕشتنی رەشنووسەکە پێویستی بە پێداچوونەوە هەبووە.

باڵیۆزی وڵاتانی رۆژئاوایی لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تەنیا کۆمەڵێک "خاڵبەندی و فاریزە" لە رەشنووسە بەراییەکەدا دەستکاری کراوە، رێک لەو کاتەشدا کە نوێنەری وڵاتان خەریکی مشتومڕ لەسەر "فاریزەکان" بوون، فڕۆکەکانی سوپای سووریا و رووسیا سەرقاڵی بۆردومانی سەختی غۆتەی رۆژهەڵات بوون. بەگوێرەی راپۆرتی پزیشکانی بێسنوور (MSF) لە ماوەی پێنج رۆژی رابردوودا زیاتر لە 520 هاووڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە 2500 کەسیش بریندار بوون. بەپێی راپۆرتی کۆمەڵگای پزیشکیی ئەمریکی سووری (SAMS) لە پێنج رۆژی یەکەمی بۆردومانەکەدا 22 نەخۆشخانە و کلینیک کراونەتە ئامانج و رێکخراوی پزیشکانی بێسنووریش دەڵێت ئەو 13 نەخۆشخانەیەی ئەوان پشتگیرییان لێدەکردن، بەتەواوەتی لەکارکەوتوون و لە هەموو غۆتەی رۆژهەڵات تەنیا سێ ناوەندی تەندروستی ماون.

بڕیارنامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش بەئامانجی مرۆیی ئامادەکراوە و داوا لە هەموو لایەنەکانی بەشدار لە شەڕی نێوخۆی سووریا دەکات "دەمودەست" شەڕەکە رابگرن، رێگە بە کاروانی هاوکارییە مرۆیی و پزیشکییەکان بدەن و گەمارۆش لەسەر ئەو ناوچانە هەڵبگیرێت کە خەڵکی مەدەنیان تێدا نیشتەجێیە.

غۆتەی رۆژهەڵات لە پاڵ دیمەشقە و رووبەرەکەی 100 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و 400 هەزار کەسی تێدا دەژی. هێرشەکانی حکومەتی سووریا بۆ سەر غۆتەی رۆژهەڵات لە 2013ەوە بەردەوامە و لەو کاتەوە ئابڵوقەی لەسەرە. لە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵی رابردوودا زیاتر لە 2000 کەس بەهۆی ئەم ئابڵوقەیەوە گیانیان لەدەستداوە.

مارگۆر ڤالستروم، باڵیۆزی سوید لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دانی بەوەدا نا کە جێبەجێکردنی بڕیارەکە "چەند کاژێرێکی دەوێت"، بەڵام ڤاسیلی نێبێنزیا، باڵیۆزی رووسیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، رایگەیاند "واقیعبینانە نییە چاوەڕێ بکەین بڕیارەکە دەمودەست جێبەجێ بکرێت"، بەڵکو پێشتر دەبێت لایەنەکانی بەشدار لە شەڕەکە رازی بکرێن، نێبنزیا گومانی هەیە بڕیارەکە "قابیلی جێبەجێکردن بێت". نیکی هاڵی، نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، جەختی لەوە کردەوە کە گومانی هەیە "حکومەتی سووریا پابەندی رێککەوتنەکە بێت".

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چاوەڕێ دەکات رووسیا دەسەڵاتی خۆی بەسەر حکومەتی سووریا بەکاربهێنێت و رازیان بکات رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکە جێبەجێ بکەن. بەڵام ئەزموونی رێککەوتنەکانی رابردوو و لێدوانی شەوی شەممەی نوێنەری حکومەتی سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیەکی روونن بۆ ئەوەی کۆمەڵگای



ترەمپ متمانە بە ڕێککەوتنەکە دەبەخشێتەوە؟

# ئەوروپا بۆ ڕزگارکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دوو مانگی لەپێشە



ئەوروپا پشتگیری لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەکات، بەڵام ئامادەشە سەبارەت بە "نفووزی ئێران لە ناوچەکەدا" هاوکاریی ئەمریکا بکات

**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسانی ئەوروپا هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەیان لەگەڵ ئێران بپارێزن، لەو چوارچێوەیەشدا دەیانەوێ تاران ڕازی بکەن دەستتێوەردانە سەربازییەکانی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەم بکاتەوە. ئەم هەوڵانە لەکاتێکدا دێن کە واشنتن چەند مانگێکە هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا دەکات.

لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، دیپلۆماتە ئەوروپییەکان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئێران کۆبوونەوە، ئامانج لە کۆبوونەوەکە ئەوە بوو لەلایەکەوە گوشار بۆ ئێران بهێنن چالاکییە سەربازییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەک بۆ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بنێرن کە دەکرێت فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جڵەو بکرێت، بێ ئەوەی پێویست بکات ڕێککەتنە ئەتۆمییەکەی 2015 هەڵوەشێننەوە.

لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، سەرۆکی ئەمریکا متمانەی بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بەخشییەوە، بەڵام هۆشداری بە ئەوروپا و کۆنگرێسی ئەمریکا دا کە ئەگەر گۆڕانکاری لە جەوهەری ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گروپی 5+1دا نەکرێت، ئەوە دوایین جارە کە متمانە بە ڕێککەوتنەکە دەبەخشێت. سەرۆکی ئەمریکا دەبێت لە 12ی ئایاری ئەمساڵدا جارێکی دیکە متمانە بە ڕێککەوتنەکە ببەخشێتەوە. بۆیەش ئەوروپییەکان کەمتر لە سێ مانگیان کات لەبەر دەستە بۆ ئەوەی داواکارییەکانی ترەمپ جێبەجێ بکەن.

کۆبوونەوەکەی هەفتەی ڕابردوو بە دەستپێشخەری یەکێتیی ئەوروپا ڕێکخرابوو و تێیدا بەرپرسانی باڵای ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، بەریتانیا بەشدار بوون. عەباس عەرەقچی کە دانوستانکارێکی سەرەکی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 بووە، لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی شاندی ئێرانی بووە. دیپلۆماتە ئەوروپی و ئێرانییەکان بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە فۆکەسی کۆبوونەوەکە لەسەر شەڕی یەمەن بووە، پێشبینیشیان کردووە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا فۆکەس دەچێتە سەر شەڕی سووریا.

هیچ شەڕێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێندەی شەڕی یەمەن مەیدانی ململانێی ڕاستەوخۆیی ئێران و سعودیە نییە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حوسییەکان لەگەڵ باشووری ڕۆژئاوای سعودیە هاوسنوورە. جیا لەمەش حوسییەکان تاوەکو ئێستا چەندینجار بە مووشک و هاوەن سعودیەیان کردووەتە ئامانج. هەفتەی ڕابردوو، عادل جوبەیر، وەزیری دەرەوەی سعودیە، لە گوتارێک لە کۆنفرانسی میونشن ڕایگەیاند دەستتێوەردانی ئێران لە ناوچەکە لە دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە زیادی کردووە.

شەڕی سووریا لە یەکساڵی ڕابردوودا بەرە بەرە لەوە نزیک دەبێتەوە ببێتە مەیدانی ململانێی ئیسرائیل و ئێران. سەرەتای مانگی شوبات فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان (درۆن)ێکی ئێرانی سنووری ئاسمانی ئیسرائیلی بەزاند. ئیسرائیل لە وەڵامدا بنکە ئاسمانییەکانی سووریا و بنکە سەربازییەکانی ئێران لە سووریای کردە ئامانج. دواجاریش سیستەمی دژە- مووشەکی سووریا فڕۆکەیەکی (F16) ئیسرائیلیان خستەخوارەوە. هەفتەی ڕابردوو بنیامین نتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، هۆشداری دا "ئەگەر پێویست بکات تەنیا لە هێزە وەکیلەکانی ئێران نادەین، بەڵکو ئێران خۆی دەکەینە ئامانج".

لە سێ ساڵی ڕابردوودا ئەوروپییەکان بەردەوام جەختیان لە پشتگیری خۆیان بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کردووەتەوە، بەڵام بەڵێنیشیان بە واشنتن داوە لە پرسە غەیرە ئەتۆمییەکانی ئێراندا هاوکاریی ئەمریکا بکەن، لەوانەش لە پرسی سیستەمی مووشەکیی و چالاک و دەستتێوەردانە ناوچەییەکانی تاران، بەڵام وڵاتانی ئەوروپی جەخت لەوەش دەکەنەوە کە ئەو دوو مەلەفە دەبێت لە مەلەفی ئەتۆمی ئێران دابپڕێنرێن و بە جیا دانوستاندنیان لەسەر بکرێ.

هەفتەی پێشوو زیگمار گابریەل، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، ڕایگەیاند ئەوروپا پشتگیری لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 دەکات، بەڵام ئامادەشە سەبارەت بە "نفووزی ئێران لە ناوچەکەدا" هاوکاریی ئەمریکا بکات. حکومەتی فەرەنساش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە پێویستە هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە بەرنامەی مووشەکیی ئێرانەوە هەیە سزا بدرێن.

هەفتەی ڕابردوو ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی بەپێی کۆمەڵێک دۆکۆمێنتی نوێی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرای کردووە ئەمریکا دوو قۆناغی داناوە بۆ ئەوەی دەستکاریی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا بکرێت. بۆ قۆناغی یەکەم ئەمریکا داوا لە هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی دەکات بە هاوکاری ئەمریکا کار لەسەر ڕێککەوتنێکی دیکە بکەن کە تێیدا "چارەسەر بۆ بەرنامە مووشەکییە دووربڕەکەی ئێران دابنرێت، چاودێریی ئاژانسی نێودەوڵەتیی ئەتۆمی لەسەر بنکە ئەتۆمییەکان توندتر بکرێت و کەموکوڕییەکانی سەقفی زەمەنی کارپێکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە چارەسەر بکرێن".

ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بێجگە لە واژۆی ئێران واژۆی شەش وڵاتی دیکەی بەسەرەوەیە کە چواریان بە هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان ناسراون، واتە ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا و دوو وڵاتیش لە بەرەی دژی ڕۆژئاوان، واتە چین و ڕووسیا. ئامانجی ڕێککەوتنەکە ئەوە بوو سروشت و ئامانجی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە سەربازییەوە بۆ مەدەنی بگۆڕن، لەبەرامبەریشدا سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەکان لەسەر ئابووری و بازرگانیی ئێران هەڵبگیرێن.

بەرپرسانی ئەمریکا و سێ وڵاتە ئەوروپییە هاوپەیمانەکەی هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەو ماوەیەی بۆ دەستکاریی ڕێککەوتنەکە دانراوە بەس نییە. بۆیەش وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی هەوڵەکان بۆ دوو قۆناغ دابەش بکات. بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا قۆناغی یەکەم بە "قۆناغی دانانان بە زەروورەتی ڕێککەوتن لەسەر ڕێککەوتن"ی نوێی نێوان ئەمریکا و سێ هاوپەیمانە ئەوروپییەکە ناو دەبات. ئەم قۆناغە دەبێت تاوەکو 12ی ئایار کارەکانی تەواو بووبێت، بۆ ئەوەی ئاماژەیەک بۆ ترەمپ بنێرن کە ئەوروپا لە نیگەرانییەکانی سەرۆکی ئەمریکا و ڕاوێژکارەکانی تێدەگات.

## ئەوروپا دەیەوێت لە یەمەن و سووریاوە ئێران کۆنترۆڵ بکات

قۆناغی دووەمی کارەکان دەمودەست لەدوای 12ی ئایار دەستپێدەکات. لەو قۆناغەدا چوار وڵاتە هاوپەیمانەکە بە سەرکردایەتی ئەمریکا لەگەڵ سێ لایەنەکەی دیکەی ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە، واتە چین و ڕووسیا و ئێران، کۆدەبنەوە تاوەکو بزانن چ ڕێگایەک هەیە بۆ ئەوەی کێشەکانی ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە چارەسەر بکەن.

بەڵام ناکۆکی و جیاوازیی هەڵوێستی بەشە جیاوازەکانی ئیدارەی ئەمریکا بووەتە هۆکاری نیگەرانیی ئەوروپییەکان. لەبەری ئەوەی پێشتریش ڕوویداوە کە ترەمپ بە یەک لێدوان هەموو هەوڵەکانی دامودەزگاکانی ئیدارەی ئەمریکی هەڵوەشاندووەتەوە. دیپلۆماتە ئەوروپییەکان دڵنیان نین لەوەی ئەو پاکێجەی وەزارەتی دەرەوە بە ڕەزامەندیی ڕاستەوخۆی ترەمپ بۆ وڵاتانی ئەوروپی نێردراوە یان هەوڵێکی سەربەخۆی وەزارەتی دەرەوەیە و بەس.

بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش جەخت لەوە دەکەنەوە زمانی دارشتن و داواکارییەکانی پاکێجەکەی وەزارەتی دەرەوە لە هی ترەمپ نەرمترە. دیپلۆماتێکی باڵای ئەوروپی بە (ڕویتەرز)ی گوتووە "نازانین ترەمپ هەڵوێستی گۆڕیوە یان نا". دیپلۆماتێکی دیکەش وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو دوودڵییە بە ئاژانسە بەریتانییەکەی گوتووە "ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە هەوڵدەدەین باشترین پاکێجی مومکین بۆ ڕازیکردنی ترەمپ ئامادە بکەین. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەسمان نازانێن ترەمپ چی دەکات و چی دەوێت".

# دەربێنێتەوە



# ی دنیاوە

### ئۆپۆزیسیۆن لەسەر غۆتە ناکۆکن

لە گەرمەی کوشتاری غۆتەی ڕۆژهەڵاتدا ناکۆکییەکی زۆریش لە نێوان هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) و جەیشولئیسلام دروست بووە کە دوو هێزی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی جیهادیی نێو غۆتەی ڕۆژهەڵاتن. هەیئەی تەحریر کە لەلایەن سعودیەوە پشتگیری دەکرێت، ئامادە نییە شارەکە ڕادەستی سوپای سووریا بکات، بەڵام جەیشوئیسلام کە قەتەر پشتیوانیان لێدەکات، هەڵوێستی نەرمترە. دوو ساڵ لەمەوبەر هەمان کێشە لە نێوان بەرەی نوسرە و ئەحراری شامی نزیک لە تورکیا هەبوو.

نێودەوڵەتی ناتوانێت زۆر گەشبین بێت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە. بەشار جەعفەری، باڵیۆزی سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێدەچوو بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بایەخ لەقەڵەم بدات کاتێک ڕایگەیاند حکومەتەکەی مافی ئەوەی هەیە "بەرگری لە سەروەری خۆی بکات و لە هەموو شوێنێک شەڕی تیرۆریزم بکات".

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا سووریا و هاوپەیمانەکانی هەوڵیانداوە ژمارەیەک لە گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بقۆزنەوە بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بە بۆردومانی خەستی ناوچەکان بدەن. بەشداری ئەم گروپانە لە شەڕی نێوخۆی سووریا واشی کردووە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەتوانێت لە هیچ قۆناغێکدا داوای ئاگربەستی بێمەرج بکات. بڕیارنامەکەی ئەمجارەش گروپی وەکوو هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) ناگرێتەوە، کە باڵی سووریای ڕێکخراوی قاعیدەیە. بەو پێیەش بڕیارەکەی شەوی شەممە ناتوانێت ڕێگە لە بۆردومانی ئەو ناوچانە بگرێت کە چەکدارانی ئەو گروپەی تێدایە.

لە شاری غوتە بەشێوەیەکی سەرەکیی دوو گروپ بەرەنگاریی هێزەکانی لایەنگریی ئەسەد دەبنەوە، کە بریتین لە هەیئەی تەحریر و جەیشولئیسلام. تاوەکو ئێستا دیارنییە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە چ میکانیزمێک حکومەتی سووریا ڕازی دەکەن شەڕ لەگەڵ گروپێک ڕابگرێت کە لە لیستی تیرۆری نێودەوڵەتی دایە. جیا لەمەش هەیئەی تەحریر بەپێی ئەزموونی پێشوو دەزانێت ئەسەد ڕێککەوتنەکانی ئاگربەست بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی گورزی خۆی بوەشێنێت. جیا لە هەموو ئەمانەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چ کەناڵێک بۆ ڕازیکردنی گروپە هەیئە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پابەند بێت بە ئاگربەستەکە.

ساڵی 2016 لە گەرمەی شەڕی ڕۆژهەڵاتی حەلەبدا ڕووسیا بە بڕیارێکی ئاگربەست ڕازی بوو، ئامانج لەو بڕیارەش ئەوە بوو گیانی هاووڵاتیانی مەدەنیی شارەکە بپارێزرێ، بەڵام ڕێک لەو ڕۆژەی بڕیارەکە دەبووایە جێبەجێ بکرێت، هێزەکانی سووریا هەڵمەتی سەربازیی خۆیان بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی حەلەب قورستر کرد، دواجاریش کەوتنی ئەو بەشەی حەلەبی لێکەوتەوە.

لەدوای ڕووداوەکانی حەلەب پرسیارێک کە هاتە ئاراوە ئەوە بوو ڕووسیا تاوەکو چەندە دەسەڵاتی بەسەر هێزە پیادەکانی لایەنگری ئەسەدەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەو میلیشیا شیعانەی ئێران ڕەوانەی شەڕی نێوخۆی سووریای کردوون. زۆربەی شارەزایان کۆکن لەسەر ئەوەی ئێران و ڕووسیا، وەکوو دوو هاوکاریی ڕژێمی سووریا، لەسەر هەموو خاڵەکانی پەیوەست چارەنووسی سیستەمی سیاسی داهاتووی سووریا کۆک نین. بۆیە چاودێران بەدووری نازانن بڕیارنامەی ئەمجارەش بەدەردی ڕێککەوتنەکانی پێشووی ئاگربەستی سووریا بچێت.

ماوەیەکی کورت دوای ڕاگەیاندنی بڕیارنامەی ئاگربەست، ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤی سووریا لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سووریا بۆسەر غۆتەی ڕۆژهەڵات بەردەوامە.

لە بڕیارەکەی شەوی شەممەدا هیچ ئاماژەیەک بە شەڕی عەفرین نەکراوە، هەرچەندە ناوەڕۆکی دۆکۆمێنتەکە هەموو سووریا دەگرێتەوە. لە کۆبوونەوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نوێنەری سووریا جەختی لەوە کردەوە کە "ئاگربەستەکە دەبێ هەموو سووریا بگرێتەوە، بە عەفرین و جەولانیشەوە".

خوێنڕشتن و دانوستاندن

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی، هاوکات لەگەڵ دانوستاندنەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لە نیویۆرک، ژمارەیەک دانوستاندنیش لەسەر غۆتەی ڕۆژهەڵات لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتی سووریادا بەردەوامە، ڕووسیاش ناوبژیوانی دانوستاندنەکان دەکات.

بابەتی سەرەکیی دانوستاندنەکانیش کردنەوەی ڕێگەی دەرچوون بۆ هاووڵاتیانی مەدەنی یان ڕێڕەوێک بۆ گەیشتنی هاوکارییە مرۆییەکانە بۆ شارەکە، بەڵام خوێنڕشتن و دانوستاندنی هاوکات سیمای سەرەکیی شەڕی حەوت ساڵەی سووریا بووە. دوو ساڵ لەمەوبەر دانوستاندنی هاوشێوە لەسەر حەلەب بەڕێوەچوون، بەڵام دواجار حەلەب کەوتەوە دەست هێزەکانی لایەنگری ئەسەد.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دوورخستنەوەی ئەردۆغان

ئەتاتورک و ئەردۆغان وەک دوو سەرکردەی تورکیا لە دوو هەلومەرجی پێچەوانە و بەبینینی دوو رۆڵی جیاواز، ناویان لە مێژوودا دەمێنێتەوە. یەکەمیان وەک دامەزرێنەری تورکیای نوێ لەسەر لاشەیەکی لەڕو لاواز، دووەمیشیان وەک هەڵوەشێنەرەوە و تێکشکێنەری تورکیایەکی بەهێز.

مستەفا کەمال ئەتاتورک لە پاشماوەی دەوڵەتێکی شکستخواردوو، لە هەلومەرجێکی داتەپیو و لە جوگرافیایەکی لەتلەتکراو، بناغەی دەوڵەتێکی داکوتا کە بوو بە یەکێک لە دەوڵەتە بەهێز و کاریگەرەکانی ناوچەکە. لەوکاتەوە بۆ ئێستا کە نزیک بە سەدەیەکە، ناوی ئەتاتورک وەک دامەزرێنەری وڵاتەکە بە بەرزی ماوەتەوە. سەرباری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناو تورکیا، چەندین کودەتای سەربازی، سەرهەڵدان و هاتنە سەر حوکمی ئایدیۆلۆجیای جیاواز، تا هاتنی ئەردۆغان هەموو دامەزراوە و دەسەڵاتەکان لە بازنەی فکر و تێزی ئەتاتورکدا بۆ حوکمڕانی تورکیا دەخولانەوە.

کە ئەردۆغان هات، کەمالیزمیش کۆتایی هات. سەرەتا لە دەستبردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کەموکوڕییەکانی تێزەکانی ئەتاتورکەوە دەستیپێکرد. لە کرانەوەی زیاتری دیموکراسی، لە داننان بە بوونی کێشەی کورد، رەخساندنی زەمینەی زیاتری ئازادیی رادەربڕین، دوورخستنەوەی مەترسی و رۆڵی سوپا لەسەر دامەزراوە مەدەنییەکان، گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری و دەستبردن بۆ زۆر بواری تریش. بەم شێوەیە و بە قۆناغ تورکیای گۆڕی، تورکیای ئێستا بەتاڵکراوەتەوە لە رۆحی کەمالیزم و لە قۆناغی بەزۆر چەسپاندنی ئەردۆغانیزمدایە.

ئەو تێزانەی ئەردۆغان دایهێنان کە وەک جیاوازییەک دەرکەوتن و بوون بە هۆکاری مانەوەی حیزبەکەی لە حوکم بۆ نزیکەی دوو دەیە، دەرکەوت بەشێک نەبوون لە پرەنسیپی ئەردۆغان، ئەوەندەی بریتی بوون لە ئامراز بۆ داکوتان و بەهێزبوونی پێگەی لە جومگەکانی حوکمڕانیی وڵاتەکەیدا. دوای ئەوەی بەهۆی ئەو خۆجیاواز نواندنانەوە دەسەڵاتەکانی تەواو کۆنترۆڵ کرد، جەوهەر و عەقڵیەتی راستەقینەی لە بەڕێوەبردنی وڵات و نەخشەکردنی سیاسەتی داهاتووی تورکیادا دەرکەوت کە تورکیایەکی دەوێ (نە رەنگی جیاواز و نە دەنگی جیاوازی هەبێ). سیستەمێک دوور لە دامەزراوەیی و (کۆکردنەوەی هەموو لەخۆمدا).

ئێستا دوای بەهێزبوونی ئەردۆغان، لە سەرەتاکانی حوکمی ئەتاتورک زیاتر سیستەمی وڵاتەکە بەرەو داخران و ناوەندگەرایی دەڕوات. بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی ئازادی، لاوازبوونی گیانی دیموکراسی و کوشتنی هەموو ئەو جیاوازیانەی تورکیای لە ناوچەکە پێ جیا دەکرایەوە. گۆڕینی ئاراستەی تورکیا لەو مەیلەی لەڕووی کولتووری و سیاسییەوە بەرەو ئەورووپای دەبرد و پێچەوانەکردنەوەی بەرەو شێوازی ئەو عەقڵیەت و سیستەمانەی ناوچەکە کە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و مەترسین لەسەر مرۆڤایەتی، تورکیا ئێستا لەناو ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەدایە.

بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری جوگرافیای کوردستان لە تورکیایە و بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتە، ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوخۆی تورکیا بە ئەندازەی تورک کاریگەرییان لەسەر کوردیش هەیە، ئەوەی ئێستا ئەردۆغان لە تورکیا دەیکات، چارەنووسی کوردیشی پێوە بەندە. هەروەها ئەوەی لە عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان دەیکات و بوونی بە بەشێک لە گەلەکۆمەی لەسەر باشووری کوردستان لەدوای ریفراندۆم، کاریگەری لەسەر دۆزی کورد و چارەنووسی کورد لە ناوچەکە بەگشتی دروستکردووە. بۆیە ناکرێ دەربەستی ئەوە نەبین کە تورکیا بەرەو کوێ دەبات. ئەو ساڵانەی وەک قۆناغی تاکتیکی پەنای بردە بەر کرانەوەی دیموکراسی و پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورد، دۆزی کورد لەڕووی سیاسی و دۆخی کورد لەڕووی ژیاری و کۆمەڵایەتییەوە زۆر گەشەی کرد، تەنانەت ئەو پرۆسەیە کاریگەری لەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش هەبوو. ئێستاش کە تورکیا بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار دەڕوات، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کێشەی کوردیش لەگەڵ گۆڕانکاری و لێکەوتەکانی پەلکێش دەکات.

یەکێک لە دیوە هەرە کاریگەرەکانی لێکەوتەی ئەو سیاسەتانەی ئێستای ئەردۆغان لە دوورمەودادا، گۆڕانی جەمسەربەندیی هێزە هەرێمایەتیەکانە لەگەڵ کێشەی کورد. لە هەندێ گێڕانەوەی مێژووییدا، باس لەوە دەکرێت کە چەند سەدەیەکی حوکمی ئیسلام لەم ناوچەیە، بەشی زۆری کورد لەژێر حوکمڕانی ئێران و لە دابەشبوونە مەزهەبیەکەشدا سەر بە مەزهەبی شیعە بوونە، بەڵام سیاسەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە کوشتنی سەرۆک هۆزە کوردەکان، هۆکارێک بوو بۆئەوەی کورد لە سەفەوییەکان دووركەوێتەوە و بکەونە بەرەی عوسمانییەکانەوە، ئەوەش زەمینەی خۆش کرد بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆکی و شەڕی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان کە بەشی زۆری ناوچە کوردنشینەکان لەدەستی ئێران دەرچوون و بوونە بەشێک لە سنووری قەڵەمڕەوی عوسمانی، ئەویش بەهۆی ئەوەی سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەناوچە کوردنشینەکاندا دەرفەتی دایە سەرۆک و میرنشینە کوردەکان جۆرێک لە سەربەخۆیی ناوچەیی و ئازادیی دەسەڵاتیان هەبێ.

ئەوەی ئێستا ئەردۆغان دەیکات، بینینی رۆڵی پێچەوانەی سوڵتان سەلیمی عوسمانی و دووبارەبوونەوەی ئەو رۆڵەی شا ئیسماعیلی سەفەوییە، ئەمیش کورد لە خۆی دووردەخاتەوە و زەمینەی ئەوە خۆش دەکات کە کورد بخاتە بەرەی ئێرانەوە. ئەمەش راستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لەسەر کێشەی کورد لە عێراق و سووریا و سەرنج و تیشکی سەر مەسەلەی کورد لە باشوور و رۆژئاواوە دەگوازێتەوە سەر باکووری کوردستان و لە دوو بۆ سێ ساڵی داهاتوودا تورکیا دەبێتە چەقی ململانێی کورد وەک نەتەوەیەکی مەزڵوم و تورکیا وەک دەوڵەتی سەردەستە.

بەهۆی بوونی ئەو جیاکاری و هەست بە چەوساندنەوەیەی شیعە عەلەوییەکان و کورد و گرووپی گوێلەنییەکان لە تورکیا، هەروەها لەبەرئەوەی رۆژ لەدوای رۆژ مەوداکانی ئازادی بەرتەسکتر دەکرێنەوە و دەرفەتی بەتاڵبوونەوەی ئەو گوشارانە نەماوەتەوە، بۆیە ئاسان زەمینەی ناوخۆیی تورکیا خۆش دەبێت بۆ تەقینەوە. بچووکترین تەقینەوەی هەریەک لەو سێ پێکهاتە سەرەکیەی ناو کۆمەڵگەی تورکی رێگە بۆ بە سووریابوونی تورکیا خۆش دەکات. جیاوازیی سووریا و تورکیاش لەوەدایە سووریا ئاسان دەستوپەنجەی لەگەڵ رووداوەکان نەرم کرد و بەرگەی ئەو کێشانەی گرت، بەڵام تورکیا بەرگەی کێشەی لەو جۆرە ناگرێت و زوو لەبەریەک هەڵدەوەشێ.

ئایا دەرفەت ماوە بۆ ئەوەی تورکیا نەکەوێتە ناو ئەو زەلکاوەوە؟ یان روونتر ئەوەیە بگوترێت چارەسەر چییە بۆ ئەوەی تورکیا بە دەردی سووریا نەچێت؟ رێگە راستەکە بۆ تورکیا ئەوەیە هەنگاوی یەکەمی بە دوورخستنەوەی ئەردۆغان دەستپێبکات، کە بەهۆی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو زەمینەی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەئارادایە، سێ پێکهاتە چەوساوەکە و یەکێک لە هێزە میانڕەوەکانی تری گۆڕەپانی سیاسی تورکیا، یاخود لەگەڵ ئەو کارەکتەرە سیاسیانەی تری ناو ئاک پارتی وەک عەبدوڵڵا گول و داودئۆغڵو کە پێچەوانەی ستراتیژی ئەردۆغان بوون، بەرەیەکی سیاسی نوێ بکەنەوە. دەتوانرێت بەو شێوەیە دەرفەتێکی تر بۆ ژیانی سیاسی لە تورکیا دروستبکرێتەوە، ئەگەر نا، مانەوەی ئەردۆغان پرۆسەی بەسووریابوونی تورکیا خێراتر دەکات.



کاوە ئەمین

# عەفرین و پەکەکە!

لە ساڵی 1980 بەدواوە، پارتی کرێکارانی کوردستان بە ئاگاداریی تەواوی دەوڵەتی سووریا، لەناو کوردی رۆژئاوای کوردستاندا کەوتە خۆڕێکخستن و خۆتەیارکردن بۆ شەڕی چەکداری لە باکووری کوردستان کە ساڵی 1984 دەستیپێکرد و هەتا ئێستاش بەردەوامە. ئەگەرچی پارتی و یەکێتیش ئەسپی خۆیان لە گۆڕەپانی رۆژئاوادا تاو دا، بەڵام نەیانتوانی وەکو پەکەکە جێی خۆیان بکەنەوە و ببنە هێزی یەکەم لەو پارچەیەدا، ئەوان لەژێر ناوی جیا جیا رێکخستنی سەربەخۆیان دامەزراند، ئەمە شتێکە خۆیان رۆژانە بانگەشەی بۆ دەکەن. دیارە کوردی رۆژئاوا جگە لە چەند مافێکی فەرهەنگیی سنووردار، ئەویش تەنیا لە ئاهەنگەکانی نەورۆز و یادەکاندا، هیچ کاتێک لەلایەن رژێمی سووریاوە ددانیان پێدا نەنراوە و تەنانەت مافی گۆڕانیگوتن بە کوردییان پێ رەوا نەبینراوە.

پەکەکە توانی زیرەکانە ئەو کەرەستە خاوە بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی و خستنەکاری بۆ خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان بەکاربهێنێت، تا ئێرە ئاساییە، چونکە کوردی رۆژئاوا لە شۆڕشی ئەیلولیشدا هاوکاریی شۆڕشی باشووریان کردووە و شەهیدیان داوە و ماندوو بوون.

لە دوای ساڵی 2011، پەکەکە توانی کەڵک لە رووداوەکانی سووریا و ئەو تەوژمە ناڕەزایەتیە وەربگرێت کە وڵاتانی عەرەبی و پاشان سووریاشی گرتەوە و بەخێرایی باڵی بەسەر زۆربەی ناوچە کوردییەکاندا گرت. بەشێکیشی لە دوای شەڕی داعشەوە کە سووریای بەرەو هەڵوەشانەوە دەبرد، بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای سووریا کۆنترۆڵ کرد. کاتێکیش ئەمریکا بۆ لێدانی داعش و رووسیا بۆ پشتیوانی لە ئەسەد و رژێمەکەی کەوتنە کێبڕکێ، پەیەدە کە پەروەردەی دەستی پەکەکەیە، توانی کەڵک لە ناکۆکیەکان وەربگرێت و سیاسەتێکی ئاقڵانەی گرتەبەر کە نەبوو بە بەشێک لە رژێم و نەبوو بە بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی سووریاش. دواتر کە گرژییەکان توندتر بوونەوە، ئەمریکا لەلایەک و سووریا لەلایەکی دیکە هاوکاریی پەیەدەیان کرد بە چەک و لۆجستیک، بەرگری لە کۆبانێ ناوبانگی رۆژئاوای گەیاندە جیهان و بوو بە خاڵی وەستاندنی زەحفی داعش لە سووریا.

هەموو ئەم گۆڕانکاری و رووداوانە پەکەکەیان بەرەو حساب و لێکدانەوەی هەڵە برد، بەتایبەتی بەهۆی هاوکارییەکانی ئەمریکا و رووسیا کە ئیدی پەیەدە هیچ حسابێکی بۆ هیچ لایەنێک نەدەکرد، بەتایبەتی لایەنە کوردییەکانی تری رۆژئاوا کە یان دەبوو گوێڕایەڵی ئەوان بن یان سنووربەدەریان دەکردن، هەروەها بۆ تورکیا کە ئەندامی ناتۆیە و سووریاش کە کورد بە میوانێکی رەزاگران دەزانێت لەو وڵاتەدا، پەیەدە نەدەبوو پەیوەندییە هەواڵگرییەکانی نێوان تورکیا و سووریا نادیدە بگرێت سەرەڕای ئەوەی کە شیر و تیر لەیەکتر دەسوون.

تورکیا زیاتر لە سەد ساڵە سیاسەتی خۆی لەسەر توانەوەی کورد دارشتووە و هەمیشە بە ئاشکرا گوتوویەتی و نەیشاردووەتەوە کە دژی کیانێکی کوردییە ئەگەر لەسەر لەسەر مانگیش بێت، باشترین نموونە ئەوەیە کاتێک لە سوێد ساڵی 1984 رەوزەیەک بۆ منداڵانی کورد کرایەوە، بەفەرمی ناڕەزایەتی دەربڕی. دەبوو پەکەکە حسابی ئەوەی بکردایە و پاش چل ساڵ خەباتی چەکداری بیزانیایە کە هەڵدانی ئەو هەموو ئاڵا و وێنەیەی ئۆجەلان لەسەر سنوورەکان، شتێک نییە تورکیا چاوی لێ بپۆشێ، لەوەگەڕێ کە تورکیا تەنانەت مافی ئەوەی نییە یەک سەربازی لەسەر خاکی باکووری کوردستانیش هەبێت نەک رۆژئاوا، بەڵام لێرەدا باسی ریالیتەی سیاسی و هاوکێشەکانی ئەو دەڤەرە دەکەین. بەرخۆدانی عەفرین دەبوو حسابی ئەوەی بۆ بکرایە کە چۆن دۆستەکانی کورد لە باشوور چاوی خۆیان نوقان، لە رۆژئاواش وادەکەن، ئەوە لە کاتێکدا ئەمریکا بەفەرمی لە هەولێر گەورەترین نوێنەرایەتی سیاسی و سەربازی هەیە، بەڵام تای تەرازووی لەگەڵ عێراق و تەنانەت ئێرانیش کە بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانێت، لەگەڵ بەرژەوەندی کورد و ئەمریکا کورتی هێنا و کەرکووک بەبەرچاویانەوە لەلایەن ئێران و عێراقەوە داگیر کرا و نقەیان نەکرد. کەچی لایەنگرانی پەکەکە و شرۆڤەکارەکانیان وایان لێکدەدایەوە کە ئەوەی لە کۆبانێ کرا دووبارە دەکرێتەوە و مومکین نییە پاشەکشە بکرێ، راستە بەرانبەر تورکیا بەرخۆدان کرا، بەڵام لەولاوە پەلکێشی چەتەکانی سووریا کرا بۆ نێو عەفرین، بۆیە دەڵێم چەتە چونکە تا ئێستا سوپای فەرمیی سووریا خۆی نەهاتووەتە ناو عەفرینەوە، کابرا مقاشی بەدەستەوە بێت بۆ پشکۆ بەدەست هەڵبگرێتەوە.

ئەگەر هەر لەسەرەتاوە چۆن پەیەدە — پەکەکە خۆی نەکردە بەشێک لە شەڕی سووریا و ئۆپۆزسیۆن، رێگای بدایە کوردی ئەو پارچەیە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و هەموو شتێک نەکرایەتە قوربانی سیاسەتی پەکەکە، ئەوا بە دڵنیاییەوە رەوشی رۆژئاوا لە قۆناخێکی دیکەدا دەبوو. بێگومان رۆژئاوا پێویستی بە پاراستن هەبوو، بەڵام دەتوانرا هەمان ئەو هێزەی هەیە بە ناوێکی دیکە و لەژێر ئاڵای کوردستاندا بووایە، ئەوکاتە نە ئەزموونی باشوور (شەڕی ناوخۆ) دووبارە دەبووەوە وەکو پەکەکە و دارودەستەکەی دەڵێن، نە پەناش دەبرا بۆ داگیرکەر جا لەمبەر سنوورەوە بێت یان لەوبەرەوە، چونکە داگیرکەرانی کوردستان کە دێتە سەر مافەکانی کورد، هەموویان یەک قەبیلە و قوماشن.

ئەوەی کە ئەمڕۆ لە عەفرین روودەدات بەداخەوە شکستێکی دیکەیە و دەخرێتە سەر شارای شکستەکانی کورد، ئیدی هەندێک لەژێر بەتانییەوە چۆن شیعر و شانامەی بۆ دەڵێن، ئازادن. سیاسەتی پەکەکە بەو شێوەیەی ئێستای شکستخواردووە، ئەنجامەکانیش دەبینین هەم لە رۆژئاوا و هەم لە باکوور. ئاخر مەعقولە پەکەکە نەهێڵێت پێشمەرگە بچێتە هەندێک شوێنی شەنگال و قەندیل، بەڵام خەڵک بۆ پێشوازی چەتەکانی سووریا لە عەفرین و دەوروبەری بەبیانووی پاراستنی سنووری خۆیان بێنێتە سەر جادە؟ ئایا کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی بەم جۆرە دادەمەزرێت؟ ئینجا خەونی ئەوەش ببینی کە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە !

دوای ئەم هەموو شکستە یەک لە دوای یەکە لە هەموو کوردستاندا، پێویستە پارتە سیاسییەکان بە خۆیاندا بچنەوە، بەتایبەتیش پەکەکە، ئیدی سیاسەتی یەک پارتی و یەک ئاڵا و یەک سەرۆک، هیچ مانایەکی نەماوە و مەگەر لە سێبەری چەکدا دەنا کەس بەو ئاوازە نەشازە هەڵناپەڕێت. دەبێت کورد بیر لە ستراتیژیەکی نوێ بکاتەوە، سەرەتا هەر پارچەیەک بۆخۆی سیاسەتێک دابڕێژێت کە بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەو پارچەیە بپارێزێت، پاشان بیر لە چەترێک بکرێتەوە کە هەموو پارت و رێکخراوەکان لەخۆ بگرێت، جا بەناوی کۆنگرەوە بێت یان هەرشتێکی دیکە، ئەوسا هەم خۆمان حساب بۆخۆمان دەکەین و هەمیش دنیا حسابێکمان بۆ دەکات، ئەگەرنا هەر دەبێت تراژیدیای کەرکووک بە عەفرین و کۆبانێ بە هەڵەبجە لەبیرخۆمان بەرینەوە.



* ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی

# تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەمپینی هەڵبژاردن

لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا لیست و کاندیدەکان پێویستە هەڵوێستی جەماوەریان لەبەرچاو بێت و پۆلێنیان بکەن، تا بتوانن پلانی هەڵمەتی هەڵبژاردنیان بەشێوەیەکی زانستی و کاریگەر پێشکەش بکەن. هەڵوێستی جەماوەریش بەگشتی دابەش دەبێ بۆ پێنج جۆر گرووپ:

1- بڕیاری بەشداری داوە و دەنگی بۆ لیست و کاندیدێکی دیاریکراوە.

2- بڕیاری بەشداری داوە و دەنگی بۆ لیستێکی دیاریکراوە، بەڵام بۆ کاندیدێکی لیستەکە بڕیاری نەداوە

3- بڕیاری بەشداری داوە، بەڵام دەنگی بۆ هیچ لیست و کاندیدێک یەکلایی نەکردووەتەوە.

4- دوودڵە لە بەشداری.

5- بڕیاری بایکۆتی داوە.

بێگومان هەریەک لەم گرووپانە پێویستی بە پەیامی تایبەت بەخۆی هەیە و بەشێوازی جیا دەبێت کاریگەرییان لەسەر دابنرێت. ئەمەش دەخوازێت لە کاندیدانی هەر لیستێک کە ئامانجیان کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگە بۆ خۆیان و لیستەکەیان، بەرنامە و پلانی گونجاو ئاراستەی هەر گرووپێک بکەن لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا. لەهەمانکاتدا قورسایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیان بەرێژەی جیاواز ئاراستەی هەر گرووپێک لەو گرووپانەی سەرەوە بکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگ کۆبکەنەوە بەکەمترین کات و تێچوون.

کاندیدانی هەر لیستێک پێویستە هەوڵبدەن کاریگەری لەسەر جەماوەر بەگشتی دابنێن، بەڵام نابێت وزە و توانای هەڵمەتەکەیان لەو کەسانەدا بەفیڕۆ بدەن کە لە گرووپی یەکەم و دووەمن، چونکە بڕیاری پێشوەختەیان داوە، ئەو ئاراستەش لەکارکردن کەمترین بەرهەمی دەبێت، بەڵام ئاراستەکردنی پەیامەکان بۆ گرووپەکانی دیکە (دەنگی خۆڵەمێشی) زۆرترین ئەنجامی دەبێت.

**تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.. هۆکارێکی کاریگەر**

لەدونیادا شێوازی جیاواز بەکاردێت لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و دانانی کاریگەری لەسەر دەنگدەران. یەکێک لەوانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە فەیسبووک و تویتەر ناسراوترین و کاریگەرترینیانن، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا تویتەر ناسراوتر و کاریگەرترە، بەڵام لە کوردستان فەیسبووک لەپێشتر و باوترە لەناو خەڵکیدا.

راپۆرتە میدیاییەکان و توێژینەوەی سەنتەرە تایبەتمەندەکان ئەوەیان خستووەتەڕوو کە تویتەر و فەیسبووک رۆڵی سەرەکییان هەبووە لە سەرخستنی ئۆباما و ترامپ و ماکرۆن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا. هەروەها رۆڵیان بینیوە لە دەنگدان بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا. باراک ئۆباما لەساڵی (2013) لە ریزبەندی پێنجەم هاتووە لە جیهاندا کە لەتویتەر زیاتر لە (25) ملیۆن فۆڵۆوەری هەبوو. ساڵی (2015) ئەژماری تویتەری نوێی ئۆباما لە کتێبی (گینس) تۆمار کرا وەک خێراترین ئەژمار کە پاش کردنەوەی لە تەنیا پێنج کاژێردا زیاتر لە یەک ملیۆن فۆڵۆوەری هەبوو دوای ساڵێکیش گەیشتە 10 ملیۆن. لەپاش هەڵبژاردنەوەی بۆ جاری دووەم، ئۆباما لە ئەژماری خۆی لە تویتەر نووسی: (ئەم پێشهاتە بەهۆی ئێوەوە بوو، سوپاستان دەکەم)، مەبەست لێی لایەنگرانی بوو لە تویتەر. دۆناڵد ترامپ کە ئێستا زیاتر لە 40 ملیۆن فۆڵۆوەری لە تویتەر هەیە، تویتەکانی زۆرجار بووەتە هۆی سەرلێشێواندنی میدیاکان، چونکە پێش کاتژمێر 6:30ی بەیانی تویت دەکات. ئەو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا زۆر رەخنەی لە میدیای کلاسیکی دەگرت و بە ناڕاستگۆ و گەندەڵ و سەرلێشێوێنەر وەسفی دەکردن. چەندینجار گوتوویەتی ئەگەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبوونایە ئەگەری زۆر بوو ئەو نەبووایە بە سەرۆک. لە ئێران تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی رێگەپێنەدراون، سەرباری ئەوەش ریفۆرمخوازانی ئێران بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن زۆر گرنگی پێدەدەن. لە کوردستانیش لە چەند ساڵی رابردوودا گرنگیی زیاتر بە فەیسبووک دراوە. زیادبوونی قەیرانەکان و گرژیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و بێکاری و زۆربوونی هێڵەکانی ئینتەرنێت هۆکار بوون بۆ زیاتر گەشەکردنی ئەو بوارە، بەشێوەیەک کەم ماڵ هەیە کەسێکیان ئەژماری فەیسبووکی نەبێت یاخود هەواڵ و ڤیدیۆکانی فەیسبووکی لەکەسانی ترەوە پێنەگات.

**بۆچی گرنگی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بدرێت؟**

لەبنەڕەتدا سەرکەوتنی هەر کاندیدێک بەستراوەتەوە بە متمانەی جەماوەرەوە، هەربۆیە کاندیدەکان چەندین هۆکار و شێوازی جیاواز دەگرنەبەر بۆ دانانی کاریگەری لەسەر دەنگدەر و کێشکردنیان بەقازانجی خۆیان، لەم پێناوەشدا کۆشش و پارەیەکی بێشومار خەرج دەکەن. لەنێو ئەو هۆکار و شێوازانەدا دەتوانرێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێک لە باشترین و خێراترین و کاریگەرترین هۆکار ئەژمار بکەین، چونکە:

1- هەلی یەکسان بۆ هەمووان دەڕەخسێنێ و هەمووان دەتوانن لەو رێگایەوە پەیامەکانیان ئاراستە بکەن.

2- کەمترین کاتی پێویستە کە تەنیا بەچەند دێڕێک دەتوانیت پەیامەکەت بگەیەنی.

3- هەمیشە بەردەستە و هەرکات بتەوێ دەتوانی پەیامەکانت ئاراستە بکەیت.

4- جگە لە نووسین دەتوانیت بەشێوەی زیندوو ڤیدیۆکانت بڵاوبکەیتەوە.

5- کەمترین خەرجی هەیە.

6- جیاواز لە کەناڵە کلاسیکییەکان کە بەرنامەکانیان لەکاتێکی دیاریکراوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بەردەستن بۆ هەرکەسێک بیەوێت یان دواتر بگەڕێتەوە بۆیان.

7 - بەبێ بوونی هیچ بەربەست و گوشار و پەلەپەل و لەبیرچوونێک دەتوانیت پەیامەکانت بەجوانی دابڕێژی و بەو شێوەیەی کە پێویستە بیگەیەنیت.

8 - جیاواز لە کەمپینی تەقلیدی کە ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ و پارەو کاتی دەوێت، کەمپینی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا چەند کەسێکی شارەزا و چالاکی پێویستە.

9- وەکو بانگەشەی کلاسیکی نییە و ژینگە و شوێنی گشتی پیس ناکات.

10- کەمترین رووبەڕووبوونەوە و پێکدادان دروست دەکات لەگەڵ رکابەرەکاندا.

**کاندیدەکان چۆن سوود وەربگرن؟**

بەو ئومێدەی هەڵمەتی هەڵبژاردن شێوازی کلاسیک تێپەڕێنێ کە زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنێت و پارەیەکی زۆری تێدا بەهەدەر دەدرێت. لەپێناو بانگەشەیەکی سەردەمیانە، گرنگە کاندیدەکان بتوانن ئەم چەند خاڵەی خوارەوە رەچاو بکەن بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرن.

**یەکەم:** گرنگە کاندیدەکان ئاگاداری رێنماییەکانی کۆمسیۆن بن بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و هەڵمەتی پێشوەختە نەکەن بۆ ئەوەی تووشی سزای دارایی و کارگێڕی نەبنەوە.

**دووەم:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیهانێکی تایبەتن و پێویستیان بە تێگەیشتن و مامەڵەی تایبەتە. بۆیە گرنگە کاندید لە سروشتی کار و کەشی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بگات، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر پەیامەکانی ئاراستە بکات.

**سێیەم:** بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن دەبێ لاپەڕە (پەیج) بەکاربهێنرێ نەک ئەژمار (ئەکاونت)، بۆ ئەوەی سنووردار نەبێت و بتوانرێت سپۆنسەر بکرێت و بگاتە زۆرترین کەس.

**چوارەم:** کاندید پێویستی بەجوڵە و سەردان و چالاکییە و ناکرێت سەرجەم کاتەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەخەرج بدات، لەوانەشە لەڕووی تەکنیکی و میدیاییەوە شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبێت. بۆیە پێویستە هەر کاندیدێک چەند کەسێکی چالاک و بەتوانا و شارەزا لە بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆی کۆبکاتەوە و بیانکاتە ئەدمینی پەیجەکەی. باشتر وایە لەبەرانبەر ئەو کارەش پاداشتیان بکات تا زیاتر هاندەر بێت بۆ کارکردنیان.

**پێنجەم:** ئەدمینی پەیجەکان گرنگە کەسانی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بن، بۆ ئەوەی مامەڵەی هەرزانە نەکەن لەگەڵ جەماوەر و زیان بە کاندیدەکە نەگەیەنن و تووشی گرفتی نەکەن.

**شەشەم:** هیچ پۆست و وێنە و ڤیدیۆیەک بەبێ ئامانج و بیرکردنەوە لە هەموو ئەگەرەکان دانەبەزێنرێت، چونکە رەنگە ببێتە چەکێکی کوشندە بەدەست رکابەرانی کاندیدەکەوە.

**حەوتەم:** لەم کەشوهەوا پڕ قەیران و دابڕان و لێکترازانەدا، گرنگە جەخت لەسەر پەیامی خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی و چاکسازی و ئاشتەوایی بکرێتەوە، رێگە نەدرێت بە بابەتی بێبەها و هەرزانە کە دەنگدەر تووشی رەشبینی و بایکۆت و بێزاری بکات.

**هەشتەم:** گرنگی زۆر بە ڤیدیۆی کورت و پڕ مانا و بەهادار بدرێت کە بەشێوەیەکی هونەری و جوان بەرهەم هێنرابێت. چونکە کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت و زۆرترین بڵاوکردنەوەی دەبێت.

**نۆیەم:** ئاگادار بوون لە شێوازی کارکردنی رکابەرەکان و ئەو تەکنیکانەی بەکاریدێنن لە کارەکانیان و سوود لێوەرگرتنی.

**دەیەم:** دروستکردنی تۆڕی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ ئەو پەیج و ئەکاونتانەی کە دیار و کاریگەرن، بۆ ئەوەی هاوکار بن بە پێدانی پێشنیار و بڵاوکردنەوەی بابەتەکان و برەودان بە پەیجی کاندیدەکە.

*** بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کارتە سووتاوەکانی ماڵی تاڵەبانی

1

ئەگەرچی دەبوو لەسەر خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر بەشێکی زۆری هەڵگرانی پاشناوی تاڵەبانی و وەچەکانی برایم ئەحمەد، نەک هەر لەکار و کایەی سیاسی دووربکەونەوە، بگرە دەبوو دادگاییش بکرێن، بەڵام مێژووی کورد ئەوەیە کە هەمیشە (خیانەت) بە (خەبات) دەرخواردی خەڵک دراوە.

16ی ئۆکتۆبەر، دوایین ئاڵقەی ئەو زنجیرە کردارانەیە کە ماڵباتی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی (بە حزووری تاڵەبانی) بۆ بنکۆڵکردن و رووخاندنی قەوارەی کوردستان دەستیان پێکردبوو. ئەم دوو بنەماڵەیە کە یەک فەردی خانەوادەکەیان دڵۆپەیەک خوێنیان لە پێناوی کوردستاندا نەداوە، بێباکانە و لە دەیەی رابردوودا، بە سپۆنسەری پارتی، گەورەترین فەوزای سیاسییان خوڵقاندووە. ئەوان بەرپرسیاری سەرەکین لەو قەیرانە داراییەی کە بەرۆکی کوردستانی گرت، هانی مالیکییان دا کە بودجە لە کوردستان ببڕێت و دواییش چوون ملیاران دۆلاری ناو بانکەکانی سلێمانییان گواستەوە بۆ ئەو (ژێرزەمینانەی) کە مەلابەختیار باسی کردن! لەو بەشەی کە پەیوەندی بە ناوخۆی یەکێتییەوە هەیە، ئەوە پەرێزیان دیارە کە چۆن ئابرووی تێکۆشەرە راستەقینەکانی خۆیان بردووە و چ بازرگانییەک بە خوێنی شەهیدانەوە دەکەن! کوڕی تاڵەبانی بی و نامەی قاسم سلێمانی ببەی بۆ عەبادی بۆ ئەوەی چەند هەزار بەرمیلێک لە نەوتی کەرکووکت بدرێتێ و بیفرۆشی و، عەبادیش دەست بەڕووتەوە بنێت و پاداشتی خیانەتیشت نەدرێتێ!!

سەرباری هەموو فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، هەردوو بنەماڵەی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد، لەپەلەقاژەی نەمان و لەناوچووندان و رێگەش نادەن لەسەر دەستی نوێنەرێکیان لە سیاسەت و حوکمڕانیدا (قوباد تاڵەبانی) چۆرێک لە مێژووی بنەماڵەکەیان ئەگەر بە لاوازیش بێت، بەردەوام بێت. بۆیە گرنگە پارتی و حیزبەکانی دیکە ئەو راستییە ببینن کە سەردەمی ئەو دوو بنەماڵەیە کۆتایی هاتووە و، ئەو ئەمری واقیعەش نەماوە کە گوایە ئەوان حوکمی سلێمانی دەکەن. بۆیە پارتی ئەگەر دەیەوێ واجیبەی سیاسەت و حوکمڕانی لە سلێمانی سەرڕاست بێتەوە، نابێ وەکو جاران بە پارە جنێو لەو دوو بنەماڵەیە بکرێت و لێبگەڕێت خاوەنە راستەقینەکانی یەکێتی حوکمی حیزبەکە بگرنە دەست، چونکە گەورەترین کارتی دەستی ئەو دوو بنەماڵەیە هەم جنێودانە بە پارتی و هەم پشتیوانیی پارتییە بۆ ئەوان.

---

## وەڵامەکەی کۆسرەت رەسوڵ

2

وەڵامەکەی کۆسرەت رەسوڵ بۆ نامەکەی شانازی برایم ئەحمەد کە بە ئیمزای دادە هێرۆی خوشکی بۆی هاتبوو، رەنگبێ دوای پەیامەکەی 16ی ئۆکتۆبەر، یەکێک بێت لە توندترین و راشکاوانەترین دەربڕینەکان لەسەر دۆخی یەکێتی و رۆڵی تێکدەرانەی بنەماڵەی تاڵەبانی لە رووداوەکاندا. پوختەی کەلام ئەوەیە کە بنەماڵەی تاڵەبانی دەیانەوێ لە رێگەی کۆنگرە و، بە موسادەقە و ئیمزای کۆسرەت رەسوڵ دەست بەسەر یەکێتیدا بگرن. کۆسرەت رەسوڵیش ئەوەی قەبوڵ نییە. وەڵامنامەکە زۆر بە راشکاوی و بێ پەردە دەڵێ کە "کۆنگرە لە پێناوی ئەوەدا ناکەین یەکێتی ببێتە حیزبی بنەماڵە". ئەوەش رێک دژی ئەو شتەیە کە بنەماڵەی تاڵەبانی بەناوی (نوێبوونەوە) بانگەشەی بۆ دەکەن.

ئەڵبەتە لەو قۆناغە مێژووییەدا، ئەوان تەنها ئەو ئیشەیان بە کۆسرەت رەسوڵ ماوە کە شەرعییەت بدات بە لەشکرێک لە بنەماڵەی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد تاوەکو دەست بەسەر مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حیزبەکەدا بگرن. سەرباری ئەوەش کە ئامۆزاکان لەناوخۆی خۆیاندا ململانێیانە لەسەر ئەوەی کێ دەبێتە کەسی یەکەم، بەڵام باش دەزانن کە ئێستا کەسیان توانای بەرێوەبردنی یەکێتییان نییە و دەیانەوێ کۆسرەت رەسوڵ هەر نەبێ تا دوای هەڵبژاردنەکان برا گەورەییان بکات و لەو قۆناغە دەربازیان بکات. دوای ئەوەش وەک چۆن لە رابردوودا هیچ دەسەڵاتێکیان بە جێگری یەکەم و دووەمی سکرتێری گشتی رەوا نەدەدیت، ئاواش دوای ئەوەی کاریان بە کۆسرەت رەسوڵ نەما، بەرێی بکەن.

مەترسیی هەرە گەورەی بنەماڵەی تاڵەبانی ئەوەیە کە هەست دەکەن گەیشتوونەتە بنبەست و رەنگبێ کەس ئامادە نەبێ لە هەڵبژاردنەکاندا وەکو جاران پاداشتیان بکات، بگرە دەزانن سزاش دەدرێن. بۆیە دەستەوداوێنی دکتۆر بەرهەمیش بوونە و بەڵێنی پۆستی سکرتێری گشتی و سەرۆککۆماریشیان لە بەغدا پێداوە، بەڵام بێسوود بووە! بنکەی جەماوەریی بەرهەم ساڵح و کۆسرەت رەسوڵ لەناو یەکێتیدا نەک هەر لێکنزیکن، بگرە تێکهەڵکێشی یەکتریشن، بۆیە ئەگەر بنەماڵەی تاڵەبانی نەیەنە ژێر بار و بەو حەجم و مەرجانەی بۆیان دیاریکراوە رازی نەبن، پشتیوانیی کۆسرەت رەسوڵ لە دکتۆر بەرهەم لەرووی سیاسی و جەماوەرییەوە، یەکێتی دێنێتە ئاستی کۆمەڵی ئیسلامی.


---

## کەرکووک سەرەتای کۆتاییە

3

ئەمرۆ لە نەتیجەی خیانەت و خۆفرۆشی، کەرکوک داگیرکراوە، بەڵام ئەوە قەت نابێتە ئەمری واقیع و بایکۆتی پارتیش، نەک زیان بە پێگەی کورد لە کەرکووک ناگەیەنێ، بگرە سەرەتای قۆناغێکی تازە دەبێت. باڵادەستیی تەزویری یەکێتی لە کەرکووک کۆتایی دێت و دەنگەکانی پارتیش بۆ لایەنە کوردپەروەرەکان دەچێت. ئینجا مەرجیش نییە هەتا سەر ئەو داگیرکارییە بۆ عارەب بچێتە سەر. ئەگەر پارتی ئەو واقیعەی قەبوڵ کردبایە، دەبوو ملکەچی زۆر شت بێت، بەڵام تا ئێستاش لای پارتی پارێزگار هەر پارێزگاری پێشووە و، چاویشی لەوەیە بەسەربەرزییەوە بیگەڕێنێتەوە سەر کارەکەی خۆی. هاوکێشەکان بە خێرایی دەگۆڕێن و کەرکووک داهاتووی زۆر گۆڕانکاریی گەورە لە ناوچەکەدا دەنەخشێنێ.

---



جین شارپ

## ناتوندوتیژی: تێگەیشتنێکی نوێ بۆ خەبات

# قۆناغەکانی پلاندانانی ستراتیژیک

**بەشی پێنجەم و کۆتایی**

بنەمای خەباتی ناتوندوتیژانە پرۆڤەکردنی گیانی سەرچڵی و پێداگریی ئادەمیزادە لە پانتاییەکانی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریدا، واتە پێداگری و توانستی مرۆڤ بۆ خەملاندنی بیروباوەڕی سەربەخۆی خۆی، ملنەدانی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ نەیاران و سەرکێشی و گێرەشێوێنی. بەم شێوەیە مرۆڤ دەتوانێ سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانە بکا کە لەسەری واجبکراون، یاخود مل لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە بنێ کە لێی قەدەغە کراون.

بنەمای هەموو دەسەڵاتدارێتییەک لەسەر هاریکاریی مرۆڤەکان دارێژراوە - ئەوەی کە مرۆڤەکان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی میری بن و لەگەڵ دەسەڵاتداراندا هاوکاری بکەن. ئەگەر مرۆڤەکان مل لەم هاوکارییە نەنێن یان لێی بکشێنەوە، ئەستوندکی دەسەڵات لەجێگەی خۆی دەترازێ.

بەدرێژایی مێژووی ئادەمیزاد خەباتی ناتوندوتیژانە چەکی بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤ بووە بۆ بەگژداهاتنەوەی زۆرداری، چەوساندنەوە، دیکتاتۆری، داگیرکاری، تەریکخستنەوەی کەمینەکان و داپاچینی ئازادییەکان. زۆرێک لە خەباتە ناتوندوتیژانەکانی رابردووی مرۆڤایەتی، هەڵوێستێکی غەریزی و بوویەرێکی بێ پلان بوون بە گوێرەی دەرفەتی گونجاو، بەڵام بەبێ ئامانجێکی بەروونی دیاریکراو، یاخود بەبێ زانیاریی پێویست سەبارەت بە پێشمەرجەکانی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

هەڵبەت لە هێندێک لەو بەرەنگاربوونەوانەدا، برێکی کەم لە تاکتیک یاخود پلان (ی کورتخایەن) رەچاوکراوە، بەڵام زۆر بەدەگمەن رێکەوتووە کە خەباتی ناتوندوتیژانە پشتی بە پلانی ستراتیژیی سەرتاپاگر بۆ جێبەجێکردن و وەدیهێنانی ئامانجەکانی بەستبێت. ئێستا ئیدی لە قۆناغێکداین کە ئەوانەی دەیانەوێ رێبازی خەباتی ناتوندوتیژانە بگرنەبەر، چیتر پێویستیان بەوە نییە کە پێداویستییەکانی ئەو خەباتە [لە سفرەوە]، دابهێنن. تێگەیشتنی قووڵتر لە تەکنیکی ناتوندوتیژی، دابەشینەوەی زانیاریی پێوەندیدار بەو جۆرە خەباتە و، کەڵکوەرگرتن لە ستراتیژ یاخود پلاندانانی درێژخایەن، برشتی خەباتی ناتوندوتیژانەی زۆر لە جاران پترکردووە.

لەم بەشەدا سەرەکیترینی ئەو فاکتەرانە ریز دەکەین کە لە دارشتنی پلانی خەباتی ناتوندوتیژانەدا دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن:

**قۆناغی یەکەم: هەڵسەنگاندنی بەرایی و شیکاری**

- سەرەکیترین خاڵی ناکۆکی لە روانگەی هەردووک لایەنەوە دیاری بکە
- تاووتوێی سیستمی کولتووری، سیاسی و سۆسیۆ- ئابووریی زاڵی نێو کۆمەڵگە بکە و، هەروەها چۆنیەتی دابەشبوونی حەشیمەتی کۆمەڵگاش بەسەر گرووپە کۆمەڵایەتیەکاندا روون بکەرەوە
- هەڵسەنگاندنێکی ستراتیژیک بکە، واتە لایەنی بەهێز و لاوازی لایەنەکانی کێشە دیاری بکە. لێرەدا دەبێ ئەوە روون بکرێتەوە ئاخۆ سەرچاوەی دەسەڵاتی لایەنەکان و ئەو دامەزراوانەی کۆڵەکەی پشتگیریانن، کامانەن؟ ئەو هێزەی هەر لایەک لەبەردەستیدایە و دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێ چییە و چەندە؟ هەریەک لە لایەنەکان تا چ رادەیەک بۆ دابینکردنی پێداویستیگەلێکی دیاریکراو وابەستەی یەکترین و هەروەها هێزی رێژەیی هەر یەک لە لایەنەکانی پێکداداان چەندە؟
- روونی بکەرەوە ئاخۆ کام لایەنانەی سەرچاوەی هێزی لایەنی دژبەر بۆ لاوازکردن یان لەناوبردن، لەبارترینن.
- هەڵسەنگاندن بۆ روانگە و رۆڵی لایەنی سێیەم- ی پێوەندیدار بە کێشەکەوە بکە، هەروەها روونی بکەرەوە ئاخۆ خەڵکە بێلایەن و پاسیڤەکەی ناو حەشیمەتیش بەگشتی چۆن بیردەکەنەوە.
- ئەو فاکتەرانەی دیکەش روون بکەرەوە کە دەتوانن کاریگەریان لەسەر تێکۆشان هەبێت، بۆ وێنە جوگرافیا، دۆخی کەشوهەوا، ئامرازەکانی هاتوچۆ، هۆکارەکانی پێوەندی و بەگشتی ژێرخانی کۆمەڵگا.
- هەڵیسەنگێنە ئاخۆ چ جۆرە گوشارێک دەتوانێ یارمەتی وەدیهێنانی ئامانجەکان بدا.
- ئەو فاکتەرانەی سەرەوە تاووتوێ بکە تا بۆت روون ببێتەوە ئاخۆ هەلومەرجەکە بایی ئەوەندەی بەبەرەوەیە کە چالاکیی ناتوندوتیژانە لە مەودایەکی دیاریکراودا بەرهەم ببەخشێت؟ کام یەک لەو پێشمەرجانە زەمینەی ئەوەی تیایە کە بە ئاراستەیەکی باشتردا گەشەیان پێ بدرێ؟ کامیان نەگۆڕە و کامیان ئەگەری ئەوەی تیایە کە گۆڕانی بەسەردا بێت؟

**قۆناغی دووەم: دارشتنی ستراتیژی**

- پلانێکی سەرتاپاگر بۆ بەرەنگاربوونەوە دابرێژە. ئامانجی بەرەنگاربوونەوە بە روونی و بە وردی دیاری بکە. هەڵیسەنگێنە ئاخۆ لەسەر ئاستە گشتییەکەی، دەبێ خەباتی ناتوندوتیژانە بە چ شێوەیەک ئەنجام بدرێ تا ئامانجەکان بپێکێت؟ ستراتیژی سەرتاپاگر، هەم چۆنیەتی خەباتەکە لەدرێژخایەندا و، هەم ئاراستەی هێز و تواناییەکانی گرووپیش، بە شێوەی گشتی و بە گوێری پێداویستیی هەر هەلومەرجێک، دیاری دەکا.
- ئایا رێی تێدەچێ بە یەک کەمپەینی بەهێز، ئامانجی سەرەکیی خەبات وەدی بهێنرێ؟ ئەگەر رێی تێدەچێ، نەخشەرێگەی بۆ دابرێژە. ئەگەر رێی تێناچێ، ئەوسا دەبێ خەباتەکە بەزانایی بەسەر چەند برگە و قۆناغێکدا دابەش بکرێت. هەر قۆناغەیش، لە رێی کەمپەینێکی سنووردارترەوە، هەوڵی وەدیهێنانی ئامانجێکی بچووکتر بەڵام بایەخدار بدرێت.
- بۆ هەر پشکێکی خەبات، ستراتیژی سنووردار و بەشە- ئامانجێکی دیاریکراو دابرێژە، کە دەبێ لەرەوتی خەباتدا وەدی بهێنرێ. بەم شێوەیە چوارچێوەی فراوانی ستراتیژی گشتی دەگۆڕێ و شێوەیەکی کردەنیتر بەخۆیەوە دەگرێ و، دەتوانێ سەبارەت بە هەر کەمپەینێکی دیاریکراو وەڵام بداتەوە ئاخۆ کێ، چی، لەکوێ، کەی و چۆن، ئەنجام دەدرێ.
- تاکتیکێکی کورتخایەنی دیاریکراو رەچاوبکە لەگەڵ شێوازێکی دیاریکراوی چالاکی کە بشێ ستراتیژی هەڵبژێردراو لەرێیەوە وەدی بهێندرێ. یەکجار گرینگە کە لەچوارچێوەی هەر خەباتێکی ستراتیژیکی تایبەتدا، تاکتیکی گونجاو هەڵبژێردرێ، ئەویش دوای ساغبوونەوە و دارشتنی ستراتیژی گشتی. ئەو مێتۆدانەی خەباتی ناتوندوتیژی کە دەکرێ هەڵبژێردرێن، بریتین لە رەخنەلێگرتن، قەناعەتپێهێنان، سەرپێچی لە هاوکاری و هەروەها دەستتێوەردانی ناتوندوتیژانە. جاری وایە هێندێک لەم شێوازانە لە هێندێکی دیکەیان باشتر وەڵام دەدەنەوە، ئەمەش بەرلەهەر شتێک بەندە بە ستراتیژ و ئامانجی گشتی، هەڵسەنگاندنی ستراتیژیک و ئامانجی هەر کەمپەینێکی دیاریکراوەوە. جاری وایە، بۆ پەلوپۆکردنی دەسەڵاتی دەسەڵاتدار، شێوازێک لە شێوازێکی دی باشتر وەڵام دەداتەوە.
- خاترجەم بە کە پلانی ستراتیژیی دارێژراو، لەگەڵ ئامانجی خەباتەکە، تاکتیکە هەڵبژێردراوەکان و شێوازە لەبەردەستەکانی گوشاردروستکردن، گونجاو و تەبابێت.

**قۆناغی سێیەم: زەرفیەتسازی**

- خاترجەم ببە کە ئەو ستراتیژەی بۆ خەبات رەچاو کراوە لەگەڵ زەرفیەتی گەل دەگونجێ و لە توانایی خەڵکی تێناپەرێنێ. ئەگەر تێیپەڕاند، ئەوا دەبێ مشوور لەرێگای تر بخورێ تا زەرفیەتەکان و تواناییەکان زیاتر بکرێن — دەنا پێویستە پێداچوونەوە بە ستراتیژییەکەدا بکرێت.
- ئەو رێکخراوە و دامەزراوانە بەهێز بکە کە نەیار دەستی تێیان ناچێ- بەتایبەتی ئەگەر پێویستە ئەو لایەنانە بەگوێرەی پلانی سراپاداگر، لە خەبات وەربدرێن و، خەباتەکەش کێشە دروستکردن بێ لە رێی سەرپێچی لە هاوکاریکردنەوە.
- پلان دابنێ ئاخۆ چۆن دەتوانی یارمەتیی دەرەکی بەدەست بهێنێ، بەڵام بەهەوای یارمەتیی دەرەکی دامەنیشە.

**قۆناغی چوارەم: تێکۆشانێکی کراوە**

- بۆ وەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان، بەو شێوەیەی لە ستراتیژی سەرتاپاگردا دیاری کراون، لە ستراتیژ و تاکتیکدا، جەختی بخەرە سەر لایەنە بەهێزەکانی خۆت و لایەنە لاوازەکانی لایەنی نەیار.
- خاترجەم ببە کە پلانی ستراتیژی بەپێی دیسیپلین بچێتە پێش و، لە توندوتیژی کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی کەمپەینەکە، دوورەپەرێزی بکرێت.
- خاترجەم ببە کە شێوازی رەچاوکراوی خەبات هێزوگوڕ بە خەباتکاران ببەخشێت، واتە شێوازی خەبات لەگەڵ توانستی چالاکیکاران بێتەوە و ئەوان بتوانن بەباشترین شێوە کەڵک لە دەرفەت و زەرفیەتەکانی بەردەستیان وەربگرن.
- هەوڵ بدە دژبەرەکەت لە ناهاوسەنگیدا رابگریت.
- بەرپەرچی گوشاری دژبەرەکەت بدەرەوە، بەڵام دەستبەرداری شێوە خەباتی خۆت مەبە.
- خەریکی کردەوە بە نەک دژکردەوە. هەوڵ بدە لەرەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتدا، بەردەوام تۆ دەسپێشخەر بیت نەک دژبەرەکەت. خەبات دەبێ بە گوێرەی شەرتومەرجی تۆ بچێتە پێش، نەک بە گوێرەی شەرتومەرجی دژبەرەکەت.
- لەبەر رۆشنایی ستراتیژی گشتیدا، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ رەوتی بەرەوپێشچوونی خەبات بکە.

**قۆناغی پێنجەم: ئاکامگیریی بەرەنگاری**

- دەسکەوتی خەبات چی بووە: سەرکەوتن، شکان، یان ئاوێتەیەک لە هەردووکیان؟
- پاش دواییهاتنی کێشە، هەڵسەنگاندن بۆ چالاکییەکان بکە و، پلان بۆ خەباتی پاشەرۆژ دابرێژە.

ئەوانەی لەسەرەوە هاتن، تەنیا مەرجە سەرەتاییەکانی سەرکەوتنی خەباتێکی ناتوندوتیژانەن، بەڵام لەبەرچاوگرتنیان بەرێژەیەکی زۆر دەبێتە هۆی وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەبات و تێکۆشان.

**وەرگێڕانی: رێبوار کەریمی**

---



ئازاد وەڵەدبەگی

# کورد و کۆتایی سەردەمی سازان لە عێراق

دوابەدوای رووخانی رژێمی بەعس، بەهۆی لاوازی و کەمئەزموونیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، ئامادەیی بەرفراوانی ئەمەریکا لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی عێراق و یەکگرتوویی لایەنە کوردییەکان، کورد توانی جۆرێک لە سازانی نەنووسراو لەناو سیستەمی سیاسیی عێراقدا بچەسپێنێ. بەرە بەرە لە ئەنجامی فراوانبوون و قووڵبوونەوەی کێشە سیاسی- یاساییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هێرشی داعش، لاوازبوونی ئامادەیی ئەمەریکا لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی، پەرەسەندنی هەژموونی شیعە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی عێراق، پەرشوبڵاویی ناوماڵی کورد و هتد، دەرفەتێکی باش بۆ حکومەتی عێراق هاتەئاراوە کە هەنگاو بە هەنگاو خۆی لە ژێر باری ئەو سازانە بدزێتەوە.

رووداوەکانی چەند مانگی رابردوو، بە تایبەت پاش ریفراندۆم و شکستی 16ی ئۆکتۆبەر، سەپاندنی سزاکان بەسەر هەرێمی کوردستاندا، نەناردن و کەمکردنەوەی پشکی کورد لە بودجەی عێراق بۆ 12.65% و گوێنەگرتنی سەرۆکوەزیران عەبادی و هێز و لایەنە عەرەبییەکان و بە تایبەت شیعەکان لە خواست و داواکارییەکانی کورد، ئەو راستییە دەسەلمێنن کە سەردەمی سازان لە عێراق کۆتایی هاتووە و چیدی نابێت کورد دڵ بە بنەمای سازان خۆش بکات و دەبێ بە دوای رێگەچارەیەکی جێگرەوەدا بگەڕێت. بەتایبەتی کە پرەنسیپی سازان بەهیچ جۆرێک لە دەستووری عێراقدا جێگیر نەکراوە و، تەنیا رێککەوتنێکی نەنووسراوی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق بووە کە بەپێی دۆخی سیاسیی ئەوکاتە لەسەری رێککەوتوون و، ئەمرۆ کە دۆخەکە لە قازانجی ئەوان گۆڕاوە، بەپێی بەرژەوەندییەکانیان و بە دوور لە بنەمای سازان، هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆخەکە دەکەن.

لە قۆناغی پۆست ریفراندۆمدا، مادام ئاسۆیەکی روون بۆ سەربەخۆیی لەئارادا نییە و، دۆخێکی وەها سەپێنراوە کە کورد ناچارە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، کەوابوو باشتر وایە کورد لە چوارچێوەی عێراقدا خۆی رێکبخاتەوە و یاری بکات. کورد دەبێ هەوڵ بدات پاش هەڵبژاردن نەخشەرێگەیەکی تۆکمە و بەرفراوان بە دوو ئاراستە دابنێت و چیدی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق پاسیڤ نەبێت و پاشکۆی هێز و لایەنەکانی دیکە نەبێت، بەڵکوو هەوڵ بدات ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر و گرنگ و خاوەن رۆڵ لە داهاتوودا. ئەمەش بەوە دێتە دی کە سەرەتا هەموو هێز و لایەنە کوردییە براوەکانی هەڵبژاردن لە یەک فراکسیۆنی پەرلەمانیدا یەک بگرن و، پاشان هەوڵی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ژمارەیەک لە فراکسیۆنە شیعە و سوننەکان بدەن و، هەوڵ بدەن ببنە فراکسیۆنی زۆرینە یان لانیکەم ببنە یەک لە فراکسیۆنە گەورە و بڕیاربەدەستەکان لە پەرلەمانی عێراقدا.

کورد ئەگەر بتوانێ بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەندێک لایەنی شیعە و سوننە، فراکسیۆنێکی بەهێزی پەرلەمانی پێکبهێنێ، ئەوا دەتوانێ خۆی لەو پەراوێزخستنە رزگار بکات، چونکە سەردەمی سازان لە عێراق کۆتایی هاتووە و، ئەوەی کە دەتوانێ کاریگەری دابنێت دروستکردنی زۆرینەیەکی پەرلەمانییە. بەپێی راڤەکردنێکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ساڵی 2010، بۆ دەستەواژەی پاڵێوراوی ئەو فراکسیۆنەی زۆرترین ئەندامی هەیە کە لە ماددەی (76/یەکەم)ی دەستووردا هاتووە، مەبەست لە فراکسیۆنی زۆرینەی ژمارەیی، ئەو فراکسیۆنەیە کە لەژێر قوببەی پەرلەماندا دروست دەبێت و زۆرترین ئەندام لەخۆ دەگرێت. هەر بۆیە ئەمە دەرفەتی هاوپەیمانێتی بۆ فراکسیۆنە کوردییەکان دەرەخسێنێ کە بە سەرنجدان لەو پەرشوبڵاوییەی لەناو ماڵی شیعە و سوننەیشدا هەیە، ئەم دەرفەتە لە ئارادایە و کورد دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت و لەگەڵ ژمارەیەک لەو فراکسیۆنانە ببێتە هاوپەیمان.

هەربۆیە، لە دۆخی ئێستادا وا باشە کورد بۆ خۆی دەستپێشخەر بێت و خاوەن پرۆژەی خۆی بێت، نەک ببێتە بەشێک لە پرۆژەی خەڵکانی دیکە و چاوەڕوانی ئەوە بکات لایەنە سیاسییەکانی دیکە خێری پێبکەن و بیکەنە بەشێکی لاوەکی لە پرۆژەکانی خۆیان. واتە کورد دەبێ هەوڵ بدات لەژێر ناوی پرۆژەی عێراقی، هەم ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی بەدی بهێنێ و هەم ببێتە بەشێک لە پرۆژەیەکی گەورەتری نیشتمانی لە چوارچێوەی عێراقدا، بۆ ئەوەی بتوانێ سەرنجی لایەنە عێراقییەکانی دیکە رابکێشێ و بتوانن هاوپەیمانێتییەکی هاوسەنگ و سوودبەخش پێکبهێنن.

**ماستەر لە یاسای گشتی**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# گوڵستان پەیوەندیە سۆزداریەکەی شڤان ئاشکرادەکات

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





